# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٤٨
سێشەممە
٢٠١٠/٩/٧
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net




جەژنتان پیرۆزبێت

# پارتی: یان یاسایەکی نوێ، یان هەمووارکردنەوە

## سامان فەوزی: توندکردنی سزاکان، تاوانەکانی ڕۆژنامەنووسی کەمناکاتەوە




دەستوور

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی ڕایگەیاند حیزبەکەی دەیەوێت یاسای ڕۆژنامەگەری هەمواربکرێتەوە، یان یاسایەکی نوێ دەربکرێت، دەڵێت بەردەوامیشدەبن لەتۆمارکردنی داوای یاسایی لەسەر ڕۆژنامەکان، پسپۆڕێکی یاسای ڕۆژنامەگەریش دەڵێت، نابێت هەموارکردنەوەی یاسای ڕۆژنامەگەری لەپێناو توندکردنی سزاکاندا بێت.

محەمەدی مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی دەستوور، ئاشکرایکرد کەپارتی دەیەوێت یاسای ڕۆژنامەگەریی کوردی هەمواربکرێتەوە، یان یاسایەکی نوێ جێگەی ئەو یاسایە بگرێتەوە.

لەکاتێکدا دوو هەفتە لەمەوبەر نێچیرڤان بارزانی لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا لەژمارە (٢٣٨)دا ڕایگەیاند پارتی پاشەکشەی لەیاسای ڕۆژنامەگەری نەکردووەو دەڵێت "بێ هیچ گومانێک پارتی بەنیاز نییە پاشەکشەبکات لەیاسای ڕۆژنامەگەری".

محەمەد مەلا قادر وتی "دەمانەوێت یاسایەکی نوێ دابنرێت، لەیاسا نوێیەکەدا مافی ڕۆژنامەنووسانو مافی خەڵکیش ڕەچاوبکرێت، چونکە ئێمە پێمانوایە یاساکەی ئێستا ناتەواوە، هەندێک مەسائیل باس نەکراوە، بۆیە دەبێت یاسایەکی تەواو دابنرێت بۆ ڕۆژنامەنووسانو ئسوڵی خۆی هەبێت".

ئەوەشی وت "دەبێت ئازادی بۆ ڕۆژنامەنووسانو بۆ خەڵکیش هەبێت، نابێت ئازادی تەنیا بۆ ڕۆژنامەنووسان هەبێتو بەئارەزووی خۆی کاربکات".

لەلایەکی ترەوە لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی دەستوور، د. سامان فەوزی پسپۆڕی یاسای ڕۆژنامەگەریو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕوای وایە توندکردنی سزاکان لەیاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەوانیدا، تاوانەکانی ڕۆژنامەوانی کەمناکاتەوەو ڕۆژنامەوانیش لەو فەوزایە دەرناکات کەتێی کەوتووە.

د. سامان ئاماژە بەو نیەتە دەکات کەدەیەوێت مەودای ئازادی ڕادەبڕین تەسکبکاتەوە، وتی "پێدەچێت ئێستا ڕۆحیەتیەک هەبێت، لایەنگری ئەوەبن کەمێک بەرەو توندترکردنو داخستنی دەرگاو پەنجەرەکانی سەر ئازادی بن".

محەمەدی مەلا قادر ڕایگەیاند کەتۆمارکردنی داوا یاساییەکان بڕیاری حیزبە، دەڵێت هەر سەرپێچییەکی یاسایی بکرێت، پارتی داوا تۆماردەکات، وتی "نازانین ئەو داوا یاساییانەی لەدژی ڕۆژنامەکان تۆمارمانکردوون، گەیشتوونەتە کوێ؟ چونکە ئەو دۆسییەیانە پارێزەری خۆی هەیەو بەدواداچوونی بۆ دەکاتو کاری لەسەر دەکات".

هەروەها وتی "بەردەوامدەبین لەسەر داواکانمان، ئەو لایەنانە دەدرێنە دادگاو دادگا یەکلاییدەکاتەوە، دادگا چ بڕیارێک بدات ئەوە پەسنددەکرێت".



# موسا سەدر زیندووە!

14 «

# ئۆپۆزیسیۆن شێوازی کارکردنی دەگۆڕێت

پ. دەستوور

بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە دوای دوو مانگ لەپشوودان، دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەستپێبکاتەوە، ئەندامانی لیستە ئۆپۆزیسیۆنەکانیش ڕایدەگەیەنن لەم خولەی پەرلەماندا شێوازی کارکردنیان دەگۆڕن.

کاردۆ محەمەد ئەندامی پەرلەمان لەفراکسیۆنی گۆڕان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئێمە دەمانەوێت لەم خولەدا زیاتر چاودێری کارەکانی حکومەت بکەین".

سەرگوڵ قەرەداخی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی کۆمەڵ لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، دەڵێت بۆ ئەم خولە زیاتر خەریکی چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەتو ئەو پرۆژانە دەبن، کە لەبودجەی ساڵی ٢٠١٠دا بڕیاری لەسەر دراوە.

ڕاپۆرتێک لەلاپەڕە (٢)دا دەخوێنیتەوە

# بەرهەم ساڵح بەڵێنەکەی بۆ خانەقین نەبردووەتەسەر

فەرمان خێلانیو ڕێبین

دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمیانەی سەردانێکیدا بۆ خانەقین بڕیاریدا لەبودجەی هەرێمی کوردستان ٧ ملیار دینار بۆ قەزای خانەقین سەرفبکرێت، بەڵام تا ئێستا چوار مانگ بەسەر ئەو بڕیارو سەردانەدا تێپەڕیوەو هێشتا هیچ لەو پارەیە بۆ خانەقین سەرفنەکراوە.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، چەند پرۆژەیەک لەبواری ئاوو ئاوەڕۆو قیرتاوکردنی کۆڵانەکانو بنکەی تەندروستیو قوتابخانە بەرزکراونەتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی لە ٧ ملیارەکە جێبەجێبکەن، کەچی تائێستا هیچ ئاماژەیەک بۆ جێبەجێکردنی نییە.



سەمیر محەمەد نور سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای خانەقین لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور دەڵێت دڵنیانییە لەجێبەجێکردنی بڕیارەکەی سەرۆکی حکومەت، وتی "چوار مانگ بەسەر بڕیارە مەبدەئییەکەی سەرۆکی حکومەتدا تێپەڕیوەو سستی لەجێبەجێکردنی بڕیارەکەدا هەیەو بەهیواین بەم زووانە بڕیارەکە جێبەجێبکرێت".

بەپێی بڕیارەکە ٥ ملیار دیناری بۆ مەرکەزی قەزاکەو ملیارێکی بۆ ناحیەی مەیدانو ملیارەکەی تریش بۆ ناحیەی قۆرەتوو سەرفدەکرێت.

# پارتی لایەنگرانی گۆڕانو یەکێتی دادەمەزرێنێت

تایبەت بەدەستوور

لەسنووری شاری سۆران پارتی دەیەوێت ئینتیمای سیاسیی لایەنگرانی گۆڕانو یەکێتی بگۆڕێت، لەڕێگەی دامەزراندنی کەسێک لەهەر خێزانێکی لایەنگرانی ئەو دوو حیزبە لەسلکی پۆلیسو پێشمەرگەدا.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستوور کەوتوون، پارتی دیموکراتی کوردستان لەڕێگەی ڕێکخراوە حیزبییەکانی خۆیەوە کار بۆ دامەزراندنی ئەو کەسانە دەکات کەسەر بەیەکێتی نیشتمانی کوردستانو تا ئێستا لەلایەن یەکێتیەوە پشتگوێخراونو هیچیان بۆ نەکراوەو دانەمەزراون، بەشێکیش لەو کەسانە دادەمەزرێنێت کە لەبێئومێدبوونیان لەیەکێتی چوونەتە ناو گۆڕانەوە، چونکە گۆڕانیش ناتوانێ دایانبمەزرێنێت.

بەوتەی سەرچاوەکە پارتی ئەو کەسانە لەسلکی پێشمەرگەو پۆلیس دادەمەزرێنێت، بەڵام کادیرانی خۆیان لەئاسایش دادەمەزرێنن.

ئەو سەرچاوەیە کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە وتی "پارتی بەو کارە دەیەوێت ئەو خانەوادانە لەخۆی نزیکبکاتەوەو دوای دامەزراندنیشیان ڕاستەوخۆ داوایان لێدەکات کەببن بەپارتی".

سەرچاوەکە وتی "ئەو شێوازی ئیشکردنەی پارتی سەرکەوتوودەبێت، چونکە بەشێک لەو کەسانە لەیەکێتی نیگەرانو بێئومێدبوون، بۆ بژێوی ژیانیشیان پێویستیان بەدامەزراندنە".

لیوا جەبار یاوەر ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، ڕایگەیاند ئاگاداری دامەزراندنی خەڵکی تازە بەپێشمەرگە نییە، وتی "لەئێستادا بەهیچ شێوەیەک دامەزراندن لەوەزارەتی پێشمەرگەدا نییە".

# ٣٠ کەس دەیانەوێت ببن بەسەرۆکی زانکۆ نوێیەکان

## تا دوای جەژن سەرۆکی زانکۆ نوێیەکان یەکلایی ناکرێنەوە




پێشبڕکێیە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی زانکۆ

محەمەد نەجیب لەسلێمانی

تائێستا ٣٠ کەس داخوازییان پێشکەشکردووە بۆ ئەوەی ببنە سەرۆکی زانکۆ نوێیەکانو بڕیاریشە دوای جەژن پۆستی سەرۆکی زانکۆ نوێیەکان یەکلاییبکرێنەوە.

کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم لەکاتی کردنەوەیەدا بڕیاری کردنەوەی چوار زانکۆی تریدا ئەوانیش زانکۆی گەرمیان لەکەلارو راپەڕین لەرانیەو لەگەڵ زانکۆی هەڵەبجەو سۆران، تائێستاش تەنیا بۆ ٣ زانکۆکەی سنووری پارێزگای سلێمانی ٣٠ کەس داخوازییان پێشکەشکردووە.

دکتۆر جەبار قادر راوێژکار لەئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور رایگەیاند "ئەو سێ زانکۆیەی چۆنیەتی وەرگرتنی سەرۆکەکانیان راگەیەندراوە، بریتین لەزانکۆی راپەرینو زانکۆی گەرمیانو هەڵەبجە، تائێستاش نزیکەی زیاتر لە ٣٠ کەس داخوازییان پێشکەشکردووە بۆ ئەوەی ببن بەسەرۆک زانکۆ، بەڵام تائێستا چاوپێکەوتنو هەڵبژاردنیان لەگەڵدا نەکراوە".

هەروەها ئەو وتی "پێدەچێت لەدوای جەژنی رەمەزانەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکرێت بۆ ئەوەی سەرۆکی ئەو سێ زانکۆیە دیاریبکرێن".

# سەرۆکی زانکۆی سلێمانی دەگۆڕدرێت



د. عەلی سەعید

محەمەد نەجیب لەسلێمانی

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست رۆژنامەی دەستوور کەوتوون، بڕیارە د. عەلی سەعید سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بگۆڕدرێتو دەنگۆی ئەوەش هەیە لەشوێنەکەی دکتۆرێکی تری هەمان زانکۆ دابنرێت، بەڵام یاریدەدەرێکی سەرۆکی زانکۆ دەڵێت بەشێوەیەکی فەرمی هیچ نووسراوێکمان لەو بارەیەوە پێنەگەیشتووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەگۆڕانکارییەکانی پۆستی راگرو سەرۆک بەشەکانی زانکۆی سلێمانی، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "بڕیارە لەچەند هەفتەیەکی داهاتوودا د. عەلی سەعید سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بگۆڕدرێت، بەڵام تائێستا بەروونی کەس دەستنیشان نەکراوە بۆ ئەو پۆستە، بەڵام قسە لەسەر ئەوە کراوە دکتۆرێکی تری زانکۆی سلێمانی شوێنەکەی بگرێتەوە".

دکتۆر نزار محەمەد یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بۆ کاروباری زانستی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "من هیچ شتێکم لەو بارەیەوە نەبیستووەو زانیاریم نییە لەسەری، چونکە ئێمە هیچ شتێکی فەرمیمان بۆ نەهاتووە لەبارەی گۆڕینی سەرۆکی زانکۆوە".

دکتۆر جەبار قادر راوێژکار لەئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "دەزگایەک ناتوانێت یەکسەر هەموو سەرۆکو راگرەکان بگۆڕیت، چونکە شتەکان تێکەڵدەبن، بۆیە من زانیاریم نییە لەسەر ئەوەی کەوەزارەت بڕیاری دابێت، بۆ نمونە دوای ٦ مانگ یا ساڵێکیتر ئەو سەرۆک زانکۆیانە بمێننەوە یان بگۆڕدرێن، بەڵام ئەمە دەبێت ببێتە نەریتێک کەپۆست بۆ هەتا هەتا نییە".

دکتۆر جەبار وتی دەمانەوێت وەکو زانکۆکانی دنیا ئاڵوگۆڕی سەرۆکو راگرەکان ببێت بەنەریت، کەپۆست بۆ هەمیشە نییە".

د. عەلی سەعید سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، لەدوای کۆچی دوایی د. محەمەد خۆشناو سەرۆکی پێشووتری زانکۆی سلێمانی لەساڵی ٢٠٠٥ ئەو پۆستەی وەرگرتووە.

# لەبارەی ئەو کۆمپانیایانەی خراونەتە لیستی رەشەوە، پارێزگاری کەرکوکو جێگرەکەی لێدوانی دژ بەیەک دەدەن

زانیار داقوقی

عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوکو راکان سەعیدی جێگری، لەبارەی ئەو کۆمپانیایانەی خراونەتە لیستی رەشەوە، لێدوانی دژ بەیەک دەدەن.

راکان سەعید لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی "ئەو کۆمپانیایانەی کە لەکەرکوک کەمتەرخەمبوونو ناوەکانیان بۆ وەزارەتی پلاندانان بەرزکراوەتەوە بۆ ئەوەی بخرێنە لیستی رەشەوە، لەلایەن ئەو وەزارەتەوە نەخراونەتە لیستی رەشەوە".

هەروەها وتی "ئێمە وەک ئیدارەی پارێزگای کەرکوک بەمەبەستی گەندەڵیو ساختەکاری ناوی چەند کۆمپانیایەکمان خستووەتە لیستی رەشەوە، بەڵام وەزارەتی پلاندانان گوێ بەداواکانمان نادەنو دووبارە لەلایەن ئەو وەزارەتەوە تەندەریان پێدەدرێتەوە".

عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوک، ئەوەی رەتکردەوەو وتی "ئەو کۆمپانیایانەی لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی عێراقەوە خراونەتە لیستی رەشەوە، رێژەیەکی زۆری کۆمپانیاکانی کەرکوکی تێدایە".

هەروەها وتی "زانیاریم لانییە چەند کۆمپانیای گەندەڵ کەکاری ساختەکاری دەکەن لەکەرکوکدا خراونەتە لیستەکەوە، بەڵام بەبەردەوام ناوەکانیان دەخەینە لیستی رەشەوەو زۆرترین رێژەی کۆمپانیاکان لەلایەن ئەو وەزارەتەوە خراونەتە لیستەکەوە".

لەماوەکانی رابردوودا، وەزارەتی پلاندانانی عێراقی ١٤٦ کۆمپانیای بەهۆی ساختەکارییەوە خستە لیستی رەشەوە لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا.

# پارتی تەنیا موچەی پێشمەرگەکانی سوپای بارزان زیاددەکات

تایبەت بەدەستوور

پارتی بەزیادکردنی تەنها موچەی پێشمەرگەکانی سوپای بارزان، پێشمەرگەی سوپاکانی تر نیگەراندەکات، ئەمینداری گشتی وەزارتی پێشمەرگەش دەڵێت موچە زیادنەکراوە، بەڵکو دوو سیستمی موچە هەیە لەناو هێزی پێشمەرگەدا.

سەرچاوەیەک لەفەرماندەی لەشکری کوردستان بەدەستووری راگەیاند لەگەڵ پێدانی موچەی پێشمەرگە وەکو مانگەکانی پێشوو موچەکانیان هەر وەکو خۆی بوو، بەڵام دواتر زانیویانە کەتەنها پێشمەرگەکانی سوپای بارزان هەر یەکەو بڕی ١٠٠ هەزار دیناریان بۆ زیادکراوە، ئەو بڕیارەش بۆ ئەم مانگەو مانگی پێشووش جێبەجێکراوە.

ئەو سەرچاوەیە کەنەیویست ناوی ئاشکرابکرێت وتی "ئێمە زۆر نیگەرانین لەو کارە، چونکە بۆ جیاوازی بکرێت لەنێوان پێشمەرگەکان لەکاتێکدا ئێمە هەموومان کوردینو هەمووشمان پێشمەرگەی پارتین، کەچی ئەو بڕیارە جیاوازی لەنێوان پێشمەرگەی سوپای بارزانو سوپاکەی تر دروستکرد".

مامەند مەمی خەلان فەرمانەدەی سوپای باڵەکی پارتی، وتی "موچەی ئێمە هەر وەکو خۆیەتیو نەشمانزانیوە موچەی ئەوان زیابووە یان نا، بەڵام بەشێک لەپێشمەرگەکانی سوپای بارزان بوونە زێرەڤانی، موچەی زێرەڤانیش لەموچەی پێشمەرگە زیاترە، بۆیە سوپای بارزانیش ئەوانەی تەدریبیان نەکردووە، پێمواپە موچەکانیان وەکو خۆیەتی".

لیوا جەبار یاوەر ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند موچە زیادنەکراوە، وتی "ئێمەش لەکوردستان دوو جۆر سیستمی موچەمان هەیە، یەکێکیان بۆ ئەوانەی کەسەر بەوەزارەتی بەرگری عێراقن، ئەوەی تریش پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو فەرماندەی لەشکری کوردستان لەخۆدەگرێت".

هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی بەفەرماندەی لەشکری کوردستان ناو دەبرێت کەپێکهاتووە لە ١١ فەرماندەیی هەر فەرماندەییەکیش دوو تا سێ سوپا لەخۆدەگرێت.

# بەهۆی فرۆشتنی پرسیاری تاقیکردنەوەوە، پێدەچێت وەزیری پەروەردە بانگهێشتی پەرلەمان بکرێت

مەعاز فەرحان

لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت کەلێکۆڵینەوە لەسەر ئاشکرابوونو فرۆشتنی پرسیارەکانی پۆلی ١٢ی بنەڕەتی دەکەن، ئەگەر پێویست بکات وەزیری پەروەردە بانگهێشتی پەرلەمان دەکەن.

د. دانا سەعید سۆفی پەرلەمانتاری لیستی کوردستانیو ئەندامی لیژنەی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "لەلیژنەی پەروەردە لەپەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی خۆمان لەسەر ئەو بابەتە دەکەین، ئەو کاتەی کەگفتوگۆمان کرد، هەڵوێستی خۆمان رادەگەیەنین".

هەروەها وتی "ئەو کاتەی هەموو شتێک روونبووەوە، بەتەئکید هەڵوێستمان دەبێت، بێگومان بەدواداچوونی بۆ دەکەینو لایەنی جێبەجێکاریش بەکەمتەرخەم دەزانین".

پەیمان عەبدولقادر پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕانو ئەندامی هەمان لیژنە، ئاماژەی بەوەدا کەکۆبوونەوەیان کردووەو لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکانیش ئەو بابەتەیان باسکردووە، وتی "ئێمە هەرکێشەیەک کەهاووڵاتیان هەیانبێت، دەیگەیەنینە وەزارەتو گفتوگۆی لەسەر دەکەین".

پەیمان دەڵێت لەهەموو کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پەروەردە، دەڵێین کەپێویستە رێنمایی تایبەت دەربکەنو ئاگاداری ئەو جۆرە حاڵەتانە بن، ئەو شتانە نەهێڵن کەدەبنە گرفت بۆ خوێندکاران تا بەبێ کێشە تاقیکردنەوە ئەنجامبدەن.

ئەو وتی "ئەمڕۆ گەیشتینە ئەوەی کەوەزارەتی پەروەردە بە بەردەوامی رێنمایی خۆیان دەربکەنو ئەو مامۆستایانە لەرێگەی لێپرسینەوەو بەدواداچوونو دانانی لیژنەی ئینزیباتی، هەتاوەکو ئەو حاڵەتانە بنەبڕبکرێن، چونکە ئەمانە هەموو دەگەڕێنەوە بۆ شکاندنی پرۆسەی پەروەردەیی لەکوردستاندا".

پەرلەمانتارەکەی گۆڕان رایدەگەیەنێت ئەگەر ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەیان لاپەسەندنەبوو، ئەوا وەزیری پەروەردە بانگهێشتی پەرلەمان دەکەن.




سەفین دزەیی

دوای ئاشکرابوونی پرسیارەکانی وانەی پۆلی دوانزەی بنەڕەتی لەلایەن چەند مامۆستایەکەوە، ئاسایشی هەولێر بەپێی زانیارییەکانی دەستوور زیاتر لە ١٠ مامۆستای دەستگیرکردووەو تائێستاش لەژێر لێکۆڵینەوەدان.

ئیسماعیل بەرزنجی بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە لەو بارەیەوە بەدەستووری وت "ئەو پرسیارانە لەوەزارەتی پەروەردە نەفرۆشراوەو لەکۆنترۆڵ دەرنەچووە، بەڵکو کەموکورییەک هەبووە لەناو هۆڵەکانی تاقیکردنەوەدا، بۆیە ئێمە هیچ زانیارییەکمان نییە لەسەر ئەوە".

www.destur.net

# ئۆپۆزیسیۆن شێوازی کارکردنی دەگۆڕێت

## لەدەستپێکردنەوەی خولی نوێی پەرلەماندا شەڕ لەهۆڵی پەرلەمانەوە بۆ بەرۆکی حکومەت دەگوازرێتەوە



پەرلەمانتارێک: هەڵچوونەکان دامرکاونەتەوە، لەمەولا سەرقاڵی پڕۆژەکان دەبین

پ. دەستوور

بڕیارە ئەمرۆ سێشەممە دوای دوو مانگ لەپشوودان دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەستپێبکاتەوە، ئەندامانی لیستە ئۆپۆزیسیۆنەکانیش رایدەگەیەنن لەم خولەی پەرلەماندا شێوازی کارکردنیان دەگۆڕن.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمان لەساڵێکدا دوو خولی دەبێت، خولی یەکەم لەسەرەتای مانگی مارس دەستپێدەکاتو لەکۆتایی مانگی حوزەیران کۆتاییدێت، خولی دووەم لەسەرەتای مانگی ئەیلوولەوە دەستپێدەکاتو لەکۆتایی مانگی کانونی یەکەم کۆتاییدێت، بەو پێیەش پەرلەمان لەساڵێکدا ٤ مانگ لەپشوودا دەبێتو تەنیا ٨ مانگ کۆبوونەوەکان لەهۆڵی پەرلەماندا بەڕێوەدەچن.

لەماوەی پشووی پەرلەماندا سەرۆکایەتی پەرلەمان ٤٢ پرۆژە یاسای ئاراستەی لیژنەکان کردووە، کەخوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، لەو ٤٢ پرۆژەیە ١٦ پرۆژە یاسا دیاریکرا بۆ ئەوەی لەخولی تازەی پەرلەماندا پەسندبکرێت.

گرنگترین ئەو پرۆژە یاسایانەی بڕیارە لەم خولەدا پەسندبکرێن بریتیین لەپرۆژە یاسای پێکهێنانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم، دەستەی نەزاهە، پرۆژە یاسای خزمەتی گەنجان، ئاوەدانکردنەوەو خزمەتکردنی گوندەکان، داواکاری گشتی، پرۆژە یاسای قەدەغەکردنی کاری حیزبی لەناو هێزە چەکدارەکاندا، یەکگرتنەوەی دەزگاکانی ئاسایشو چاودێری، زیادکردنی موچەی ئاسایشو پۆلیس، رێکخستنی خۆپیشاندان، قەرەبووکردنەوەی راگیراوان بەپاساوی یاساییو پرۆژە یاسای پێشینەی هاوسەرگیری بۆ لاوان.

لەو ١٦ پرۆژەیەی لەبەرنامەی کاری پەرلەمانە پرۆژە یاساکانی زیادکردنی موچەی ئاسایشو پۆلیس، بایەخدان بەگەنجانو رێکخستنی خۆپیشاندان لەلایەن فراکسیۆنی گۆڕانەوە پێشکەشکراوە، پرۆژە یاساکانی قەرەبووکردنەوەی راگیراوان بەپاساوی یاساییو پرۆژەی پێشینەی هاوسەرگیری بۆ لاوان لەلایەن فراکسیۆنی کۆمەڵەوە پێشکەشکراوە.

لەخولی پێشووی پەرلەماندا لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان بەردەوام لیستی کوردستانیان تۆمەتباردەکرد بەرەتکردنەوەی ئەو پرۆژە یاسایانەی کە لەلایەن فراکسیۆنە ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە پێشکەشدەکرا.

فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی رایدەگەیەنێت لەبەرئەوەی لەخولی پێشووی پەرلەماندا زۆرینەی ئەو پرۆژە یاسایانەی پێشکەشیانکردووە لەلایەن لیستی زۆرینەوە رەتکراوەتەوە، دەیانەوێت لەم خولەدا شێوازی کارکردنیان بگۆڕن.

سەرگوڵ قەرەداخی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی کۆمەڵ لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، دەڵێت بۆ ئەم خولە زیاتر خەریکی چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەتو ئەو پرۆژانە دەبن، کە لەبودجەی ساڵی ٢٠١٠ بڕیاری لەسەر دراوە.

سەرگوڵ قەرەداخی وتی "وەک لیستە ئۆپۆزیسیۆنەکان هەست بەوەدەکەین ئەو پرۆژانەی کەئێمە پێشکەشیدەکەین، بەجۆرێک لەجۆرەکان رەتدەکرێنەوە".

کاردۆ محەمەد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت ئەرکی سەرەکی پەرلەمانە لەخولی نوێدا ئەو پرۆژە یاسایانە پەسندبکات کەخوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.

کاردۆ محەمەد وتی "ئێمە دەمانەوێت لەم خولەدا زیاتر چاودێری کارەکانی حکومەت بکەین".

حەمە سەعید حەمەعەلی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی یەکگرتوو پێیوایە ئەم خولەی پەرلەمان جیاوازدەبێت لەخولی پێشوو، وتی "ئەو حاڵەتە ناسروشتییەی کە لەنێوان هەندێک لایەنی ئۆپۆزیسیۆنو دەسەڵات هەبوو، پێدەچێت نەمێنێت، بەهۆی زیاتر ئاشنابوون بەکارەکانی یەکتر".

د. رۆژان عەبدولقادر ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی کوردستانی پێیوایە ئەو تەشەنوجەی لەخولی پێشووی پەرلەماندا لەنێوان فراکسیۆنەکاندا هەبووە، لەئەنجامی قۆناغی هەڵبژاردنەوە بووە کەلیستەکان بەهەمان حەماسەتی هەڵبژاردنەوە هاتنە ناو هۆڵی پەرلەمانەوە، وتی "بەڵام ئەو هەڵچوونە ئێستا دامرکاوەتەوەو هەموومان سەرقاڵی پرۆژەکانین، خۆمان ئامادەدەکەین بۆ خولی نوێی پەرلەمان".

# سەندیکای پارێزەران خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە

ڕێبوار جەلال

سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بڕیاریداوە خۆی هەڵوەشێنێتەوە، ئەگەر لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەی بەڕێوەبەرایەتی بانکی خانوبەرەی هەولێردا نەکرێت، کەدەستدرێژیانکردبووە سەر پارێزەرێکو لێیاندابوو، دواتریش بۆ ماوەی دووکاتژمێر دەست بەسەرکرابوو لەلایەن زێرەڤانییەوە.

وریا سعدی نەقیبی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان ئاماژەی بەوەدا سەندیکا لەرۆژێک دوای ڕووداوەکە واتە ٩/٣/ کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانی سەندیکا پارێزەران لقی هەولێر ئەنجامداوەو سکاڵای تۆمارکردووە، لەگەڵ پارێزگای هەولێریش کۆبوونەوەی کردووە. وتی "لیژنەی لێکۆڵینەوەمان پێکهێناوە، چونکە دەستدرێژیکردنە سەر پارێزەر لەکاتو شوێنی کارکردنیدا، وەک ئەوە وایە دەستدرێژی کرابێتە سەر دادوەر بەپێی یاسای پارێزەرانی کوردستان".

پارێزەر ئومێد عەبدولسلام قادر بەشداربووی کۆبوونەوەکە، وتی "هەڕەشەی ئەوە کراوە ئەگەر هەڵوێست وەرنەگیرێت، ئەوا سەندیکا روبەڕووی داخران دەبێتەوە، دەبێت لەزووترین کاتدا ئیجرائاتی یاسایی بکرێت".

سامی عومەر ئەو فەرمانبەرەی بانکی خانوبەرە کە بەدەستدرێژیکردنە سەر پارێزەرەکە تۆمەتبارە، ئاماژەی بەوەدا کەسکاڵای تۆمارکردووە لەسەر پارێزەرەکە، بەپاساوی ئەوەی پارێزەرەکە قسەی ناشیرینی پێوتوە لەشوێنی کارکرنیدا. وتی "بەڵام لەرێگەی ناسیاوێکمەوە دەمەوێت سوڵحی لەگەڵدا بکەمو سکاڵاکەم بکێشمەوە".

# دیالە فێڵی لەخانەقین کرد

## بەهۆی پەروەردەی دیالەوە سەرجەم خوێندکارانی پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندنگا کوردییەکانی سنووری قەزای خانەقین لەوانەی ئینگلیزیدا دەرنەچوون

فەرمانو ڕێبین

مامۆستایانو کەسوکاری خوێندکارانی خوێندنگە کوردییەکان دەڵێن پەروەردەی دیالە فێڵی لەخوێندکاران کردووە، بەئەنقەست پێی وتون لەوانەی ئینگلیزیدا لەسەر پرۆگرامە کۆنەکە وانەبخوێنن، بەڵام پرسیارەکانی بەکەلۆری لەپرۆگرامە نوێیەکەدا هاتووەتەوە، بەو هۆیەوە سەرجەم خوێندکاران لەو وانەیەدا دەرنەچوون.

جەعفەر محەمەد یەکێکە لەو باوکانەی کەنیگەرانە لەدەرنەچوونی کوڕەکەی لەتاقیکردنەوەی ئینگلیزیدا، وتی "پەروەردەی خانەقین فێڵیان لەمنداڵەکانمان کرد".

جەعفەر وتی ئەو فێڵە لەلایەن کۆنە بەعسییەکانی پەروەردەوە کراوەو تەنها مەبەست لێی کەوتنی رۆڵەی کوردەو هیچیتر"

لەقەزای خانەقین ٣١ خوێندنگای ئامادەییو ناوەندی لەشاری خانەقینو ١٨ خوێندنگای ئامادەییو ناوەندی لەجەلەولاو ١٣ خوێندنگای ئامادەییو ناوەندی لەسەعدییە هەن. لەو ژمارەیە ٣ خوێندنگای ناوەندی کوردی هەیە، ٢ خوێندنگەیان لەناو شاری خانەقینو ئەوی تریان لەجەلەولایە، ئەم ٣ خوێندنگایە نزیکەی ٢٠٠ خوێندکاری کوردی تێدایە.

دەرنەچوونی تەواوی خوێندکارانی پۆلی سێیەمی ناوەندی، بەڕێوەبەرانی ئەو سێ خوێندنگە کوردییە نیگەراندەکات، دەڵێن پەروەردەی دیالە فێڵی لێکردون. گومانیشدەکەن کەئەمە فێڵێک بێتو لەلایەن کۆنە بەعسییەکانەوە لەکوردەکانی ئەو ناوچەیە کرابێت.

شیرین ئەمین سەمین بەڕێوەبەری ناوەندی مژدەی کچان لەخانەقین کە بەزمانی کوردی دەخوێنن، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "لەکۆی ٣٩ خوێندکاری خوێندنگاکەمان کە بەشداری تاقیکردنەوەیان کردووە لەپۆلی سێیەمی ناوەندی، هیچیان دەرنەچوون".

م. شیرین ئەمین ئاماژە بەوەدەدات کە لەلایەن پەروەردەی خانەقینەوە دەستی دەستی بەخوێندکارەکانیان کراوەو هەرجارەو پێیانوتراوە لەمەنهەجێکدا تاقیکردنەوە ئەنجامدەدەن، دەڵێت ئەوان لەسەر قسەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لەسەر مەنهەجە کۆنەکە رۆیشتوون، کەچی پرسیار لەمەنهەجە تازەکەدا هاتووەتەوە.

دواتر وەک چارەسەر ١٥ رۆژ خول بۆ خوێندکارەکان کراوەتەوە لەسەر مەنهەجە تازەکە، بۆ ئەوەی لەخولی دووەمدا دەربچن، کەچی لە ٨/١٨ دووبارە لەپەروەردەی خانەقینەوە مامۆستایانی ئەو خوێندگانە ئاگاداردەکرێنەوە، کەتاقیکردنەوەی خولی دووەم پرسیارەکان لەمەنهەجە کۆنەکەدا دێنەوە.

م. شیرین ئەمین وتی "ئێستا ئێمەو خوێندکارەکانمان تووشی دوودڵیو دڵەڕاوکێ بووین، ئەم فێڵو گاڵتەپێکردنە بەخوێندکارانی دیراسەی کوردی، وا دەکات خێزانە کوردییەکان منداڵەکانیان لەخوێندنگا کوردییەکان دەربهێنن‌و بیانخەنە خوێندنگای عەرەبی".




م. کەمال محەمەد غولام سەرپەرشتیاری پەروەردەیی یەکەم لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی خانەقین لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت ئەوان لەسەر بڕیاری پەروەردەی دیالە رێنماییان داوەتە خوێندنگاکان، وتی "ئەم فێڵەی پەروەردەی دیالە لەخوێندنی کوردی بەدەستی ئەو کۆنە بەعسیانە تێدەگەین کە لەپەروەردەی خانەقینو دیالە باڵادەستنو بەکەیفی خۆیان دەیپێون".

ئەحمەد یوسف بەڕێوەبەری پەروەردەی خانەقین لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئۆباڵی کەوتنی ئەو خوێندکارانەمان لەئەستۆی پەروەردەی دیالەدایە، ئەگەر لەخولی دووەمیش دەرنەچن قبوڵی ناکەینو رێگەی تر دەگرینەبەر".

# نەوت قەیران دروستدەکاتو گاز قوڵیدەکاتەوە

## حکومەتی هەرێم ناتوانێت سیاسەتی نەوتیو گاز لەقەیران دەربهێنێت

کاروخ نامیق

هەواڵی ناردنەدەرەوەی گازی هەرێم تەنگەژەیەکی تری ڕووبەڕووی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم کردەوە، وەزارەتی نەوتی عێراق گرێبەستی حکومەتی هەرێمو کۆمپانیا ئەڵمانییەکەی بەنایاسایی ناوبرد.

دوو هەفتە لەمەوبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنێکی هاوکاری لەگەڵ گرووپی کۆمپانیاکانی RWEی ئەڵمانیدا واژۆکرد، بۆ پەرەپێدانو دابەشکردنی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان، دواتر هەناردەکردنی بەرهەمی زیادەی ناوخۆ بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا لەچوارچێوەی پرۆژەی نابۆکۆدا.

نابۆکۆ پرۆژەیەکی تایبەتە بەگواستنەوەی گازی وڵاتانی سەر دەریای قەزوین بۆ ئەوروپا لەڕێگەی وڵاتی تورکیاوە.

### گاز قەیرانەکە قوڵتردەکاتەوە

دوای یەک ڕۆژ لەبڵاوبوونەوەی هەواڵی گرێبەستەکەی حکومەتی هەرێم، وەزارەتی نەوتی عێراق لەبەیاننامەیەکدا ئەو گرێبەستی حکومەتی هەرێمی لەگەڵ کۆمپانیای RWE مۆریکردووە بۆ گواستنەوەی گازی هەرێمی کوردستان بەنایاسایی داوەتە قەڵەم.

حکومەتی عێراق جەخت لەوە دەکاتەوە دەبێت هەرچی نەوتو گازە لەڕێگەی کۆمپانیای نەوتی سۆمۆوە بفرۆشرێت، داهاتەکەشی بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی ناوەندو بەپێی مادەی ١١٢ی دەستوور بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووان بەسەر هاووڵاتیانی عێراقدا دابەشبکرێت.

لەبەیاننامەکەی وەزارەتی نەوتی عێراقدا هاتووە هەر بەڵێنێک بدرێت بۆ هەناردەکردنی گاز، لەڕێگەی بۆرییەکانی نابۆکۆوە، هیچ بەهایەکی نییەو سەرجەم ئەو گرێبەستو ڕێککەوتنانەش لەدەرەوەی کۆمپانیای سۆمۆ مۆردەکرێن نایاساییە.

کۆمپانیای سۆمۆ کۆمپانیایەکی بواری نەوتە، تایبەت بەفرۆشتنی نەوتی عێراقو هەناردەکردنی نەوتی خاوو بەرهەمەکانی بۆ دەرەوە.

هاوکات باس لەوەشکراوە کە لەپاڵ هەناردەکردنی گاز، بەهەموو شێوەیەک هەناردەکردنی نەوتی خاوو بەرهەمەکانی قەدەغەیەو هیچ لایەنێک ناتوانێت ئەو کارە بکات.

لەوەڵامی بەیاننامەکەی وەزارەتی نەوتی عێراقدا، فەلاح مستەفا سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم لەلێدوانێکدا کەماڵپەری حکومەت لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاویکردەوە، دەڵێت "ئێمە چاوەڕوانی ڕێنوێنی لەوەزارەتێکی بێ بەرهەمو



ئاشتی هەورامی

سەرنەکەوتووی وەک وەزارەتی نەوتی عێراق ناکەین، ئەو وەزارەتە لەچەند ساڵی ڕابردوودا بەملیارەها دۆلاری ئەمریکایی لەموڵکی گەلانی عێراق بەفیڕۆداوە، بێئەوەی بتوانێ بچوکترین خزمەتگوزاری پێشکەش بەبواری وزەو کەرتی کارەباو سوتەمەنی لەعێراقدا بکات".


بایەزید حەسەن ئەندامی پێشووی لیژنەی نەوتو گاز لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت پێویست بوو حکومەتی هەرێم سەرەتا کێشەی گرێبەستە نەوتییەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق چارەسەربکردایە، دواتر گرێبەستی ناردنەدەرەوەی گازی ئەنجامبدایە.

### یاسای نەوتو گاز دەتوانێت کێشەکە چارەسەربکات

لەخولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گفتوگۆیەکی زۆرکرا لەبارەی دەرکردنی یاسای نەوتو گاز، کەدەبوو لەکۆتایی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٧ ئەو یاسایە لەئەنجومەنی نوێنەران پەسند بکرایە، بەڵام بەهۆی ململانێی قەوارە سیاسییەکانەوە تا ئێستا یاساکە پەسند نەکراوە.

بایەزید پێیوابیە تەنیا چارەسەرێک بۆ کێشەی نەوتی نێوان حکومەتی هەرێمو بەغداد پەلەکردنە لەدەرکردنی یاسایی نەوتو گاز، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیو هەرێمەکان دیاریبکرێت، لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن بەنەوتو ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکان.

ڕێبوار کەریم مامۆستای زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سلێمانی، بڕوای وایە دەرکردنی یاسای نەوتو گاز لەعێراق کێشەکان چارەسەردەکات، وتی "بەڵام لەبەرئەوەی



حسێن شەهرستانی

ئێستا ئەو یاسایە نییە، هەرشتێک دەکرێت بەسەرپێچی یاسا لێکدەدرێتەوە".

بەڵام لەتیف مستەفا پێیوابیە ئەگەر یاسای نەوتو گازیش دەربچێت ئەو کێشانە هەر دەمێنێت، وتی "دەبێت هەرێمو ناوەند بڕیاربدەن کامەیە کێشەکانی نێوانیان لەبارەی نەوتەوە، کامە دەسەڵاتی هەرێمە بەپێی دەستوور، هەروەها پەیمانبدەن ئەگەر هەر کێشەیەکیان بۆ دروستبوو، پەنابەنەبەر لایەنێکی سەربەخۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کەباشترین لایەنیش دادگای فیدراڵییە".

### دەستوور سیاسەتی نەوتی ڕوننەکردووەتەوە

بەهۆی ئاڵۆزی بەندەکانی دەستوورەوە، شارەزایانی بواری یاساو دەستوورو لایەنە سیاسییە ناکۆکەکان لێکدانەوەی جیاجیا بۆ بەندەکانی دەستوور دەکەن. هەرلایەک بەپێی رای خۆی یان بەرژەوەندی خۆی دەقەکان شیدەکاتەوە.

حکومەتی هەرێم دەڵێت هەرێمەکان مافی مۆرکردنی گرێبەستو دەرهێنانو هەناردەکردنی نەوتی هەیە، بەڵام حکومەتی ناوەند دەڵێت سیاسەتی نەوت مەرکەزییەو هەرێمەکان ئەو مافەیان نییە.

ڕێبوار کەریم وتی "بەپێی دەستوور دەسەڵاتی ناوەندی بەرپرسە لەفرۆشتنی نەوت لەو کێڵگانەی پێش ساڵی ٢٠٠٥ هەبوون، بەڵام بۆ ئەو کێڵگانەی دوای ٢٠٠٥ دۆزراونەتەوەو نەوتیان لێدەردەهێنرێت، قسەی لەسەرەو گفتوگۆی دەبێت لەسەر بکرێت".

توانا ئەحمەد ڕاوێژکاری ڕۆژنامەوانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، دەڵێت حکومەتی هەرێم بەپێی دەستووری عێراقو یاسای نەوتو گازی هەرێمی کوردستان، مامەڵەی لەگەڵ کەرتی نەوتدا کردووە، وتی "ئەم کارکردنەی حکومەت وایکردووە کەرتی نەوت لەکوردستاندا کەپێشتر پەراوێزخرابوو ئێستا توانیویەتی گەشەبکات".

بەڵام لەتیف مستەفا پسپۆڕی یاسای دەستووریو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران، دەڵێت بەپێی دەستووری عێراق هەموو بازرگانییەکی دەرەکیو مۆرکردنی گرێبەست لەدەسەڵاتی حکومەتی ناوەندە.

لەتیف مستەفا ئاماژە بەوە دەدات دەستووری عێراق ڕێگەیداوە حکومەتی هەرێم، وەبەرهێنان لەبواری نەوتدا بکاتو پشکنینبکاتو بەدوای کێڵگەی نەوتو گاز بگەڕێتو گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا ئەنجامبدات، بەمەرجێک لەناوخۆی وڵات بێت.

بایەزید حەسەن وتی "تا کێشەی گرێبەستە نەوتییەکان چارەسەرنەکرێت، کێشەی نەوتو گازی نێوان حکومەتی هەرێمو بەغداد بەردەوامدەبێت".



کێشەی نەوت و گازی نێوان حکومەتی ناوەندو هەرێم بەردەوامە

# یەکشەممە تورکیا بەلایەکدا دەکەوێت

## هەوڵەکانی ئەردۆغان بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگی بەڵێ بەردەوامەو سێ پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکەی پەرلەمانیش سوورن لەسەر ڕەتکردنەوەی دەستوور

محەمەد عەلی کەمال

ڕۆژی ١٢ی ئەم مانگە ریفراندۆم لەسەر ئەو کۆمەڵە گۆڕانکارییە ئەنجامدەدرێت کە لەلایەن پارتی دادو گەشەپێدانەوە بەسەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیری تورکیا گەڵاڵە کرابوو.

دوای هەوڵێکی زۆری پارتەکەو گێرەو کێشەیەکی زۆر، توانرا لەکۆی ئەو ٣١ مادەیەی دەستوور کەئامادەکرابوو بۆ هەموارکردنەوە ٢٩ مادەیان بەپەرلەمانو دادگای دەستووریی تورکیادا تێبپەڕێنرێنو بخرێنە بەردەم جەماوەر.

هەرچەندە زۆرینەی زۆری هەریەک لەسێ پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکەی تورکیا (جەهەپەو مەهەپەو بەدەپە) هەریەکەیانو بەبیانوویەک دژی ئەو هەموارکردنەوانە دەوەستنەوە، بەڵام ئاکەپە سوورە لەسەر ئەوەی زۆرترین دەنگی بەڵێ بۆ ئەو پرۆژەیە کۆبکاتەوە.

هەریەک لەپارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)و پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) دژی مادە هەموارکراوەکانو داواکاری بەردەوامیان لەجەماوەری پارتەکانیان ئەوەیە کە بە (نەخێر) دەنگ بۆ پرۆژەکەی ئاکەپە بدەن.

هەرچی پارتی ئاشتیو یەکسانی (بەدەپە)ی گەورەترین پارتی کوردی نێو پەرلەمانی تورکیایە، بەبیانووی ئەوەی هەموارکردنەوەی ئەو مادانەی دەستوور زامنی هیچ یەکێک لەمافەکانی گەلی کورد لەو وڵاتە ناکات، داوا لەهاووڵاتیانی کوردی تورکیا دەکات بایکۆتی چوون بۆ ریفراندۆم بکەن، تا ئەو کاتەی هەموارکردنەوەیەک بەفەراهەمکردنی مافەکانی گەلی کوردەوە دێتە ئاراو چارەسەری کێشەکەیان دەکات.

وەفدێکی باڵای ئەو حیزبە کەئێستا لەهەرێمی کوردستانن بۆ وەرگرتنی رای سەرکردایەتی کورد لەهەرێمی کوردستان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەبارەی پرۆسەی ئاشتی، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەیان بەوەدا کەئەوان سوورن لەسەر بایکۆتکردنی ریفراندۆمی دەستووریی.

ئاڵتان تان ئەندامی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی، بەڕۆژنامەنووسانی وت "لەگەڵئەوەی چەندین ساڵە شەڕ بەردەوامە، بەڵام ئێمە وەکو گەلی کورد لەتورکیا بەردەوام هەوڵو خەباتمان بۆ خستنەگەڕی ئاشتییە".

ئاڵتان سەبارەت بەوەی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی بایکۆتی ڕاپرسی لەسەر دەستوور دەکەنەوە، وتی "ئێمە




ئەردۆغان دەنگی زیاتر کۆدەکاتەوە

دەمانەوێت مافی کوردو ئەو پرۆسانەی پەیوەستن بەکوردەوە لەیاسای بنەڕەتیدا جێگیربکرێنو گۆڕانکاری ڕیشەیی لەدەستووردا بکرێت، تا ئەو گۆڕانکارییانەش نەکرێت دیموکراسی لەتورکیا بەرقەرار نابێت".

لەبارەی ئەو ڕێسایانەی لەلایەن دامەزاوەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیاوە بۆ ڕێکخستنی کەمپەینو پڕوپاگەندەکانی ریفراندۆم دانراون، دەڵێت جگە لەو شوێنانەی دامەزراوەکە دیاریدەکات هیچ لایەنێک بۆی نییە لەجێگایەکی دیکەدا کۆبوونەوەی داخراو یان کراوە ئەنجامبدات.

بەپێی بڕیاری دامەزاوەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیاوە، جگە لەو پۆستەرو ریکلامانەی کەتایبەتن بەهەڵمەتەکە، نابێت هیچ دیارییەک دابەشبکرێتو هەروەک نابێت پۆستەرەکان ئاڵای تورکیاو گوزارشتە ئاینییەکانیان لەسەر بێت. لەهەمووی سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە پۆستەرەکان نابێت بەزمانێک نووسرابن لەدەرەوەی زمانی تورکی. ئەمانەو چەندین یاساغی دیکە کە لەلایەن ئەو دامەزراوەیەوە بۆ ڕێکخستنی هەڵمەتەکانی ریفراندۆم دانراون.

ڕەجەب تەییب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیری تورکیا هیوای زۆری بەو ئەنجامانەیە کە لەسندوقەکانی دەنگدانەوە دەردەچن، پێیوایە مادە هەموارکراوەکان دەنگی "بەڵێ"ی گەلانی تورکیا بەدەستدەهێنن.

ئەردۆغان ڕایگەیاند "بارودۆخەکە بەرەو ئاقارێکی جیاواز دەڕواتو بەرەو "بەڵێ" هەنگاودەنێت، باوەڕموایە دەنگی بەڵێ لەسندوقەکانی ریفراندۆمەوە دێتە دەرێ".


هەروەک سەبارەت بەو دەنگانە کەمادە هەموارکراوەکانی دەستوور بەدەستیدەهێنن، ئایا ئاکەپە بەدەنگی خۆیان دەزانێو دەبێتە دەنگی متمانە بۆ دەرچوونەوەی ئەو پارتە لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتوودا، سەرۆک وزیری تورکیا وتی "ئێمە دەنگی متمانە لەکەس وەرناگرینو دڵنیایی ئەوەتان دەدەمێ کەوەک دەنگی پارتەکەی خۆمان لێکینادەینەوە".

هەمووان لەچاوەڕوانی ١٢ ئەیلولدانو لەو هەڵمەتە گەرموگوڕو بەردەوامو تاقەتپڕوکێنانەی کۆکردنەوەی دەنگی "بەڵێ"و "نەخێر" یاخود بایکۆتکردنی ریفراندۆمدان.

ئەحمەد تورک لەسەردانەکەیدا بۆ هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کەکێشەی کورد لەتورکیا پرسێکی گرنگە، وتی "دەمانەوێت ئەو کێشەیە بەئاشتی چارەسەر بکرێت".

# لە ٢٠ هەزار فەرمانبەر، تەنها نزیکەی هەزاری کوردن

## کۆمپانیای نەوتی باکوور بەهیچ جۆرێک گوێ لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ناگرێت


لە ١٧٠٠ فەرمانبەری تازە دامەزێنراو ٣٠یان کوردن

ئازاد زەنگنە لەکەرکوک

بەپێی ئەو زانیارییانەی ڕۆژنامەی دەستوور دەستی کەوتوون، کۆمپانیای نەوتی باکوور ٢٠ هەزار فەرمانبەری هەیە، کەزۆربەیان لەخواروو و ناوەڕاستی عێراقەوە هاتوون، بەڵام ڕێژەی فەرمانبەرە کوردەکان تەنها نزیکەی هەزار فەرمانبەر دەبن.

بەرپرسانی شاری کەرکوک رایدەگەیەنن کە لەدامەزراندنی فەرمانبەرانو کارەکانیاندا کۆمپانیای نەوتی باکوور بەهیچ جۆرێک گوێ لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ناگرێت، بۆیە کێشەی نێوان ئەو دوو لایەنە لەم ماوەیەدا رووەو خراپی رۆیشتووە.

لەکۆمپانیای نەوتی باکووردا ئەولەویەت زیاتر دراوە بەعەرەبو تورکمانەکان لەچۆنیەتی دامەزراندنیانو کارکردنیان لەو کۆمپانیایە، بەشێوەیەک زۆرینەی کوردەکان ئەوانەی بەگرێبەست کاردەکەن، دوای زیاتر لە ٥ ساڵ کارکردن تائێستا دانەمەزرێنراون، لەکاتێکدا بۆ عەرەبو تورکمانەکان تەنها دوای دوو ساڵی کارکردن بەگرێبەست دادەمەزرێنرێن.

ئەوەش درێژکراوەی بڕیارێکی رەگەزپەرستانەی حکومەتەکەی بەعسە کە لەچوارچێوەی سیاسەتی پاکتاوی نەژادیدا دژ بەکورد دەریکرد.

کامیلساڵەیی قایمقامی ناوەندی قەزای کەرکوک ئاماژەی بەوەدا کەکۆمپانیای نەوتی باکوورو بەپێی نووسراوی وەزارەتی نەوتی عێراقی، هەر قوتابییەکی بەکالۆریۆس دووساڵ خزمەتی گرێبەستی هەبێت، دواتر دەبێتە دامەزرێنراوی فەرمی، هەروەها بۆ قوتابیانی پەیمانگا بەسێ ساڵ دەبنە فەرمانبەری ئاساییو وتی "بۆ بڕوانامەکانی خواروتریش پێویستە پێنج ساڵ خزمەت هەبێت، پاشان دەبنە فەرمانبەر لەکۆمپانیایی نەوتی باکوور.

ساڵەیی وتی "هەرچەندە بڕیارەکە دەرچووەو جێگیرکراوە، بەڵام کەمترین ڕێژەی کوردی تێدایەو ئەوەلەویات دراوە بەعەرەبو تورکمانەکان".

وەزارەتی نەوتی عێراقی، بەبڕیارێکی حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوت عێراق، لە ٢٠١٠/٦/٢٧ بەبڕیاری ژمارە (٨٨٥٠) بڕیاری دامەزارندنی ٦٥٥ کەسیدا، بەڵام ڕێژەیەکی زۆر کەم لەو فەرمانبەرانە کوردبوون. بەڵام هەر زوو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەو بڕیارەی رەتکردەوە.

جوان حەسەن ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو بەرپرسی دۆسیەیی دامەزراندن لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، رایگەیاند لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا بەشێوەی زارەکی قسەی لەسەرکراوە. وتی "ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دژی ئەو بڕیارەن".

ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا بەکۆی دەنگ لەگەڵ رەتکردنەوەی ئەو بڕیارەبوون، چونکە وەزارەتەکانی عێراق بەگشتیو وەزارەتی نەوت بەتایبەتی لەکاتی دامەزراندنی فەرمانبەرو کارمەندانیدا هیچ راوێژێک بەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ناکات.

جوان وتی "ئێمە نووسراوی فەرمیمان ئاراستەی هەموو وەزارەتەکانی عێراق کردووە، دەبێت هەموو دامەزراندنێک بەهەماهەنگی بێت لەنێوان ئەنجومەنی پارێزگاو وەزارەتەکاندا، لەسەر ئەم مەسەلەیەش رێککەوتنی واژۆکراومان هەیە، بەڵام ئەوان پابەندنابن".

جوان حەسەن هۆکاری پابەندنەبوونی ئەو رێککەوتننامەیەی لەنێوان ئەنجومەنی پارێزگاو وەزارەتەکانی عێراقدا هەیە، بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لەعێراقدا دەستی سیاسی حیزبیو بیرۆکەی تایفەگەریەتی زاڵە بەسەر یاساو رێککەوتننامە جۆراو جۆرەکاندا، وتی "وەزارەتی نەوتی عێراقیش باشترین نمونەی ئەو راستیەیە".

لیژنەی دۆسییەی دامەزراندن لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بڕیارە دوای جەژنی رەمەزان کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەسەر ئەو پرسە لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا بکەن، دواتر بابەتەکە بهێننە ناو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بۆ ئەوەی ئەندامانی ئەنجومەن دەنگی لەسەر بدەن، وتی "بەدڵنیایشەوە سەرجەم قەوارەسیاسییەکانی نێو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک رەتی ئەو دامەزراندنانە دەکەنەوە، چونکە کەمترین ڕێژەی کەرکوکی تێدایە".

بەپێی ئەو ڕێژەو ئامارانەی لەسەرچاوەیەکی تایبەتەوە لەئەنجومەی پارێزگای کەرکوکەوە دەست دەستوور کەوتوون، تێکڕایی دامەزراندنەکانی کۆمپانیای نەوت لەکەرکوک لەم شاڵاوە دامەزراندنەی وەزارەتی نەوتی عێراقدا ١٧٣٠ فەرمانبەر بوون، کەدابەشکراون بەسەر چەند بەشێکی ئەو کۆمپانیایەدا، لەوانە ٦٥٥ فەرمانبەر لەکۆمپانیای نەوتی باکوور، هەروەها ٧٠٣ کەسی تر لەکۆمپانیایی بەرهەمەنەوتییەکان، ٨٠ کەسی تر لەکۆمپانیایی گازی باکوور دامەزراون.

هەروەها ٣٨٠ کەسی تر لەپاڵاوگەی نەوتی باکوور دامەزرێنراون. کە کەمترێن ڕێژەیان لەنەتەوەی کوردن.

لەئێستادا کۆمپانیای نەوتی باکوور زیاتر لە بیست هەزار (٢٠٠٠٠) فەرمانبەری هەیە، بەڵام تەنها کەمتر لە١٠٠٠ هەزار فەرمانبەری کوردە.

ئەو سەرچاوەیە وتی "لەکۆی دامەزراندنی ١٧٣٠ فەرمانبەر لەم ماوەیەدا تەنها ٢٢٧ فەرمانبەریان کەرکوکی بوون، لەنێو ئەوانیشدا تەنها ٣٠ کەسیان سەر بەنەتەوەی کورد بوون، تەواوی فەرمانبەرانی تریش کەتازە دامەزرێنراون سەر بەنەتەوەی عەرەبو تورکمانو خەڵکی کەرکوک نین".

کامل ساڵەیی قایمقامی قەزای ناوەندی کەرکوک بەدەستووری وت "لەهەنگاوێکی شۆڤینیانەی نادەستووریدا بەرپرسانی وەزارەتی نەوتو کۆمپانیایی نەوتی باکوور لەشاری کەرکوک هەستاون بەدامەزراندنی ئەو ڕێژە زۆرانەی فەرمانبەران بەبێ ئاگاداری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک".

ساڵەیی وتی "ئێمە لەقایمقامەوە لیژنەیەکمان دروستکرد بەمەبەستی دەستخستنی زانیاریو لێکۆڵینەوە، لەم شاڵاوە دامەزراندنەدا".

بەڕێوەبەری کۆمپانیایی نەوتی باکوور پێشتر بە بەرپرسانی شاری کەرکوکی راگەیاندبوو تەواوی ئەو کارمەندانەی تازە دامەزرێنراون پێشتر گرێبەستبوون، هۆکاری کەمی کورد لەڕێژەی دامەزراندنەکەش بەوتەی ئەوان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەقوتابیانو کارمەندانی کورد بەگرێبەست رازینابن، بۆیە پێشتر کوردەکان وازیان هێناوە.

بەڵام کامیل ساڵەیی قایمقامی کەرکوک هەموو ئەو قسانەی بە"ناپەسەند" زانیو وتی "بەڕێژەیەکی بەرچاو قوتابی کورد لەو بوارەدا هەن، بەڵام دانەمەزراون، بۆیە ئێمە نیگەرانینو ئەو دامەزراندنانەمان لاپەسەند نییە".

# "دادگای دەستووریی عێراق بەپێی دەستوور بەهەڵوەشاوە دادەنرێت"

## فەلاح مستەفا ئەمین پسپۆڕی بواری دادگای دەستووریی بۆ دەستوور

کاروخ نامیق

فەلاح مستەفا ئەمین پارێزەرو پسپۆڕی بواری دادگای دەستووریی لەچاوپێکەوتنێکدا کەرۆژنامەی دەستوور لەگەڵیدا سازیداوە، رایدەگەیەنێت کەئەو دادگا دەستوورییەی ئێستا لەعێراق بوونی هەیە، بەپێی دەستوور دەبێت هەڵبوەشێنرێتەوە، بۆیە بڕیارەکانی نادەستوورین، هاوکات کێشەی پێکنەهێنانی حکومەتی عێراق دەخاتە ئەستۆی ئەو دادگایە لەبەرئەوەی تەفسیری هەڵەیان بۆ بەندەکانی دەستوور کردووە، لەکاتی شیکردنەوەی ئەو مادەیەی دەستوور کەدەڵێت (کتلە نیابیە اکثر عددا) مافی پێکهێنانی حکومەتی هەیە.

فەلاح مستەفا دەڵێت ئەنجومەنی نوێنەران راستە نوێنەری خەڵکە، بەڵام هیچ گرەنتیەک نییە ئەو نوێنەرانەی کەهەڵبژێردراون لەلایەن خەڵکەوە مافەکانی خەڵک پێشێل نەکەن، لەبەرانبەر ئەو گومانەی کەهەیە، دادگای دەستووریی گرەنتیەکەو دڵنیاییەکە بۆ ئەوەی نوێنەرانی خەڵکو ئەنجومەنی نوێنەران دەسەڵاتی خۆیان نەبەزێنن، یاسایەک دەرنەکەن دژ بەدەستوور بێت، بۆ ئەوەی پێشەکیو ناوەڕۆکو کۆتایی دەستوور وەک خۆی جێبەجێبکرێت، دەبێت ئەو دادگا دەستوورییە هەبێت.

ئەو وتی "دادگای دەستووریی لەزۆربەی ئەو وڵاتانە هەیە کەدەستووری جامدیان هەیە، (دەستووری جامد واتا دەستوورێکە دەنووسرێتەوە لەچوارچێوەیەکی دیاریکراوداو دواتر هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە راپرسی لەسەر دەکەن، هەروەها لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە ناتوانرێت مادەکانی هەمواربکرێت، تەنیا دەبێت لیژنەیەکی دەستووری تایبەت هەبێت بۆ هەمواركردنی مادە یاساییەکانی)".

لەساڵی ٢٠٠٥ کاتێک (قانون ئیدارە دولە لمرحلە انتقالیە) لەسەردەمی ئەیاد عەلاوی دەرچوو، ئاماژە بۆ دادگایە کرا کەدادگای باڵای فیدراڵیان پێدەوت، دوای ئەوە یاسای ژمارە ٣٠ ساڵی ٢٠٠٥ دەرچوو بۆ دیاریکردنی ئیشو کاری ئەو دادگایە، ئەندامانی ئەو دادگایە لە ٩ ئەندام پێکهاتبوون، سەرەتا ٢٧ ئەندام لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو پەرلەمانی کوردستان دەستنیشاندەکران، دواتر ٩ کەسیان هەڵدەبژێدرانو لەلایەن سەرۆکی کۆمارەوە بڕیاریان لەسەر دەدرا.

فەلاح مستەفا وتی "تەبعی تایفی بەم کەسانەوە دیاربوو لەبەرئەوەی ئەو ٩ کەسە ٣ شیعەو ٣ کوردو ٣ سوونە بوون، ئەمە لەکاتێکدایە لەدەستووری عێراق دەڵێت، دەبێت دادگاکان سەربەخۆبنو هیچ کەسێک دەسەڵاتی نەبێت بەسەریانەوە".

ئەوکاتەی کەدەستووری هەمیشەیی نووسرایەوە لەراپرسییەکی جەماوەریدا پەسندکرا لەمادەی ٩٢ دووبارە ئاماژەی بەدادگای دەستووریی کردووە، لەو مادەیە دەڵێت، دەبێت دادگایەکی دەستووری لەعێراق دروستبکرێت لەکۆمەڵێک قازیو فوقەهایی یاساییو شەریعەی ئیسلامی، هەروەها ئیشو کاری ئەو دادگایە بەیاسایەک رێکدەخرێت.

ئەو پسپۆڕەی بواری دادگای دەستووریی رەخنەی ئەوە دەگرێت کەدەبوو جیا لەیاسای ژمارە ٣٠ ساڵی ٢٠٠٥ کە لەسەردەمی عەلاوی دانرا، یاسایەکی تازە دابنرایە بۆ رێکخستنی ئیشو کارەکانی ئەو دادگایە، وتی "بەڵام تائێستا چوار ساڵ بەسەر پەسندکردنی دەستوور تێپەڕیوە، ئەو یا سا یە دانەنراوە، ئەویش بەپاساوی ئەوەی نەگەیشتوونەتە ئەنجامێک بۆ دابەشکردنی ئەو ئەو قازیانەی ئیشوکاری ئەو دادگایە دەبەن بەڕێوە".



مانەوەی دادگای دەستووریی عێراق سەرپێچیکردنی دەستوورە

فەلاح مستەفا دەڵێت دادگای دەستووریی کەئێستا لەعێراق بوونی هەیە، لەدوای ئەوەی دەستووری عێراق راپرسی لەسەرکراو پەسندکرا، ئەو دادگایە دەبوایە هەڵبوەشێنرایەتەوە، بەڵام تائێستا کاری پێدەکرێت، وتی "ئەوەش سەرپێچیکردنی دەستوورە، چونکە دەستوور کەدانرا هەموو یاسایەک کەپێشتر هەبوونو پێچەوانەی بوون، دەبێت هەڵوەشێتەوە یان نەمێنێت دادگای دەستووریی عێراق دەبووایە یاسای تازەی بۆ دابنرایەو دادگاکەی پێشوو بەو پێکهاتەی ئێستا هەیەتی، دەبوایە هەڵبوەشایەتەوە".

ئەو دەڵێت بەپێی ماددەی ٩٢ لەدەستووری عێراق دەڵێت دادگایەک دروستدەکرێت لەکۆمەڵێک قازیو فوقەهای قانونو فوقەهای شەریعەی ئیسلامی پێکدێت، واتا بۆ خۆی دادگای پێشووی ئیلغاکردووەتەوە لەبەرئەوەی دادگای پێشوو لەکۆمەڵێک قازی پێکهاتبوو.

بەپێی یاسای ژمارە ٣٠ ساڵی ٢٠٠٥ سێ تایبەتمەندی دراوەتەوە دادگای فیدراڵی یەکێک لەوانە چاودێری یاساکانە، دووەم تەفسیرکردنی دەقەکانی دەستوورە، سێیەم چارەسەرکردنی ئەوکێشانەی کە لەنێوان حکومەتی هەرێمو مەرکەزدا هەیە، بەڵام لەدەستووردا هەشت تایبەتمەندی دراوەتێ.

لەبارەی ئەوەی لەبەرانبەر ئەو قەیرانەی ئێستا لەعێراق تێیکەوتووە، رۆڵو ئەرکی دادگای دەستووریی چی دەبێت، فەلاح مستەفا وتی "گریمان ئەو دادگاییەی ئێستا هەیە، ئیلغانەبووەتەوەو کارەکانی خۆی دەکات، هەرچەندە من سوورم لەسەر رای خۆم ئێستا ئەو دادگایە بوونی نییە، گریمان ئەو دادگایە بوونی هەیە، ئەو دادگایە هەندێک بڕیاری هەیە، بڕیارەکانی دەتوانم بڵێم یەک لایەن نییە، بڕیارەکانی سەربەخۆ نییە، کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو قەوارە سیاسیانەی بوونیان هەیە، لەدەستووردا باسی سەربەخۆیی دادگا دەکات، کەهیچ کەسێک دەسەڵاتی بەسەر ئەو قازییانەوە نییە کە لەو دادگایە کاردەکەن، بەڵام دەبێت ئەو پرسیارە لەئەندامانی ئەو دادگایە بکرێت، چۆن رێگەیاندا قەوارەیەک لەناو پەرلەمان دروستبکرێت، دوای سوێندخواردن ئەو قەوارەیە ببێتە گەورەترین قەوارەی پەرلەمانی، ئایا ئەندامانی دادگای دەستووریی کەئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان پەسندکرد، کەقەوارەی عێراقییەیان کرد بەگەورەترین قەوارەی پەرلەمانی، چۆن ئەو مافە دەدەن بەپەرلەمان جارێکی تر دوای سوێندخواردن قەوارەی تر دروستبکاتو ببێتە گەورەترین قەوارەی پەرلەمانی، ئایا ئەوە پێشێلکردنی دەستوورو دەسەڵاتەکانی خۆیان نییە؟".

# چیمەنتۆی ئێرانی بەرهەمی ناوخۆ پەکدەخات

## بەهۆی هێنانی چیمەنتۆی ئێرانی لەسنوورەکانەوە، کارگەکانی ناوخۆ بەرهەمەکانیان بۆ ناوەڕاستو باشووری عێراق دەنێرن

فەرمان خێڵانی لەسلێمانی

بەهۆی هاوردەکردنی چیمەنتۆی ئێرانیەوە، بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆ دەنێردرێن بۆ ناوەڕاستو باشووری عێراق، لەکاتێکدا ناتوانرێت کۆنترۆڵی جۆریەتی چیمەنتۆ هاوردەکراوەکە بکرێت.

**بەرهەمی ئێرانی چیمەنتۆی ناوخۆ ڕەوانەی ناوەڕاستو خواروو دەکات**

خاوەن کارگەکانی بەرهەمێنانی چیمەنتۆ لەهەرێمی کوردستان دەڵێن بەهۆی زیادبوونی بەرهەمەکانیانو بوونی چیمەنتۆیتر لەبازاڕەکانی کوردستاندا ناچارن چیمەنتۆکەیان بنێرن بۆ بازاڕەکانی ناوەڕاستو خوارووی عێراق.

ئاراس عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری کارگێڕی کارگەی چیمەنتۆی ماس لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژە بەوە دەدات ڕۆژانە بڕی شەش هەزار تۆن چیمەنتۆ بەرهەمدەهێنن لەڕۆژێکدا، دەڵێت ڕێژەی لە٦٥٪ی بەرهەمەکەیان لەهەرێم ساغدەبێتەوەو لە٣٥٪یشی دەنێرن بۆ ناوەڕاستو خوارووی عێراق.

لەهەرێمی کوردستاندا سێ کارگەی چیمەنتۆ هەیە، کارگەکانی (بازیان، تاسڵوجەو ماس) هەر سێ کارگەکە لەناحیەی بازیانو شارەدێی تەیناڵن لەسنووری پارێزگای سلێمانی.

حەسەن باقی سەرۆکی ژووری بازرگانی سلێمانی، ئاماژەی بەوەدا کە لەهەر سێ کارگەی چیمەنتۆی ماس، بازیانو تاسلوجە، ڕۆژانە ٢٥ هەزار تۆن چیمەنتۆ بەرهەمدەهێنرێت.

بەپێی ئامارە نافەرمییەکان لەمانگێکدا ١٢٥ هەزار تۆن چیمەنتۆ لەهەردوو مەرزی باشماخو حاجی ئۆمەرانەوە دێنە کوردستانەوە.

عەقید ڕۆستەم کۆکۆیی بەڕێوەبەری مەرزی باشماخ لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، ڕایگەیاند هەموو ڕۆژێک ١٥٠٠ بۆ ٢٠٠٠ تۆن چیمەنتۆ لەم مەرزەوە دێتە کوردستانەوە.

بەپێی ئامارێک کەپێش چەند ڕۆژێک بڵاوکرایەوە، لەماوەی چوار مانگی ڕابردوودا ٢٥٠ هەزار تۆن چیمەنتۆ لەخاکی ئێرانو لەسنووری حاجی ئۆمەرانەوە هاتووەتە کوردستانەوە.

عەبدولقادر عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری گشتی گومرگی هەرێم لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «هێنانی چیمەنتۆ لەوڵاتانی دەرەوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆیە، لەبەرئەوەی کارگەکانی خۆمان بەشی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی هەرێم ناکات».

بەڵام ئەندازیار عالیە تۆفیق بەڕێوەبەری تاقیگەی بیناسازی سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت «ئەگەر بەرهەمی چیمەنتۆی ئەو سێ کارگەیەی خۆمان نەنێرینە باشوورو خوارووی عێراق، ئەوا بەرهەمەکەیان پێداویستی هەرێم پڕدەکاتەوە».

**حکومەت لەکوالێتی چیمەنتۆی ئێرانی دڵنیانییە**

ئەندازیار عالیە تۆفیق بەڕێوەبەری تاقیگەی بیناسازی سلێمانی دەڵێت چاودێری بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆ دەکەن، بەڵام ناتوانن کۆنترۆڵی چیمەنتۆی هاوردە بکەن.

عالیە تۆفیق دەڵێت ماوەیەک پێش ئێستا کارگەی چیمەنتۆی بازیان کەموکوڕییەکیان هەبوو، مادەیەکیان زۆرتر کردبووە ناو بەرهەمی چیمەنتۆکەیانەوە، لەتاقیگە دەرنەچوو، وتی «بۆیە ئاگادارمانکردنەوەو چارەسەری کێشەکەیان کرد».

عالیە تۆفیق ئاماژە بەوەدەدات ماوەیەک لەمەوبەر ئەو چیمەنتۆیەی لەئێرانەوە دەهاتە ناو هەرێمەوە لەتاقیگە دەرنەدەچوو، بەڵام ئێستا باشکراوەو لەتاقیگە دەردەچێت، بەڵام ئەوە دڵنیایی نادات لەبارەی بەرهەمی هاوردەوە.

عالیە تۆفیق دەڵێت لەسنوورەکانی هەرێمی کوردستاندا کۆنترۆڵی کوالێتی نییە بۆ چیمەنتۆ، ئەوانیش ئەگەر چیمەنتۆیان بۆ نەبەن، ناڕۆن بۆ سنوورەکان بۆ پشکنین، وتی «بۆیە گەر بەو شێوەیەی پێشوو چیمەنتۆی خراپ بێتە هەرێمەوە، مەترسییەکی زۆر دروستدەکات لەسەر بیناکان».

ئەندازیار عومەر عینایەت دەڵێت چیمەنتۆی خراپ کاریگەرییەکی زۆر خراپ لەسەر بیناکان بەجێدەهێڵێت، وتی «بۆیە زۆر پێویستە لەسەر ئەندازیارانی سەرپەرشتیاری پرۆژەکان، هەروەها لەسەر فرۆشیارەکانی چیمەنتۆ کە بەهاووڵاتیان چیمەنتۆ دەفرۆشن، کە لەتاقیگەی بیناسازی سلێمانی پشکنینی زانستی بۆ چیمەنتۆکانیان بکەن، بۆ ئەوەی ئاگاداربن لەکوالێتیو باشیو خراپی چیمەنتۆکانیان».

ئاراس عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری کارگێڕی کارگەی چیمەنتۆی ماس دەڵێت پسپۆڕو شارەزای چینی لەگەڵ ئەندازیارە کوردەکاندا سەرپەرشتی بەرهەمهێنان لەکارگەکە دەکەن. وتی «کوالێتی چیمەنتۆی ئێمە زۆر باشەو بەستانداردی عێراقی بەرهەمیدێنین».

**ژینگە پیسدەکەن**

بەپێی پێوەرە ژینگەییەکان پێویستە هەر کارگەیەکی چیمەنتۆ حەوت کیلۆمەتر لەئاوەدانیەوە دوور بێت، بەڵام لەبازیانو تەیناڵ لەناو ئاوەدانیدا سێ کارگەی چیمەنتۆ هەیە.

ئاراس عەبدوڵڵا وتی «ئێمە حیسابمان بۆ ژینگە کردووەو فلتەرمان بۆ دوکەڵی کارگەکەمان داناوە، بەشێوەیەک کە بەڕێژەی لە١٠٠٪ لەسەدا سەد کۆنترۆڵی دوکەڵی کارگەکەی کردووە».

ئاراس دەڵێت بەهۆی ئەوەی تازە دەستیان بەکارکردووە، لەم ماوەیەدا کۆمپانیایەکیان ڕاسپاردووە کە بەشێوەیەکی مۆدێرن ئەو ناوچەیە سەوز بکەن.

شارەزایانی بواری ژینگە ئاماژە بەمەترسی دوکەڵی ئەو کارگانە دەکەن لەسەر مرۆڤو ئاژەڵو ڕووەکو خاکی ئەو ناوچانە.

ئارارات زەردەشتی جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، وتی «ئەو کارگانە مەترسیان زۆرە لەسەر ژینگەی ئەو ناوچانەو فلتەریان بۆ دوکەڵی کارگەکانیان دانەناوە».

زەردەشتی دەڵێت پێشنیازیانکردووە کەلیژنەیەکی پسپۆڕ پێکبهێنرێت تا بەشێوەیەکی زانستی چارەسەری دوکەڵی کارگەکانیان بکرێت. وتی «چارەسەرکردنیش تەنها بەدانانی فلتەر بۆ دوکەڵی کارگەکانو ڕواندنی ڕێژەیەکی زۆر لەدرەختی تو و یوکارلیپتۆز کەئەو دوکەڵو تەپوتۆزەی کارگەکان دەگرێتەخۆ، بەڵام دەبێت زوو زوو بشۆردرێن».

زەردەشتی دەڵێت دوکەڵی کارگەکانی چیمەنتۆ تۆبۆگرافی زەوی ئەو ناوچانە تێکدەدەن کەتێیدا دادەمەزرێندرێن، دوکەڵی ئەو کارگانە لەشێوەی توێژاڵی بەرد دایەو دەنیشێتە سەر گەڵای درەختەکانو دەیانفەوتێنێت، ئەو دوکەڵە کاریگەری لەسەر لەناوچوونی زیندەوەرەکانی ئەو ناوچانەش هەیە، جگەلەوەش خاک پیسدەکاتو ئەو بەکتریانەش دەکوژێت کە لەژێر خاکدانو کرداری هەواگۆڕکێو گۆڕینی دووانەئۆکسیدی کاربۆن بۆ ئۆکسجینو بەپێچەوانەوە ئەنجامدەدەن.

عەبدولڕەحمان سدیق وەزیری پێشووی ژینگەی عێراق، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور دەڵێت قسەکردن سەبارەت بەکارگەکانی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ، لەبواری پاراستنی ژینگەدا دەمانباتەوە سەر قسەکردن لەسەر پیسبوونی هەوا، چونکە هەوا بە ٥مادە پیسدەبێت، ئەوانیش گازەکانی (ئۆکسیدەکانی کاربۆن، ئۆکسیدەکانی نایترۆجین، ئۆکسیدەکانی گۆگرد، مادە هایدرۆ کاربۆنیەکان) پێنجەمیان بریتییە لەگەردی تۆزو خۆڵ، کەتەنها لەدوکەڵی کارگەکانی چیمەنتۆوە دروستدەبێت.

عەبدولڕەحمان سدیق ڕونیکردەوە وتی «بەپێی پێوەرە ژینگەییەکان کارگەی چیمەنتۆ دەبێت بەلای کەمەوە چەقی نیوەتیرەکەی ٧ کیلۆمەتر لەناوچەی نیشتەجێبوونەوە دووربێت، بەڵام لەکوردستاندا بەهۆی ئەوەی شارەکان بەشێوەیەکی ئاسۆیی ڕووەو کارگەکان هەڵکشاون، بۆیە ئێستا هەر سێ کارگەی چیمەنتۆکە تەنها یەک کیلۆمەتر لەناوچەی نیشتەجێبوونەوە دوورن، بۆیە سەرئەنجام گەردو خۆڵی کارگەکان ڕاستەخۆ لەگەڵ هەوای هەناسە وەرگرتنی هاووڵاتیانی ئەو ناوچەیە تێکەڵدەبێتو کاریگەری خراپ لەسەر کۆئەندامی هەناسەیان دروستدەکات».



وەزیری پێشووی ژینگەی عێراق ئاماژەی بەوەدا کەئێستا ئاراستەی هەوای ناوچەی کارگەکانی چیمەنتۆش گۆڕاوە، لەبەرئەوەی شارەکان لێکتر نزیکبوونەتەوەو شوێنی دوور لەشار نەماوە، ئەمەش وادەکات کەئاراستەی هەوا گەردی تۆزو خۆڵی ئەو کارگانە بێنێتە ناو شارەکانەوەو زیانی گەورە بەمرۆڤ بگەیەنێت.

عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێت «زیانێکی تری ئەم کارگانە ئەوەیە کەکرداری ڕۆیشتنە پێکهاتنی ڕووەک تێکدەدەن، لەبەرئەوەی گەردی تۆزو خۆڵی کارگەکان لەسەر گەڵای درەختەکان دەنیشنەوەو ناهێڵێت کرداری ڕۆشتنە پێکهاتن لای ڕووەکەکە دروستببێت، بۆیە وردەوردە گەڵای درەختەکان زەرد دەبنو دەوەرن».

وەزیری پێشووی ژینگەی عێراق باس لەچارەسەری مەترسی کارگەکانی چیمەنتۆ دەکاتو دەڵێت دەبێت پێش هەموو شتێک ئەو کارگانە بۆ دووری لانیکەم حەوت کیلۆمەتر لەناوچەی نیشتەجێبوونەوە دووربخرێنەوە، یان هاووڵاتیانی ئەو ناوچانەی نزیکن لەکارگەکانەوە دووربخرێنەوە.

بەڕای عەبدولڕەحمان سدیق ئەو کارگانە زیانیان لەقازانج زیاترەو دەڵێت «ئێمە دەبێت ئاگامان لەوە بێت کەچەند قازانجدەکەین لەبەرهەمهێنانی ئەو چیمەنتۆیەدا، دە ئەوەندە زیاندەکەین لەمەسەلەی ژینگەدا».

# ڕەمەزان نرخی مەی بەرزکردەوە



## چەند یانەیەکی خواردنەوە لەسلێمانی بەنرخی گرانتر مەی دەفرۆشن




فەرمان خێڵانی

چەند یانەیەکی خواردنەوە لەشەوانی ڕەمەزاندا نرخی مەی دوو قاتو سێ قاتی نرخی خۆیان دەفرۆشنەوە، قایمقامی سلێمانیش دەڵێت ئەوە بەقاچاخفرۆشتنەو شەرعیەتیان نییە نرخ زیادبکەنو وتی «ئیجرائاتی یاسایی دەکەینو غەرامەیان دەکەین».

ئەمساڵ لەمانگی ڕەمەزاندا لەشاری سلێمانی ڕێوشوێنی توند گیرایە بەر بەرانبەر یانەکانی خواردنەوەو بەشێکی زۆریان داخران، بەڵام هەندێک لەو یانانە دانەخرانو چەند یانەیەکیان بەنرخی دوو قاتو سێ قات جۆرەکانی خواردنەوە دەفرۆشن.

بەپێی ئەو ڕووماڵیەی کەڕۆژنامەی دەستوور کردویەتی جگە لەهەردوو یانەی ئەزمەڕ پالاسو سلێمانی پالاس کەدانەخراون، هەریەک لەیانەکانی ئوتێل ئاریو ئوتێل هێرۆو کافتیریای زاگرۆس بەنرخی گرانتر خواردنەوە دەفرۆشن، وەک کڕیارانی مەی باسی لێوە دەکەن، بوتڵێک عارەقی کەیفی لەڕۆژانی پێش ڕەمەزاندا بە ٣٥٠٠ هەزار دینار بووە، بەڵام لەمانگی ڕەمەزاندا ئەو یانانەی چارەکێک عارەق بە ٣٠٠٠ هەزار دینار دەفرۆشن.

خاوەنی ئەو یانانەی خواردنەوەش نکۆڵی لەوە دەکەن کەمەی لەرەمەزاندا بفرۆشن، لەبەرانبەریشدا بەرپرسانی سلێمانی ئاماژە بەوەدەدەن کەئیجرائات لەگەڵ خاوەنی ئەو چەند یانەیەدا دەکەنو غەرامەیان دەکەن.

بەختیار ئیبراهیم یەکێکە لەکڕیارانی مەی لەمانگی ڕەمەزانداو وتی «پێویستە لەمانگی ڕەمەزاندا حکومەت ڕێگە بەچەند یانەیەکی خواردنەوە بدات بۆ ئەوەی مەی بفرۆشن بەو کەسانەی کە لەمانگی ڕەمەزانیشدا دەخۆنەوە، ئەوکات ئەو یانانەی خواردنەوەش ناتوانن بەگران مەی بەئێمە بفرۆشن».

ئەو کڕیارەی مەی وتی «لەپێش ڕەمەزاندا قوتویەک بیرە بە١٠٠٠هەزار دینار بوو، بەڵام ئێستا لەئوتێل ئاری بە٢٠٠٠هەزار دینار پێمان دەفرۆشن، بوتڵێک عارەقی کەیفی پێش ڕەمەزان بە ٣٥٠٠ هەزار دینار بوو، بەڵام ئێستا چارەکێک بە ٣٠٠٠هەزار دینار دەفرۆشن، لەبەرئەوەی قەدەغەکراوە، بۆیە ئەو یانانەش ئیستیغلالی بارودۆخەکە دەکەنو بەگرانتر پێمان دەفرۆشنەوە».

ڕەوەند شێرزاد یەکێکی ترە لەکڕیارانی مەی لەمانگی ڕەمەزانداو زۆرجار دەچێتە ئوتێل هێرۆ بۆ کڕینی مەی، دەڵێت لەسەرەتای مانگی ڕەمەزانەوە قوتوویەک بیرەیان بە ٢٠٠٠ هەزار دینار پێدەفرۆشتین.

ئەو کڕیارە گومانی خۆی دەخاتەڕوو لەسەر ئەوەی کە لەلایەن پۆلیسەوە کارئاسانی بۆ ئەو مەیخانانە کرابێتو وتی «گومانم هەیە کەپۆلیسو دەزگا ئەمنییەکانی تایبەت بەداخستنی یانەکانی خواردنەوە، کارئاسانی بۆ ئەم چەند یانەیەی خواردنەوە بکەنو زیادەی نرخی خواردنەوەکە دابەشبکەن لەنێوان خۆیاندا، ئەگینا شتێک کەقەدەغەبێت چۆن بەنرخێکی گرانتر دەفرۆشرێت؟».

تا ئێستا سێ یانەی خواردنەوە (ئوتێل ئاریو ئوتێل هێرۆو کافتیریای زاگرۆس) دانەخراونو بەنرخی گرانتریش مەی دەفرۆشنو تائێستا بەردەوامن.

پەیامنێری دەستوور پەیوەندیکرد بەئوتێل ئاری، بەڵام نکۆڵیان لەوەکرد کە لەرەمەزاندا مەی بفرۆشن، ئامادەش نەبوون لێدوانی زیاتر لەو بارەیەوە بدەن.

زانا محەمەد قایمقامی سلێمانی لەو بارەیەوە وتی «ئەمساڵ جیاواز لەساڵانی پێشوو، هەر لەسەرەتای مانگی ڕەمەزانەوە ڕێوشوێنی زۆر توندمان گرتەبەر سەبارەت بەداخستنی یانەکانی خواردنەوە لەسلێمانیو تەنانەت شتخواردنو جگەرەکێشان بە بەرچاوی خەڵکیەوە، بەو پێیەش لەڕێگەی ئەو لیژنەیەی کەبۆ ئەو مەبەستە دروستمانکردووە، توانیومانە لە٨٠٪ کۆنترۆڵی مەیفرۆشتنو شتخواردنو جگەرەکێشان بکەین لەناو شاردا».

سەبارەت بەفرۆشتنی مەی بەنرخی گرانتر لەلایەن چەند یانەو ئوتێلێکەوە، قایمقامی سلێمانی وتی «ئەوە بەقاچاخفرۆشتنەو شەرعیەتیان نییە نرخ زیادبکەن، تائێستا پێمان نەزانیون، بەڵام دڵنیابن ئیجرائاتی یاسایی دەکەینو غەرامەیان دەکەین، ئەگەر بۆمان دەربکەوێت کەئەفسەرێک یان کارمەندێکی پۆلیس لەلیژنەکە کارئاسانی بۆ ئەو یانانە کردبێت، ئەوا ئیجرائاتی یاسایی توند لەگەڵ ئەو ئەفسەرە یان کارمەندەدا دەکەین».

# لەکۆی سێ قۆناغ، هیچ قۆناغێکی کەمپی نوێی زانکۆ تەواو نەبووە

## ٥٠ ملیۆن دۆلار بۆ بودجەی پرۆژەکە زیادکراوەو کاتی تەواوبوونیشی درێژکراوەتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٣

محەمەد نەجیب لەسلێمانی

بەپێی ئەو گرێبەستەی کە لەسەرەتادا لەنێوان وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیو کۆمپانیای FDC-TEPEJV تورکی ئەنجامدرا، دەبوو پرۆژەی دروستکردنی کەمپی نوێی زانکۆ تا شەش مانگیتر تەواوبێت، بەڵام تائێستا لە٥٨٪ پرۆژەکە تەواوبووە، لەگەڵ ئەوەی ٥٠ ملیۆن دۆلار بۆ بودجەی پرۆژەکە زیادکراوە.

گرێبەستەکە لە ٢٠٠٥/٢/١٩ لەنێوان د. ئەختەر نەجمەدین وەزیری پێشووتری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی- ئیدارەی سلێمانیو کۆمپانیای FDC-TEPEJV تورکی ئیمزاکرا، بڕیاربوو ئەو کۆمپانیایە لەمانگی ٤ی ٢٠١١ کەمپەکەی دروستکردبێت، بەڵام تا ئێستا کەشەش مانگی ماوە بۆ ئەو وادەیە تەنها لە لە٥٨٪ پرۆژەکە تەواوبووە.

بەپێی گرێبەستەکە ئەو کۆمپانیایە ٢٥٨ ملیۆن دۆلار لەحکومەت وەردەگرێت وەک بودجەی پرۆژەکە، بەڵام لەئێستادا دوای زیادکردنی نزیکەی ٥٠ ملیۆن دینار، بودجەی تێچوونی پرۆژەکە دەگاتە ٣٠٥ ملیۆنو ٩٤٦ هەزار دۆلار، بەڵام بەوتەی جێگری سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری پرۆژەکە، بەهۆی گرانبوونی کەرەستەی بیناسازییەوە ماوەیەک کارکردن لەپرۆژەکەدا وەستاوە. ئێستاش ماوەکەی بۆ ٢٠١٢/١٢/٣١ درێژکراوەتەوە.

پرۆژەی دروستکردنی کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی بەیەکێک لەپرۆژە گەورەو گرنگەکانی شاری سلێمانیو کوردستان دادەنرێت، کە لەسەر رووبەری ١٩٢٨٧٦٨ مەتر دووجا (٦٠٠ دۆنم) زەوی، دروستدەکرێتو کۆی رووبەری گشتی بیناکان دەگاتە نزیکەی ٣٢٥١٧٥ مەتر دووجا (٢٦٠ دۆنم) زەوی، لەگەڵ دروستکردنی تۆڕی رێگاوبانو تۆڕی ئاووئاوەڕۆو کارەباو ئاودێری.

پرۆژەی کەمپی نوێ زانکۆ پێکهاتەوە لەسێ قۆناغ، قۆناغی یەکەم بڕیارە لە٢٠١٠/١٢/٣١ تەواوبێت، کەبریتییە لەکۆلێژەکانی ئەندازیاریو ئەندازیاری کۆمپیوتەرو هونەرو وەرزشو سەنتەری وەرزش، کەچەند هۆڵی لەخۆگرتووەو لەگەڵ مەلەوانگەیەکی ئۆڵۆمپی گەورەو یاریگایەکی گەورە، لەگەڵ ٢ بەشی ناوخۆیی بۆ کوڕانو ٢ بەشی ناوخۆیی بۆ کچان، لەگەڵ ٩ بینای خزمەتگوزاری.

قۆناغی دوومی پرۆژەکە بڕیارە ساڵێک دوای تەواوبوونی قۆناغی یەکەم، لە٢٠١١/١٢/٣١ تەواوببێت کەپێکهاتووە لە چوار کۆلێژو کافتریای مەرکەزیو کتێبخانەو سەنتەری کۆمپیوتەرو دوو بەشی ناوخۆیی بۆ کوڕانو دوو بۆ کچان، لەگەڵ چەند بینایەکی خزمەتگوزاری.

قۆناغی سێیەمی پرۆژەکە لە٢٠١٢/١٢/٣١ تەواودەبێت پێکهاتووە لەبینای سەرۆکایەتی زانکۆو ناوەندی رۆشنبیریو چوار بەشی ناوخۆیی بۆ کچانو دوو بۆ کوڕان، لەگەڵ چەند بینایەکی خزمەتگوزاری.

ئەندازیاری راوێژکار عەتا ئەحمەد کەریم جێگری سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری پرۆژەی کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت دەستەیەک کەپەیوەندی بەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنەوە هەیە، سەرپەرشتیاری پرۆژەکە دەکەن، کەپێکهاتووە لەبەشەکانی شارستانی، تەلارسازی، میکانیک، کارەبا، تەکنەلۆژیای زانیاری، رووپێویو تاقیگە، کەئەندازیاری شارەزا لەو بوارانەدا سەرپەرشتیاری ئیشەکە دەکەن بەشێوەیەکی راستەوخۆ".

لەپرۆژەی کەمپی نوێی زانکۆدا ١٣٠٠ کارمەند کاری تێدا دەکەن، کەنزیکەی ١٠٠٠ کادریان لەئەندازیارو وەستاو کرێکارن.

عەتا ئەحمەد ئاماژەی بەوەدا کەئێستا هیچ سستییەک لەبەڕێوەچوونی کارەکانی پرۆژەکەدا نییەو بوجەی تەواوی بۆ دابینکراوە، وتی "هەتا ٢٠١٠/٨/٣١، لە٥٨٪ کارەکانی تەواوبووە، کەبەپێی Time Schedule کاردەکەن لەکاتی دیاری کراودا، بەدڵنیایەوە پرۆژەکەش لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا تەواودەبێت".

پرۆژەی کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێک کارەکانی لەلایەن کۆمپانیا تورکییەکەوە وەستا، بەڵام دوای چارەسەرکردنی کێشەکان ئێستا ماوەی پێنج مانگە بەسەرپەرشتی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن دەستی بەکارەکانی کردووەتەوە.

لەکۆتایی مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠٠٧، سەرپەرشتیاری ئەوکاتی ئەو پرۆژەیە، شلێر محەمەد رایگەیاند کە لە ٣٥٪ پرۆژەکە تەواوبووە، دوای سێ ساڵ تەنها توانراوە لە٢٣٪ تری کارەکانی تەواوبکرێت.

شلێر محەمەد ئەوکات رایگەیاند لەمانگی ٤ی ٢٠١١ بەپێی رێککەوتنی نێوان کۆمپانیا تورکییەکەو وەزیری خوێندنی باڵا دەبێت کۆتایی بەپرۆژەکە بێت.

سەبارەت بە هۆکاری وەستانی پرۆژەی کەمپی نوێ زانکۆ بۆ ماوەیەک لەلایەن کۆمپانیا تورکییەکەوە، عەتا ئەحمەد دەڵێت وەستانی پرۆژەکە لەو ماوەی پێشوودا بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی کەرەستەو ئیشکردن بوو لەجیهاندا، وتی "ئێستا ئەو کێشەیە چارەسەرکراوەو کەموکورتییەکان جێبەجێکران، ئێستا هیچ کێشەیەک نییە لەپرۆژەکەداو بەئاسانی کارەکان بەڕێوەدەچن".

دوای گۆڕینی سێ وەزیری خوێندنی باڵاو دوو سەرپەرشتیاری پرۆژەکە تائێستا کەمپەکە تەواو نەبووە، لەئێستاشدا کارەکانی لەوەزارەتی خوێندنی باڵا وەرگیراوەتەوە دراوە بەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوە.

دکتۆر عەلی سەعید سەرۆکی زانکۆی سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئەو کەمپە سەرەتا پەیوەندی بەزانکۆی سلێمانیو وەزارەتی خوێندنی باڵاوە هەبوو، بەڵام ئێستا ئەو کەمپە پەیوەندی بەئێمەوە نییە، چونکە ئێستا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن جێبەجێیدەکات".

دکتۆر عەلی وتی "لەبەرئەوەی پەیوەندی نەماوە بەخوێندنی باڵاوە، نازانم ئەمساڵ کارەکانی بەکوێ گەیشتووە تا بڕیاربدەم چەند کۆلێژ دەچنە ئەوێ، لەبەرئەوەی ئێمە سەرپەرشتی ناکەین".

عەتا ئەحمەد ئاماژەی بەوەدا کەهۆکاری ئەوەی کەئێستا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن سەرپەرشتی پرۆژەکە دەکات، بەهۆی ئەوەوەیە کەئەو وەزارەتە تایبەتمەندە بەو کارەوە.

بەهۆی دواکەوتنی پرۆژەکەو گرنگی پرۆژەکەو قسەکردنی بەردەوامی دەزگا راگەیاندنەکان لەسەر دواکەوتنی، جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق سەردانی پرۆژەکەی کردووەو داوایکردووە لەکاتی خۆیدا پرۆژەکە بەبێ دواکەوتن تەواوبێت.

عەتا وتی "دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەت لەماوەی پێنج مانگدا، پێنج جار سەردانی پرۆژەی کەمپی نوێی زانکۆی کردووەو بەهەموو شێوەیەک ئاسانکاریو پشتگیری بۆ پرۆژەکە دەکات".

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کەکامەران ئەحمەد وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بە بەردەوامی سەردانی پرۆژەکە دەکات بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکو ئاسانکردنی گرفتەکان ئەگەر هەبێت.



# شەوان رەنگی شار لەشەقامەکان نیشتووە

## هاووڵاتیان خوازیارن لەشەوانی دوای رەمەزانیشدا بازاڕەکان کراوەبن

مەعاز فەرحان

هاووڵاتیانو کاسبکاران خوازیارن بازاڕەکانی کوردستان شەوانی دوای رەمەزانیش دانەخرێن، هاووڵاتیان قەرەباڵغی بازاڕەکان لەشەواندا بەدیاردەیەکی "باش" وەسفدەکەنو کاسبکارانیش "ئامادەن" دوکانەکانیان لەشەوانی دوای رەمەزانیش بکەنەوە.

رەمەزانی ئەمساڵ جیاواز لەساڵانی رابردوو لەشەودا گەرموگوڕییەکی زۆری بەبازاڕی شارەکانی کوردستان بەخشیبوو، لەگەڵ رۆژئاوابووندا هاووڵاتیان بەلێشاو روویان لەبازاڕو سوپەرمارکێتەکان دەکرد بۆ کڕینی پێداویستی رۆژانەیان.

یەکێک لەمەرجەکانی بوونی شار لەهەر وڵاتێکدا جموجۆڵی بەردەوامی شەقامو کۆڵانو بازاڕەکانی شارەو مانەوەیەتی بەزیندویەتی لەشەودا.

لەکوردستاندا تائێستا کردنەوەی بازاڕو هاتنەدەرەوەی هاووڵاتیان لەشەواندا نەبووە بەنەریت، بۆیە هەموو ساڵێک بەتەنها لەڕەمەزاندا بازاڕەکان بەشەوان دەکرێنەوە.

هاووڵاتیان خوازیارن کردنەوەی بازاڕ لەشەودا بکرێتە نەریتێکو ئیتر وەکو دیاردە سەیرنەکرێت، لەشەوانی هەر ١٢ مانگی ساڵدا بازاڕەکان کراوەبن.

کەیوان ئەحمەد، ٢١ ساڵ، کردنەوەی بازاڕ بەشەوان بەشتێکی "زۆرباش" دەزانێت، کەیوان بەدەستووری وت "بەدڵنیاییەوە کردنەوەی بازاڕ لەشەودا خۆشترو باشترە، حەزدەکەم بکرێتە نەریتێک و دوای رەمەزانیش بەردەوامبێت".

یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی شار ئەوەیە کە بەشەو کراوەبێتو بەردەوام لەجوڵەدا بێتو هەمیشە بازاڕو شوێنە گشتییەکانی بەشەو و رۆژدا کراوەبن.

هەندێک لەفەرمانبەرانو هاووڵاتیان پێیان باشە بازاڕەکان هەمیشە کراوەبن بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی لەرۆژدا دەرفەتی هاتنە بازاڕیان نییە، بەشەو بێنو پێداویستییەکانی رۆژانەیان بکڕن.

عەلی عارف، ٥٠ ساڵ، پیشەی مامۆستاییە، دەڵێت ئەگەر بێتو بازاڕەکان لەشەواندا کراوەبن ئەو ئامادەیە بێتەدەرەوە، وتی "بەباشی دەزانم بازاڕەکان لەشەوانی هەر ١٢ مانگەکە کراوەبن بەهۆی سەرقاڵی دەوامەوە، لەو رۆژانەدا زۆربەی خەڵکی ناتوانێت بەرۆژ بێتەدەرەوە، بۆیە کردنەوەی بازاڕی لەشەودا بەنەریتێکی جوان دەزانم".

ئەو مامۆستایە پێیوایە کردنەوەی بازاڕ بەشەو نیشانەیە بۆ شارستانیەتو پێشکەوتن، وتی "شتێکی شارستانییە ئەگەر بازاڕەکان شەوانیش وەکو رۆژ قەرەباڵغبن، نیشانەیەکە بۆ شارستانیەتو پێشکەوتنو چالاکبوون".

عوسمان حەسەن، ٢٦ ساڵ، کاسبکارە، پێیخۆشە شەوان بازاڕەکان کراوەبن بۆ ئەوەی ساتێکی خۆش لەگەڵ برادەرکانیدا لەنێو تاریکی شەودا بگوزەرێنێت، عوسمان وتی "زۆر مەعقولە کردنەوەی بازاڕ لەشەودا هیوادارم دوای رەمەزانیش بەردەوامبێت، قەرەباڵغی رۆژیش کەمدەبێتەوە".

بەپێی زانستی کۆمەڵناسی بێت، نابێت جیاوازی هەبێت لەنێوان شەو و رۆژی شاردا، لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەی شار تایبەتمەندی شار وەربگرێت، دەبێت بە بەردەوامی لەجموجوڵدا بێتو لەشەودا وەکو چراخان دەرنەکەوێت.

تا ئێستا شوێنی گشتی گەورە لەشارەکانی کوردستاندا بەشێوەیەک نییە کەهاووڵاتیانو کاسبکاران ناچاربکات ماڵەکان بەجێبهێڵنو لەشەودا رووبکەنە بازاڕ، بۆیە فەرهەنگسازی لەبواری قەرەباڵغکردنی شار بۆ شەوانی ١٢ مانگی ساڵ بەپێویست دەزانرێت.

هاووڵاتیان پێیانباشە هەندێک لەو ئاهەنگو کۆڕو کۆبوونەوانەی کە بەڕۆژ سازدەکرێن، بخرێنە شەو، عوسمان وتی "ئەگەر پرۆژەیەکی لەو شێوەیە هەبێت زۆرباشە، چونکە ناکرێت هەموو چالاکیو ئاهەنگو یارییەکان لەڕۆژدا بکرێنو شەو هیچ نەبێت، لەو بوارەدا فەرهەنگسازی بەپێویست دەزانم".

کاسبکارانو دوکانداران ئامادەن لەشەوانی دوای رەمەزاندا دوکانو کۆگاکانیان بکەنەوە بەمەرجێک هاووڵاتیان روویان تێبکەن.

هاوڕێ ئارام، دوکانی خواردەمەنی هەیە لەشەقامی گۆران، لەشەوانی رەمەزاندا تادرەنگانێکی شەو دەرگای دوکانەکەی کراوەیە، وتی "ئامادەم دوای رەمەزانیش بەشەو دوکان بکەمەوە بەمەرجێک بازاڕ کزنەبێت".

ئەو دوکاندارە پێیوایە بارودۆخی ئەمنی زۆر لەبارەو نابێت هاووڵاتیان ترسیان لەهاتنەدەرەوە هەبێت لەشەواندا، وتی "هیچ ترسێک نییە لەهاتنەدەرەوە ئێمە چیمان لەشارەکانیتر کەمترە کە بەشەوان هەمیشە کراوەن".

مەریوان تالب، لەبازاڕی کاسۆ مۆڵ، دوکانی شووشەواتی هەیە، پێیوایە خەڵک فێرنەبووە لەشەودا بێنەدەرەوە، مەریوان وتی "دوکانم کردووەتەوە لەپێش رەمەزاندا خەڵک کەم هاتووە، بەیەک بازاڕو دوو بازاڕ هاووڵاتیان فێرنابن، دەبێت هەموو بازاڕە گەورەکان بکرێنەوە تاخەڵکی هەموو فێربێتو لەشەودا بێنەدەرەوە".



# گۆڕان ترسی باڵباڵێنو کوتلەکاری لەهەولێر هەیە

## پێش دروستکردنی ڕێکخستنەکانیان، سەرکردەکانی گۆڕان لەهەولێر کۆکنین لەسەر بەڕێوەبردنی ڕێکخستنەکانیان لەشارەکە

بورهان قادر

بەهۆی ترسی دروستبوونی کوتلەو باڵباڵێن لەشاری هەولێر لەسەروبەندی کارکردنو دانانی بازنەکانی ڕێکخستنیدا، بزووتنەوەی گۆڕان جەلال جەوهەر دەکاتە سەرپەرشتیاری ڕێکخستنی ئەو شارە، سەرچاوەیەکیش لەو بزووتنەوەیە ئاماژە بەوە دەدات کەپشتگوێخستنی ئەو هەموو کادیرە لەهەولێر کێشەو کوتلەکاری قوڵتردەکاتەوە.

بزووتنەوەی گۆڕان لەدوای وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی لەوەزارەتی ناوخۆوە بۆ بەفەرمی ناساندنی بزووتنەوەکەیان لەتەواوی شارو شارۆچکەکانی هەرێمو دەرەوەی کوردستان، خەریکی خۆرێکخستنە بۆ کۆکردنەوەی هەوادارانو هەڵسوڕاوەکانیان، بۆ ئەو مەبەستەش جەلال جەوهەریان بەسەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی شاری هەولێر دەستنیشانکرد.

سەرچاوەیەک لەبزووتنەوەی گۆڕان لەشاری هەولێر بەدەستووری ڕاگەیاند بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ خەریکبوونو ئیشکردن بۆ ڕێکخستنەوەی بازنەکان لەکوردستان، ترسێکی زۆری بۆ دروستبوو کە لەشاری هەولێر دووچاری کێشەی کوتلەو باڵباڵێن بێتەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی پێشتر سەرکردەکانی بزووتنەوەکە پۆستەکانیان دیارینەکرابوو، هەموویان بەهەڵسوڕای بزووتنەوەکە ناودەبران، بەڵام لەمەودا بەرپرسی یەکەم لەهەموو شارەکان دیاریدەکرێت.

لەسەرەتای دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، هەموو ئیشو کارەکانی ئەو بزووتنەوەیە لەهەولێر لەلایەن هەردوو سەرکردەی گۆڕان عوسمان بانیمارانیو سەفین مەلاقەرەوە سەرپەرشتیکراوە، بەڵام بەهۆی کۆکنەبوونی ئەو دوو کەسە لەبارەی بەڕێوەبردنی کارەکانی بزووتنەوەکە، سەرکردایەتی گۆڕان ناچاربوون جەلال جەوهەر بکەن بە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی هەولێر.

لەگەڵ ئەوەی هەڵسوڕاوانی گۆڕان زۆرجار باسی بوونی ململانێو ڕکابەری ڕووبەڕووی عوسمان بانیمارانیو سەفین مەلا قەرە دەکەنەوە، بەڵام سەرچاوەکەی دەستوور وتی "هەندێجار ئەو قسەیە ڕووبەڕوو بەو دوو سەرکردەیە وتراوە، بەڵام ئەوان بەردەوام ڕەتیناکردووەتەوەو وتوویانە کەئێمە بەیەکەوە کاردەکەینو هیچ کێشەیەکمان نییە".

سەرچاوەکە دەڵێت دوورخستنەوەی ئەو دوو کەسە لەڕێکخستنەکانی هەولێر، کێشەکان چارەسەرناکات، بەڵکو دوایدەخات. وتی "بەهێنانی جەلال جەوهەر هەست بەپشتگوێخستنێک دەکرێت هەم لەلایەن خودی خۆیانو هەم لەلایەن هەوادارانو هەڵسوڕاوانی گۆڕانەوە".

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەدا ئەگەر مامۆستا جەلال ئێستاش کارەکان تەواوبکات، دواتر بەشێک لەڕێکخستنەکان هەر دێنەوە بەردەستی سەفین مەلاقەرەو عوسمان بانیمارانی، وتی "بۆیە ئەو چارەسەرە کاتییەو ئەگەر گۆڕانیش بەردەوامبێت لەو شێوازە، ئەوا دوورکەوتنەوەی هەڵسوڕاونو دروستبوونی کوتلە بەئاشکرا دەبێتە کێشەیەکی دیاری گۆڕان لەهەولێر، چونکە ئەو دوو سەرکردەیەی گۆڕان قبوڵی ئەوە ناکەن کەپاش ئەو هەموو ماندووبوونە، کەسێکی دیکە لەدەرەوەی شاری هەولێر بهێننو بیکەنە سەرپەرشتیار".

سەرچاوەکە پێیوایە بەهۆی ئەو بڕیارەوە مەترسی ئەوە هەیە لەهەولێر لەبری چارەسەری کێشەکان، کوتلەو باڵباڵێن زیاتر قوڵببێتەوە، بەهۆی ئەوەی زۆرینەی ئیشو کارەکانی گۆڕان لەهەولێر لەهەڵبژاردنەکانو چوونە ناو خەڵکو کاری ڕێکخستن لەلایەن ئەو دوو کەسەوە ئەنجامدراوە.

حەمە تۆفیق ڕەحیم وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان وتی "ئەوە تەسەروری ئێوەیە، ئێمە چ شتێک بەموناسب بزانین ئەوە دەکەین".

سەرچاوەکە دەڵێت هەرچەندە جەلال جەوهەر کێشەی لەگەڵ ئەو دوو کەسەدا نییە، وتی "بەڵام پێناچێت سەرکەوتوو بێت، لەبەر ئەوەی پێشتر لەهەولێر کاری نەکردووە، جگە لەوەش کەسێکی جەماوەری نییەو لەهەولێر ناسراو نییە".

عوسمان بانیمارانی، وتی "نامەوێ هیچ قسەیەک لەسەر ئەو بابەتە بکەم".

سەفین مەلاقەرە، وتی "منو کاک عوسمان دوو کەسی عەسکەرینو لەکاری ڕێکخستنەکان شارەزا نین، لەپێش ٧/٢٥ ئێمە داوامانکردووە کەبێینە هەولێر، بۆیە بەپێچەوانەوە کاک جەلال لەسەر داوای ئێمە هاتووەو پێمانخۆشە کەسی تریش بێن".



لەڕێکخستنەوەی بزووتنەوەکەیاندا، گۆڕان کێشەی بۆ دروستدەبێت

---

هاوڵاتیو ئاوێنەو ڕۆژنامە تۆماریکرد، چۆن دەبینیت؟ لەکاتێکدا ئەو بابەتانەی بڵاوبووەتەوە زیاتر لە ٩٠ ڕۆژ بەسەریاندا تێپەڕیوە.

**د. سامان فەوزی:** هەر داوایەک کەکەسێکی ئاسایی یان حیزبێک بەرزیبکاتەوە لەسەر ڕۆژنامەنووسان بەکارێکی ترسناکی نابینم، بەکارێکی دەزانم لەبەر بەرژەوەندی کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگا گوێی لەهەردوو لابووە گوێی لەڕاگەیاندنی هەردوولا بووە، پێویستە لەدواجاردا بزانێت کامیان ڕاستەو کامیان ڕاست نییە، هانابردن بۆ دادگا لەبەرژەوەندی کۆمەڵگەیە، کارێکی شارستانییە.

سەبارەت بەوەی دوای ٩٠ ڕۆژ بەرزکراوەتەوە، لەیاسای ڕۆژنامەگەریدا هاتووە کەماوەی بەرزکردنەوەی داوا لە ٣ مانگ واتا ٩٠ ڕۆژ بۆی هەیە سکاڵا بەرزبکاتەوە، لەدوای ئەو ٣ مانگە داواش بەرزکاتەوە، پێویستە دادگا بڕیارێکی یەکلایکەرەوە بداتو پێویستە ئەو داوایە ڕەتبکاتەوە، قسەیەک هەیە ئێستا دەوترێت گوایە ئەم سکاڵایانە بەگوێرەی یاسای شارستانی بەرزکراونەتەوە نەک بەپێی یاسای ڕۆژنامەگەری، ئەمە ڕاستنییە لەوانەیە پاساوێک بێت، دەکەوێتە سەر زیرەکی پارێزەری هەردوو لایان، بەڵام ئەو دەقەی لەیاسای ڕۆژنامەنووسی هاتووە، دەقێکە شمولی داوا مەدەنییەکانو جەزاییەکان دەکات، هەر داوایەک بەشێوازێکی گشتی لەناو یاساکەدا هاتووە لەسەر ڕۆژنامەنووسان دەبێت لەماوەی ٣ مانگ بێت، نەیوتووە تەنیا داوای تاوانکاری، بەڵکو داوا مەدەنییەکانیش دەبێت لەماوەی ٣ مانگ بێت، دەنا هیچ گرنگییەک بۆ ئەو دەقە نامێنێت، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر ئەزموونی وڵاتانی دیکە کەئەو دەقەیان تێداهاتووە، یەکەمجارە من ببیستم ئەو ٣ مانگە شمولی دەعوای مەدەنی نەکاتو شمولی دەعوای جەزایی بکات، ئەمە دەقێکە لەیاسای ڕۆژنامەگەری فەڕەنسیدا هەیە، هەروەها دەبێت بگەڕێینەوە ئەو سەرچاوە مێژووییەی کەیاسای چاپەمەنیو یاسایی ڕۆژنامەگەری کوردیمان لێدروستکردووە، کەسەرچاوەکەی بریتییە لەیاسای ڕێکخستنی ڕۆژنامەنووسی میسری ساڵی ١٩٩٦ و یاسای ڕۆژنامەگەری فەڕەنسی کە لەساڵی ١٨٨١ دەرچووەو یاسای چاپەمەنی عێراقی لەساڵی ١٩٦٨ دەرچووەو یاسای چاپەمەنی کوردستان کە لەساڵی ١٩٩٣ دەرچووە، بەگەڕانەوە بۆ ئەو سەرچاوە مێژووییانە ئەوەندەیتر بەرچاومان ڕووندەکاتەوە، من وەک ئاگادارێک لەیاسای ڕۆژنامەگەری پێم وانییە جیاوازی لەنێوان دەعوای مەدەنیو دەعوای جەزایی هەبێت تایبەت بەو ماوەیە.

**دەستوور:** ئەگەر بەپێی یاسایی ڕۆژنامەگەری کوردی بێت داواکە نایاسایی نییە؟

**د. سامان فەوزی:** ئەوان بەپێی یاسای مەدەنی بەرزیانکردووەتەوە بۆیان هەیە، چونکە ئەو سزایانەی لەیاسای ڕۆژنامەگەریدا هەیە، سزایەکن پێیاندەوترێت غەرامە، غەرامە بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگادا دانراوە، ئەو بڕە پارەیەی لەڕۆژنامەنووس وەردەگیرێت کە لەبری بەندکردنەکە دانراوە، کە بریتییە لە ١ ملیۆن بۆ ٥ ملیۆن تایبەت بەڕۆژنامەنووس سەرنووسەرەکەیو ٥ ملیۆن بۆ ٢٠ ملیۆن تایبەتە بەڕۆژنامەکە، ئەو بڕە پارەیە بەرانبەر ئەو هەڵەیە دانراوە کەڕۆژنامەکە کردوویەتیو ئەو زیانەی لەسەر کۆمەڵگا دایناوە، ئەو بڕە پارەیە دەچێتە خەزێنەی دەوڵەت، بەڵام کاتێک داوابەرزدەکرێتەوە بەگوێرەی یاسایی مەدەنی بەگوێرەی مادەی ٢٠٥ لەیاسای شارستانی عێراقی کە تائێستا لەکوردستاندا کاری پێدەکرێت، تۆ داوای قەرەبوو دەکەیت بۆ ئەو زیانەی کەلێت کەوتووە، چ زیانەکە مادی بێت چ مەعنەوی بێت، ئەو قەرەبووە جیاوازە لەگەڵ غەرامە، پێی دەوترێت تەعویز، تەعویز دەچێتە گیرفانی کەسی زیانلێکەوتوو نەک دەوڵەت، بۆیە ئەمە کارێکی ئاساییە بەپێی دەعوای مەدەنی داوای غەرامەکردنی نەکەیت داوای قەرەبوو بکەیت، بۆشت هەیە داوای هەر بڕە پارەیەک بکەیت، بەڵام دواجار دادگا ئەوە دیاریدەکات تۆ بایی چەند زیانتلێکەوتووە نەک لەخۆتەوە بەگۆتره ژمارەیەک لێبدەیت.

**دەستوور:** یەکێک لەداواکان کە لەسەر ڕۆژنامەی ئاوێنە تۆمارکراوە، لەسەر بابەتێکە دەڵێت لەهەولێر ساختەکاری زۆر کراوە، بەو پێیە لەم حاڵەتەدا قەرەبووکردنەوەکە مەعنەوی دەبێت، نەک مادی، چونکە زیانی مادی نەکردووە ئەو حیزبە؟

> هەرشتێک بەلای خەڵکەوە گرنگ بێت، مافی ڕۆژنامەنووسە قسەی لەسەربکات، بەڵام مافی ڕۆژنامەنووس نییە لەخۆیەوە بەبێ بنەما بێت ڕووداوە مێژووییەکان سوکبکات
>
> مەسەلەکە ڕێژەی ئەو هەڵەو کەموکوڕیو گەندەڵیانەی لەلایەن دەزگا حکومییەکانەوە هەیە، وایکردووە ڕۆژنامەنووسانێکی زمان توندوزبر دروستبێت

**د. سامان فەوزی:** کەسی شارەزا دەگەڕێت بزانێت هیچ زیانێکی مادی کەوتووە، زیانە مادیەکە دەبێت ڕوونتر بێت، ئایا هیچ زیانێکی مەعنەویش کەوتووە زۆربەی کات لەتاوانەکانی ڕۆژنامەنووسیدا زیانەکان مەعنەوین، بەڵام هیچ ڕێگریەک نییە لەوەی کەداوابکەیت بۆ زیانی مادیش، دواتر پسپۆڕ بڕیاردەدات ئایا زیانی مادی لێکەوتووە یان بەس زیانەکە مەعنەویە، زیانی مەعنەوی دەبێت قەرەبووەکەی چەندبێت لەبەرئەوەی زیانی مەعنەوی دیارنییە، ڕەنگە تۆ ئەگەر جامی سەیارەکەم بشکێنیت، دیارە بایی چەند زیانت لێداوم، چەندت لێداوادەکەمو دەبێت چەند قەرەبووم بدەیتێ، بەڵام تۆ سومعەم بشکێنێت، سومعە چۆن هەڵدەسەنگێنیت بەپارە.

**دەستوور:** هەستناکەی نیەتی داواکە خۆی لەخۆیدا چاوترساندنێکە بۆ ئەوەی بڵێ ڕەخنەکانتان کەمبکنەوە؟

**د. سامان فەوزی:** بەشێک لەڕۆژنامەنووسان پێیانوایە، ئەمە هۆکارەکەی بێت، بەڵام پێموایە سکاڵابەرزکردنەوە کارێکی ئاساییە، مادام پەنای بردووە بۆ دادگا پێی ناوترێت چاوترساندن، پێی دەوترێت ڕێگەی یاسایی گرتنەبەر، بەپێچەوانە ئەگەر ڕۆژنامەکە داواکەی بردەوە جارێکیتر مەسەلەکە دەشکێتەوە لەسەر ئەو کەسەی کەسکاڵاکەی بەرزکردووەتەوە، ئەوەندەیتر تۆمەتەکەی لەسەر ساغدەبێتەوە، لەبەرئەوە من ئەوە بەچاوترساندن نازانم.

**دەستوور:** گەڕانەوە بۆ ڕابردوو باسکردنی لەلایەن ڕۆژنامەنووس تاچەند ڕێگەپێدراوە ڕۆژنامەنووس دەتوانێت قسە لەسەر مێژوو بکات؟ بەتایبەتی ئەوەی لەماوەی ڕابردوودا ڕوویدا لەمەسەلەی قانعی فەرد، ئایا مافی ڕۆژنامەنووس نییە قسە لەسەر ئەو بابەتانە بکات یاخود نا؟

د. سامان فەوزی: هەرشتێک بەلای خەڵکەوە گرنگ بێت، مافی ڕۆژنامەنووسە قسەی لەسەربکات، بەڵام جۆری قسەکە چییە ئەوەیان گرنگە، مافی ڕۆژنامەنووس نییە لەخۆیەوە بەبێ بنەما بێت ڕووداوە مێژووییەکان سوکبکات، ئەو مەسەلانەی بەلای خەڵکەوە گرنگی ئەوتۆیان هەیە یان بوونەتە سیمبۆلێک سوکبکات، بەڵام بێگومان مافی ڕۆژنامەنووسو هەر لێکۆڵەرێکی مێژووییە لەکاتی لێکۆڵینەوەکەیدا بە بەڵگەو کۆمەڵێک ئیعتیباراتیتر ڕوداوێک کە لەمێژوو ڕوویداوە بیسەلمێنێت کەبەو شێوازە نەبووە، بەڵام نابێت بەبێ بنەمابێت، نابێت تەنیا مەبەستەکەی سوککردن بێت، دەبێت بەپێی بەڵگەبێت بەڵگەکانیش تەنیا مەبەستمان لەو بەڵگانە نییە کە لەوڵاتە نەیارەکان لەو وڵاتانەی کەشۆڕشەکانی کوردیان لێکراوە دەستیکەوتبێت، دەبێت بەڵگەکان زۆر لەوە بەهێزترین، بەڵگەی هەمەلایەنە بێت بەڵگەی وڵاتە بێلایەنەکان بێت، ئەگەر بتوانێت بەو شێوازە بەپێی بەڵگە شتەکانی بڵاوبکاتەوە، هەتا ئێمەش پێمان ناخۆش بێت لەو حەقیقەتەی کە لەڕابردوودا بەجۆرێک زانیومانە ئێستا جۆرێکیتر دەرچووە. ئەمە خۆمان دەتوانین خۆمان بگونجێنین لەگەڵ ئەو ڕاستییە، گرنگ ئەوە ڕاستیەکە ئاشکرابووە، ئەی چۆن بتوانین مێژوو بخوێنینەوە، مێژوونووس واتا چ کاتێک خوێندنەوەیەکی جیاوازی لەسەر دەبێت، ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە.

**دەستوور:** ئەگەر قانعی فەرد ئەو قسەیەی نەکردایە مێژوونووسێکی تر، یان کەسێکی تر بوایە، بەرپرسێکی باڵای هەرێم یان کەسێکی حیزبی بوایە بەهەمان شێوەبوو؟

**د. سامان فەوزی:** بەڵێ پێموایە بەهەمان شێوەبوو، لەبەرئەوەی سەرکردەیەکی خۆمان هەندێکجار لەبەر ناکۆکییەکی سیاسی دێت قسەیەک دەکات لەسەر سەرکردەیەک لەڕابردوودا، جا سەرکردەکە قازی محەمەدە یان شێخ مەحمودە یان شێخ سەعیدی پیرانە، ئەمانە کۆمەڵێک سیمبۆڵی کوردن تائەم ساتە مێژوونووسەکانمان، ئەدیبەکانمان پێیانوایە ئەمانە سیمبۆلی کوردن، کەتۆ دێیت بەپێچەوانەی ئەو بڕوایەی خەڵک قسەدەکەیت، پێویستە بەڵگەت پێبێت لەگیرفانتەوە قسەنەکەیت، من قسەناکەم لەسەر قانعی فەرد یان هەر ڕووداوێکی تر بەگشتی قسەدەکەم، کەمێژوو موڵکی کەس نییە، موڵکی حیزبێک نییە، بەڵام لەهەمانکاتدا هەموو کەسێک بۆی هەیە قسەی لەسەر بکات، بەڵام قسەکانی بێبناغە نەبێت، بەتاڵکردنەوەی ڕقو کینەیەک نەبێت.

# "توندکردنی سزاکان، تاوانەکانی رۆژنامەنووسی کەمناکاتەوە"

## د. سامان فەوزی پسپۆڕی یاسایی رۆژنامەوانی بۆ دەستوور

شۆڕش خالید

**د. سامان فەوزی پسپۆڕی یاسایی رۆژنامەوانی‌و ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەچاوپێکەوتنێکدا کەدەستوور لەگەڵیدا سازیداوە، بڕوای وایە توندکردنی سزاکان لەیاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەوانیدا تاوانەکانی رۆژنامەوانی کەمناکاتەوەو رۆژنامەوانیش لەو فەوزایە دەرناکات کەتێی کەوتووە.**

**د. سامان ئاماژە بەو نییەتە دەکات کەدەیەوێت مەودای ئازادی رادەربڕین توندبکاتەوە، لەهەمانکاتیشدا رەخنە لەرۆژنامەنووسان دەگرێت کەبەشێکیان کەمئەزموون‌و کەمتەرخەمن‌و بەهۆی کەمتەرخەمیانەوە تاوانی رۆژنامەنووسی ئەنجامدەدەن‌و پاساودەدەنە دەسەڵاتداران بۆ کۆتو بەنددانان لەسەر ئازادی.**

**دەستوور:** هەوڵێک هەیە لێرەو لەوێ باس لەهەمواركردنی یاسای رۆژنامەگەری دەکرێت، ئایا بەڕاستی یاسای رۆژنامەگەری پێویستی بەهەمواركردنە؟

**د. سامان فەوزی:** بێگومان ئێستا قسەو باسێک هەیە لەسەر هەمواركردنەوەی یاسای رۆژنامەگەری، قسەو باسێکی جدیشە لایەنە بەرپرسەکان لەلایەکەوە حکومەتیش ئەوەی خستووەتە بەردەمی رۆژنامەنووسان، کەپێویستە لەلایەن خۆیانەوە هەوڵی چاککردنی باری رۆژنامەنووسی بدرێت، واتا هەوڵێکی جدییە، فەرهاد عەونی نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسان چەندجارێک باسی لەوە کردووە، کەئەو دۆخەی رۆژنامەنووسان هێناویانەتە ئاراوە، پێدەچێت وا لەلایەنی بەرانبەر بکات کە بەیاسای رۆژنامەگەری بچێتەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئێستا بەهۆی ئەو ئازادییە رێژەییەی لەبواری رۆژنامەوانیدا هەیە، بەهۆی زۆربوونی رێژەی رۆژنامەو رۆژنامەنووسانەوە، کەمئەزموونی بەشێک لەو رۆژنامەنووسانە زۆرجار تاوانی رۆژنامەنووسی‌و زۆر بەئاسانی ناوی خەڵکی دەزڕێنرێت، ژیانی تایبەتیان باس دەکرێت، بابەتی دژی ئەخلاقی کوردی‌و دژی سیستەمی گشتی‌و سەرکردەکان بڵاودەکرێنەوەو بۆنە نەتەوەییەکان‌و رووداوە مێژووییەکان کەکورد شانازی پێوەدەکات، سوکدەکرێت لەلایەن هەندێک لەرۆژنامەو گۆڤارەوە، ئەمە وایکردووە جۆرێک لەکاردانەوە لەلایەن دەزگاکانی حکومەتو نوێنەرانی خەڵک کەپەرلەمانە دروستبێت لەسەر ئەوەی کەپێویست دەکات جارێکی دیکە ئەو یاسایە هەمواربکرێتەوە.

بەڵام بەبڕوای من ئەگەر قسە لەسەر ئەوەبێت بەهەمواركردنەوەی ئەو یاسایە سزای سەر رۆژنامەنووسان توندبکرێن، پێموانییە توندکردنی سزا ببێتەهۆی کەمکردنەوەی تاوانەکانی رۆژنامەنووسی‌و ئەو فەوزاییەی کەرۆژنامەنووسی ئێستا تێی کەوتووەو کەمیبکاتەوە، بگرە پێویستمان بەوە هەیە بەردەوام کار لەسەر ئەوەبکەین هۆشیاری یاسایی‌و رۆژنامەنووسی لەلایەن رۆژنامەنووسان زیادبکەین، بەردەوام قسە لەسەر ئەخلاقی رۆژنامەنووسی بکەین، کەدەبێت رۆژنامەنووسان خۆیان سانسۆرێکی خودیان لەسەر خۆیان هەبێت، کەچی پێویستە بیڵێن‌و چی پێویستە نەیڵێن. چونکە هەموو رۆژنامەنووسێک پێویستە ئەو راستییە بزانێت هیچ ئازادییەک بەئازادی رادەربڕینەوە رەهانییە، لەهەموو وڵاتێکی دونیا بەوڵاتە پێشکەوتووەکانیشەوە دەبێت ئەو سنوورانە نەبەزێنرێت. بەتایبەتی لەکاتێکدا کەرۆژنامەنووس بەڵگەیەکی تەواوی پێنەبێت یان بەرژەوەندییەکی گەورەتر لەو بەرژەوەندییەی کەسنوورەکەی بۆ دیاریکراوە لەپشت ئەو بەزاندنەوە نەبێت، بۆیە پێموایە لەو وڵاتانەی کەسزای لەسێدارەدان هەیە، تاوان تێیدا کەمترنییە لەو وڵاتانەی کەسزای لەسێدارەدانی تێدانییە، بەهەمانشێوە سزای رۆژنامەنووسان زیاتریش بکرێت، پێموایە نابێتە هۆی ئەوەی تاوانەکانی رۆژنامەنووسی کەمبێتەوە، یەکێک لەهۆکارەکانی ئەو قەیرانە خودی ئەو رێکخراوانەن کە لەبواری رۆژنامەنووسیدا دروستبوون، بۆ نمونە کاتێک رۆژنامەنووسێک ناوزڕاندنێک ئەنجامدەدات، کەسی بەرانبەر جا کەسێکی بەرپرسە یان ئاساییە، کەسێکی سروشتییە یان حکومەتە یان دەزگایەکی حکومەتە، دێت سکاڵا بەرزدەکاتەوە، چەندین رێکخراوی مەدەنی دێن نارەزایی بەرانبەر ئەو سکاڵایە بەرزدەکەنەوە، دێن پاڵپشتی ئەو رۆژنامەنووسە دەکەن، لەکاتێکدا دەبێت ئەو راستیە بزانین رۆژنامەنووسیش کەتاوان دەکات، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ تاوانبارێکی دیکەدا، رەنگە یەکێک چەقۆیەک لەدەستی بدەیت، خۆشتربێت وەک لەوەی ناو و سومعەتی بزڕێنیت، کاتێک تۆ داکۆکی لەو تۆمەتبارە دەکەیت بەکوێرانە بەس لەبەرئەوەی رۆژنامەنووسە، دێیت بەیاننامەی بۆ بڵاودەکەیتەوە، ناوی ئەوەندەی تر گەورەدەکەیت، وای لێدێت رۆژنامەنووسانی دیکەش سانسۆرە خودیەکان لەسەر خۆیان دروستناکەن، گاڵتەیان بەو سکاڵایانە دێت کە لەسەریان تۆماردەکرێن، لەکاتێکدا لەهەموو وڵاتێکی مۆدێرن‌و شارستانی هەموو کەسێک بەحکومەتو سەرکردەکانەوە مافی سکاڵا بەرزکردنەوەیان هەیە.

**دەستوور:** لەقسەکانتدا وادەرکەوت ئەو دۆخەی کەخوڵقاوە دەخەیتە ئەستۆی رۆژنامەنووسانەوە، بەڵام پێتوانییە بەرپرسان زیاتر هەوێنی ئەو دۆخەن، چونکە نە ئەوەتا هەندێکجار کار بەیاساکە دەکرێت لەدەزگاو لەلایەن بەرپرسانەوە، لەلایەکی تریش زۆری‌و بۆری ئەو گۆڤارو رۆژنامانە ئەوان خوڵقاندوویانە؟

**د. سامان فەوزی:** هەموو لایەنەکان تێیدا بەشدارن، بەڵێ مەسەلەکە کارو کاردانەوەیە، مەسەلەکە رێژەی ئەو هەڵەو کەموکوڕی‌و گەندەڵیانەی لەلایەن دەزگا حکومییەکانەوە هەیە، وایکردووە رۆژنامەنووسانێکی زمان توندوزبر دروستبێت، کاتێک رۆژنامەنووس چەندجارێک هەوڵی رەخنەگرتن دەداتو کەس گوێی لێناگرێت، لەجاری دووەم‌و سێیەمدا زمانەکەی توندترو زبرتر دەکات، پێموانییە ئەو دۆخە تەنیا رۆژنامەنووسان دروستیانکردبێت، بگرە لەهەمانکاتدا نەبوونی یاسایەک بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکان وا لەرۆژنامەنووس دەکات زۆرجار بکەونە هەڵەوە لەبڵاوکردنەوەی زانیارییەکانیان، لەهەمانکاتیشدا هەڵەو کەموکوڕی بەرانبەر نابێت پاساوێک بێت بۆ هەڵەو کەموکوڕی خۆمان، دەبێت ئەوەشمان لەپێش چاوبێت ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەنووس چوونەتە ناو بوارەکەوە کەرۆژنامەنووسانێکی ئێجگار زۆری کەمئەزموونی تێدایە، کەبنەمایەکی رۆشنبیری رۆژنامەنووسی پیشەیی ئەوتۆیان نییە، ئەمانەش هۆکارن. واتا بەڵێ راستە دەزگا حکومییەکان‌و لایەنە سیاسییەکان رۆڵیان هەیە لەوەدا، بەڵام خودی رۆژنامەنووسانیش پشکێکی گەورەیان هەیە.

**دەستوور:** ئەی لێردا کەزانیاریت نادەنێ، رێگەی مەشروع چییە بۆ رۆژنامەنووسان؟

**د. سامان فەوزی:** رۆژنامەنووس دەبێت ئەو راستییە بزانێت یاسایەکی رۆژنامەنووسی هەیە لەکوردستان زۆر پێشکەوتووترە لەیاسای رۆژنامەنووسی وڵاتانی دەوروبەر، دەبێت ئێمە کوردستان نەشوبهێنین بەسوید، بارودۆخی ئابووری‌و



کۆمەڵایەتی‌و سیاسیمان وەکو سوید نییە، بەڵکو دەکرێت بیشوبهێنین بەهەندێک لەو وڵاتانەی کە لەدەوروبەرمانن، کە لەعێراق پێشکەوتووترن، یاسای رۆژنامەنووسی وێڕای کەموکوڕییەکان‌و هەڵەکانی لەگەڵ ئەوەشدا یاسایەکی پێشکەوتووە لەرووی کۆمەڵێک بنەماوە، بەتایبەتی لەگۆڕینی سزای گرتن بەسزای غەرامە لەشێوازی دەرکردنی رۆژنامە کەزۆر بەئاسانی دەردەکرێت، چواندنی رۆژنامەنووس بەکارمەندی حکومی کاتێک دەستدرێژی دەکرێتەسەر، وەک وایە دەستدرێژی کرابێتە سەر کارمەندێکی حکومی، لەکۆمەڵێک بنەمای دیکە کۆمەڵێک مافیان پێدراوە، بەڵام لەهەمانکاتدا کۆمەڵێک یاسا هەیە تەواوکەری یاسای رۆژنامەگەرییە، وەک یاسای دەستکەوتنی زانیارییەکان دەرنەچووە، کە دەرنەچووە هەڵایەکی گەورەی دروستکردووە، پرۆژەی یاسایی هەیە خراوەتە بەردەم پەرلەمان بۆ دەرکردنی ئەو یاسایە، پێموایە بەو روحیەتە کارکردن ئەگەر یاسای دەستکەوتنی زانیارییەکان لەکوردستانیش دەربچێت، ئەو جۆرە رۆحیەتی کارکردن‌و ئەو زمان زبرییەی لەلای هەندێک رۆژنامەنووسان هەیە، هەر دەمێنێت، ئەمە پاساوێکە بۆ زمان زبرییەکەیان، راستە ئێستا ئەو یاسایەمان نییە کەزۆر گرنگە هەبێت، بەڵام بەبێ بوونی ئەو یاسایەش رۆژنامەنووسان لەرێگەی پەیوەندییە شەخسییەکان لەکۆمەڵێک رێگەی ترەوە توانیویانە ئەو زانیارییانەی دەیانەوێت دەستیانبکەوێت، ئەو رۆژنامەنووسانەی کەموعتەبەرن، بەڵام هەندێک رۆژنامەنووس هەیە ئەوەندە پەلەی بڵاوبوونەوەی بابەتەکەیەتی، ناچێت بەدوای راستی زانیارییەکاندا بگەڕێت، ئەگەر یاسای دەستکەوتنی زانیارییەکان هەبێت، ئەو کەمتەرخەمییەی کە لەهەندێک رۆژنامەنووسان دروستبووە، نارەوێتەوە، لەکاتێکیشدا هەندێک رۆژنامەنووس هەیە موعتەبەرە کاتێک کەزانیارییەکی گرنگ هەیە، هەرهیچ نەبێت پێش دابەزاندنی زانیارییەکە دەچێت گفتوگۆ دەکات لەگەڵ ئەو لایەنەی کەزانیارییەکەی پێوە پەیوەستە، جا وەڵامبداتەوە یان نا قسەکانی ئەوانیش بەهەمان شێوە بڵاودەکاتەوە، ئەوە رێگەی راستی کارکردنی رۆژنامەنووسییە.

**دەستوور:** ئەو کەسانەی داوای هەمواركردنەوەی یاساکە دەکەن کەسانی حیزبین یان ئەو رۆژنامەنووسانەن بەجۆرێک لەجۆرەکان نزیکن لەحیزبەوە، ترس لەوە ئەوەیە ئەو کەسانە کەباسی هەمواركردنەوەکە دەکەن مەبەستیان کەمکردنەوەی ئازادییەکان بێت، بەڕای تۆ ئەو کەموکوڕیانە کامانەن کە لابدرێت باشترە؟

**د. سامان فەوزی:** یاسای رۆژنامەگەری پێویستی بەهەمواركردنەوە هەیە، بەڵام هەمواركردنەوەیەک بەدیوە ئیجابیەکەی نەک بەدیوە سلبیەکەی، من ئەگەر یەکێک بم لەوانەی بەشداری هەمواركردنەوەی ئەو یاسایە بکەم، کۆمەڵێک هەڵەو کەموکوڕی لەو یاسایە هەیە، دەبێت برەوێنرێتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا نیەتێک هەیە کەنیازی وایە سزاکان توندتربکات، نیازی وایە شێوازی دەرکردنی رۆژنامە قورستر بکات، نیازی وایە کۆمەڵێک بەندو مادە بخاتە ناو سزاکانەوە، بۆ نمونە لەیاسای رۆژنامەگەری کوردستاندا پێشێلکردنی ئادابی گشتی یان سیستەمی گشتی نەهاتووە لەکاتێکدا لەناو جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤیش هاتووە، کەرۆژنامەنووس دەبێت پێشێلی ئەخلاقی گشتی‌و سیستەمی گشتی نەکات، ئەم روحیەتەیە کەدەیەوێت یاساکە هەمواربکرێتەوە ئەمە ترسەکەی دروستکردووە، دەنا هەمواركردنەوەی یاسا بۆ چاکترکردن‌و باشترکردنی هیچ کێشەیەکی تێدانییە، بەڵام پێدەچێت ئێستا رۆحیەتیەک هەبێت لایەنێک هەبێت یان کەسانێک هەن لایەنگری ئەوەبن کەمێک بەرەو توندترکردن‌و داخستنی دەرگاو پەنجەرەکانی سەر ئازادی بن، بۆیە ترسێک لەلای رۆژنامەنووسە ئازادەکان دروستبووە لەسەر ئەو هەمواركردنە، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو هەمواركردنە رووبدات، دەبێت ئەو هەڵەو کەموکورتیانەی بەجدی لەناو یاساکەدا هەیە، لابەرین، نەک مەسەلەی توندکردنی سزاکان.

**دەستوور:** لەیاساکەدا بەهیچ شێوەیەک ئادابی گشتی تەعریفنەکراوە، هەروەها ئەمنی قەومیش بەهەمان شێوە، کاتێکیش رۆژنامەنووسان بابەتێک بڵاودەکەنەوە، وەڵامی بەرپرسان ئەوەیە دەڵێن ئەمنی قەومی یان ئادابی گشتی پێشێلکردووە، لەمەدا کێ تاوانبارە؟

**د. سامان فەوزی:** سەبارەت بەچەمکی ئادابی گشتی‌و سیستەمی گشتی لەناو زۆربەی یاسای وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیادا هەیە، لەناو جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ هەیە، بۆ نمونە پەیماننامەی مافە مەدەنی‌و سیاسییەکان کە لەساڵی ١٩٦٦دا دەرچووە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پاشکۆیەکە بۆ جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤی ١٩٤٨، لەمادە ١٩ی پەیماننامەی مافە مادەنی‌و سیاسییەکاندا هاتووە رۆژنامەنووسان ئازادن لەبڵاوکردنەوەی زانیاری‌و هەواڵ‌و گەیاندنی بەوەرگر، پێویستە وڵاتان هیچ سانسۆرێک دانەنێن تەنیا ئەگەر پێویست بێت ئەو سانسۆرە بۆ پاراستنی ئاکاری گشتو ئاسایشی گشتی، تەنانەت هەندێک چەمکی تریشی گرتووەتەوە وەکو تەندروستی گشتی‌و ناوزڕاندن‌و پێشێلکردنی ژیانی تایبەت، واتا ئەو پێنج شتەی باسمکرد مەبدەئێکە لەهەموو وڵاتێک کاری پێدەکرێت بەجۆرێک لەجۆرەکان، لەیاسای رۆژنامەگەری دەرهێنرا، دوای ئەوەی لەناو پەرلەمان تاوتوێکرا، ئەو چەمکانە لەناو پرۆژەیاساکە دەرهێنرا پێشئەوەی ببێت بەیاسا لەژێر داوای رۆژنامەنووسە ئازادەکان، بەڵام ئەمە بارودۆخێکی دروستکرد ئەوەش ئەوەیە کە ئەو خاڵانە دەرهێنرا لەناو یاسای رۆژنامەنووسی، دادگاکان ئەگەر بێت سەرپێچی ئەخلاقی گشتی‌و سیستەمی گشتی هەبێت، دەگەڕێنەوە بۆ یاسای سزادان لەبەرئەوەی لەیاسای رۆژنامەگەری نەیوتووە تەنیا ئەم تاوانانە رۆژنامەنووسان دەگرێتەوە هیچ تاوانێکیتر نییە، بۆیە مەسەلەی تەعریفکردنی دەستەواژە کاری یاسا نییە کاری فیقهەکانن، کاری ئەو کەسانەیە لەبوارێک لەبوارەکانی یاسا لێکۆڵینەوەو قوڵبوونەوەیان هەیە بۆ زانینی ئەو یاسایە، لەدواجاردا تێگەیشتن لەو دوو چەمکە کاری دادوەرەکانە، دەبێت باوەڕمان بەدادوەرەکانمان هەبێت.

**دەستوور:** بەڵام لەکوردستاندا زۆرجار دادوەر هەبووە وەک بەرپرسێکی پۆلیس مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووسان دەکاتو لێکۆڵینەوە دەکات، گلەییەکە ئەوەیە دادگاکان سەربەخۆ نین؟

**د. سامان فەوزی:** نامەوێت بەو رەهاییە قسە لەسەر سەربەخۆی بوونی دادگاکان بکەم، پێموایە دادگاش کەدەسەڵاتی سێیەمی پێدەوترێت، بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتێکی تازە هەروەکو چۆن پەرلەمان هەڵەو کەموکوڕی هەیە، حکومەت هەڵەو کەموکوڕی هەیە، بێگومان دادگاکانیش بێ هەڵەو کەموکوڕی نین، رۆژنامەنووسانیش بێ هەڵەو کەموکوڕی نین، بەڵام ئەو هەڵەو کەموکوڕیانە پێویستە هەوڵی کەمکردنەوەی بدرێت لەو شوێنانەی کەدەکرێت دەستی لەسەر دابنێین، بۆ ئەوەی تەڕو وشک بەیەکەوە نەسوتێت، دادوەری چاکیشمان هەیە بەهیچ جۆرێک لەژێر کاریگەری حیزبەکان نییە، لەوانەشە بووبێت بەجۆرێک لەجۆرەکان هەندێک لەبڕیارەکان کە لەدادگاوە دەرچوون، کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی حیزبە دەسەڵاتدارەکان، بەڵام پێوستە رۆژنامەنووسان چاکو خراپ بەیەکەوە تێکەڵنەکەن، ئەو بڕیارانەی بەعەمدی پێچەوانەی یاسان، هەڵەی زەقیان لەسەرە، قسەیان لەسەر بکرێت، چونکە دادوەران مرۆڤن‌و قابیلی هەڵەو کەموکوڕین، بەڵام ترسناکی لەوەدایە هەڵەو کەموکوڕییەکە بەعەمدی‌و بەویست بێت، دەنا هەڵەو کەموکوڕی بەبێ عەمدی کارێکی ئاساییە.

**دەستوور:** داواکەی پارتی کە لەسەر

> دادگا ئەوە دیاریدەکات تۆ بایی چەند زیانت لێکەوتووە نەک لەخۆتەوە بەگوێرە ژمارەیەک لێبدەیت

> پێدەچێت ئێستا رۆحیەتیەک هەبێت، لایەنگری ئەوەبن کەمێک بەرەو توندترکردن‌و داخستنی دەرگاو پەنجەرەکانی سەر ئازادی بن

> پێموانییە توندکردنی سزا ببێتەهۆی کەمکردنەوەی تاوانەکانی رۆژنامەنووسی‌و ئەو فەوزایەی کەرۆژنامەنووسی ئێستا تێی کەوتووە

# تیپی هونەریی رەنگاڵە بۆ جەژن پارێزەرەکەی رەحمە نمایشدەکات



دەستوور

بۆ رۆژانی جەژنی رەمەزان تیپی هونەریی رەنگاڵە شانۆگەریی پارێزەرەکەی رەحمە نمایشدەکات.

ماهیر حەسەن دەرهێنەرو ئەکتەری شانۆیی پارێزەرەکەی رەحمە بۆ دەستوور وتی "بۆ رۆژانی جەژن شانۆیی پارێزەرەکەی رەحمە پێشکەشدەکەین، کە لەئامادەکردنو نووسینی مامۆستا تۆفیق عەبدولو لەدەرهێنانی خۆمە».

شانۆیی پارێزەرەکەی رەحمە هونەرمەندان ئەحمەد رەووفو رێزان فەرەجو ئالا عومەرو کەمال چالاکو کوردە عوسمانو فەرەیدون حەمەساڵحو قادرجەلالو نەوزاد ئەحمەد بەشدارییان تێدا کردووەو لەرۆژانی جەژن لەهۆڵی سەنتەری گەنجان نمایشدەکرێت.

تیپی هونەریی رەنگاڵە لەساڵی ١٩٩٨ەوە دامەزراوەو تائێستا نۆ بەرهەمی شانۆییان پێشکەشکردووە.



# خۆشەوی هیرانی جەژن سوتماک بڵاودەکاتەوە



رەوەند جەواد

لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا گۆرانیبێژ خۆشەوی هیرانی وتی دوای سێ مانگ لەبڵاوبوونەوەی ئەلبومی سوتماک، لەوڵاتی تورکیا دووکلیپم تۆمارکردووە. وتیشی کلیپێکیان بەناوی سوتماکەوە لەرۆژانی جەژندا وەک دیارییەک بۆ جەماوەرەکەم بڵاودەکرێتەوە، کەشیعری قەهار شێخانیو ئاوازی خۆمەو لەوڵاتی تورکیا وێنەی بۆ گیراوەو بەسیستمێکی کوالێتیی بەرز کاری بۆ کراوە.

# سێ رۆمانی بەختیار عەلی لەشانۆگەرییەکدا

رەوەند جەواد

بارزان سنجاوی کە ئێستا سەرقاڵی کارکردنە لەشانۆیی نیشتمانی شێتەکان وتی ماوەی سێ ساڵە سەرقاڵی ئامادەکردنی ئەو دەقەم کە لەسێ رۆمانی بەختیار عەلییەوە وەرگیراوە.

بارزان بۆ دەستوور وتیشی سودم لەرۆمانەکانی ئێوارەی پەروانەو شاری مۆسیقارە سپییەکانو غەزەلنووسو باخەکانی خەیاڵی بەختیار عەلیو نۆڤلێتی حەسارو سەگەکانی باوکمی شێرزاد حەسەنو رۆمانی حیکایەتەکانی باوکمی فەرهاد پیربالْ وەرگرتووە.

ئاماژەی بەوەشدا کەشانۆییەکە باسی سەردەمی ئێستا دەکاتو وا لەبینەر دەکات بیربکاتەوە، نەک بەخۆشەویستی هەستەکانی بجوڵێو سەرقاڵی سۆزبێتو توانای بیرکردنەوەی نەبێت.


هەروەها وتی لەماوەی دوو مانگی داهاتوودا کاری پرۆڤەی شانۆییەکە تەواودەبێتو پاشان نمایشیدەکەن.

# هەفتەیەک بۆ شکسپیر

موحسین یاسین

تیپی شانۆیی سالار لە١ تا ٦ی ئەم مانگە هەفتەیەکی بۆ نمایشکردنی شاکارە شانۆییەکانی نووسەری بەناوبانگ ولیام شکسپیر ئەنجامدا.

ئەم هەفتەیە بۆ نمایشکردنی چەپکێک لەو فیلمە سینەماییانە بوو کە لەشانۆییەکانی ولیام شکسپیرەوە وەرگیراونو لەلایەن دەرهێنەرانی بەناوبانگی جیهانییەوە کراونەتە فیلمی سینەمایی.



دوای نیشاندانی فیلمەکان لەلایەن هەریەک لەشانۆکاران ئەحمەد سالارو یاسین قادر بەرزنجیو دڵشاد مستەفاو یونس حەمەکاکەو ئەرسەلان دەروێشەوە سیمیناری تایبەت بەفیلمە نمایشکراوەکان سازکرا.



**تەرازوو** (٢٢ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

ماوەیەکە بەدوای شتێکدا دەگەڕێیت، بەڵام تائێستا نەتتوانیوە بیدۆزیتەوە هەروەک بێزار بوویت لەگەڕان. ئەوەشت لەبیرنەچێت ئەو شتەی بەدوایدا وێڵیت، هیچ بایەخێکی سۆزداریی نییە، بەڵام پێویستە بزانی پشوودرێژی باشترین چارەسەرە.



**دووپشک** (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

هاوڕێکانت رەخنەیان لێت هەیە، بەڵام ئەمە بەڕاستەوخۆیی نادەن لەڕووت. باشتروایە لەگەڵ کەسە نزیکەکانتدا قسە لەبارەی ئەو کێشانەوە بکەیت کەهەتە. هەفتەی داهاتوو لەوانەیە شتێک بەدەست بهێنی.



**کەوان** (٢٢ ت. یەکەم - ٢٠ ک. یەکەم)

ژمارەیەک لەهاوڕێکانت تۆ بەکەسێکی کراوە دەزانن، بەتایبەت کاتێک باسی هەندێک شتی ژیانی تایبەتیتیان بۆ دەکەیت، بەڵام تۆ تەنیا لەگەڵ کەمێکیان هەست بەئاسوودەیی دەکەیت. لەم ماوەیەدا دڵت خۆشدەبێت.



**گیسک** (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

تۆ دەزانی ئەگەر دەستپێبکەیت دەتوانی ئەو کێشەیە چارەسەربکەیت، کەواتە پێویستە دەستپێبکەیتو دەست پێشخەرییەکان لای تۆوە بن. دڵنیابە ئەوەی کەهەوڵی بۆ دەدەیت، هەر ئەوە ئامانجی تۆیە.



**سەتڵ** (٢٠ ک. دووەم - ١٨ شوبات)

هەندێک شت کەوەختە رووبدەن بەتەواوەتی ژیانت دەگۆڕن. ئەو گۆڕانکارییانە پەیوەستن بەو هەلانەوە کەهەڵدەکەونو چۆنیەتی قۆستنەوەیان. خۆشترین رۆژ بۆ خۆشەویستی، رۆژی شەممەیەو رۆژێکی نمونەییە.



**نەهەنگ** (١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

هەندێک کێشەی ناوماڵ بێزارتدەکەن، لەو کێشانەی کەبەردەوام چارەسەرییان دەکەیتو سەرهەڵدەدەنەوەو تۆش نازانی سەرچاوەکەیان کوێیە. لەبەرئەوە پێویستە بەدوای سەرچاوەکەیاندا بگەڕێی بۆ ئەوەی بنبڕیان بکەیت.

www.netewe.com

# هۆگر کەریم: دەترسم ببمە گۆرانیبێژێکی ناودار



ئا: موحسین یاسین

گۆرانیبێژ هۆگرکەریمی تەمەن ٢٣ ساڵ کە لەوەرزی یەکەمی بەرنامەی کوردستاری کەناڵی ئاسمانیی کوردساتدا پلەی چوارەمی بەدەستهێناوە، ئێستا سەرقاڵی تەواوکردنی ئەلبومەکەیەتی کە نۆ گۆرانی لەخۆگرتووە، لەم گفتوگۆیەی رۆژنامەی دەستووردا ئاماژە بەسەرەتای کاری هونەریو ژیانی تایبەتیی خۆی دەکات، هەروەها ئاشکرایدەکات کە لەوە دەترسێت ببێتە گۆرانیبێژێکی زۆر بەناوبانگ.

**تەمەنی منداڵی**

هۆگر لەمنداڵیدا هارو بزێو بووەو زۆرجار شەڕیکردووە، هەر لەمنداڵییەوە حەزی لەگۆرانیوتنو نواندن بووەو حەزی لەدەنگی هونەرمەندان تایەرتۆفیقو شەماڵ سائیبو عەلی مەردانو فواد ئەحمەدو هۆمەری دزەیی بووە.

**بەشداری لەفیلمدا کردووە**

لەسەرەتای منداڵییەوە بەکاری نواندن دەستیکردووە بەکاری هونەری، لەساڵی١٩٩٩ لەفیلمی چارەنووسدا بەشداریکردووە، پاشان بەشداریی فیلمی رۆژانی زەردا کردووە، کەڕۆڵی سەرەکی بینیوەو بەڕۆڵی پاشای شەیتان بەشداربووە کەلەنووسینو سیناریۆی سەمیر عەبدۆکە.

**لەمەوعیدا باشە**

ناوبراو لەبارەی مەوعیدەوە دەڵێت ئەگەر کێشە نەیەتەرێم وکاری گەورەم بۆ دروستنەبێت، ئەوا زۆرباشم، بەڵام بەگشتی لەو مەوعیدانەی کەدامناوە، یاخود بۆیاندناوم لەکاتی دیاریکراودا ئامادەبووم.

**کوردستار بەخەڵکی ناساند**

هۆگر هەروەک باسیکرد زۆر گەشبینە لەژیانداو لەدوای بەرنامەی کوردستار بەگۆرانی من هەڵەمکرد لەلای جەماوەر ناسراوە کەئاوازی سالار کۆشارو تێکستی نازم دڵبەندە.

**٦٠٠ دۆلاری داوە بەکچێک**

هۆگر بەرانبەر بەڕۆڵبینین لەکلیپی نزای عەشقدا ٦٠٠ دۆلاری داوە.

**ئەلبومەکەی تەواوبووە**

هۆگر ئاماژەی بەوەشدا ئەلبومەکەی تەواوبووەو لەداهاتوویەکی نزیکدا لەڕێی کۆمپانیای ڤینەوە بڵاودەبێتەوەو هەشت گۆرانیی لەخۆگرتووە.

**حەزی لەڕەنگی ڕەشو سپییە**

هۆگر ئاشکرایکرد لەجلوبەرگدا حەزی لەڕەنگی ڕەشو سپییەو زیاتریش قاتو بۆینباخی پێجوانە.

**نهێنییەک ئاشکرادەکات**

نهێنییەک لەناخی هۆگردایەو تائێستاش زۆر لەهاوڕێکانی نازانن ئەو نهێنییە چییە، هەربۆیە هۆگر بڕیاریداوە کە لەکاتی بڵاوکردنەوەی ئەلبومەکەیدا نهێنییەک ئاشکرابکات، هەروەها وتی "ئەو نهێنییە زۆر لەلام خۆشەویستەو زۆرپیرۆزو گەورەیەو لەبەرگی ئەلبومەکەمدا ئاشکرایدەکەم".

**وەرزشدەکات**

هەفتەی ٤ رۆژ لەماڵەوە یاریی لەشجوانی دەکات.

**"با کلتووری کوردی ون نەکەین"**

هۆگر دەستخۆشی لەگۆرانیبێژە هاوتەمەنەکانی دەکات بۆ کلیپەکانیانو داواشیان لێدەکات کلیپو گۆرانییەکانیان مۆرکی کوردی پێوەبێتو کلتووری کوردی ون نەکەین، چونکە ئێمە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندمان هەیە.

**لەناوبانگی دەترسێت**

هۆگر وتی هەمووکات بۆ ئەوڕۆژە گریاومو دەترسم رۆژێک لەڕۆژان ببمە گۆرانیبێژێکی زۆر ناودارو هەموو دنیا بمناسێت، بەڵام لەخۆمبایبمو بەرانبەر کەسە نزیکەکانی خۆم بگۆڕێم، لەبەرئەوە هەمووکات بۆ ئەوە دەگریم کەمن لەخۆم نەگۆڕێم و ژیانێکی ئاسایی بژیم.

# ئێوارەی پەروانە لەنەرویج نمایشدەکرێت

موحسین یاسین

سەنتەری شانۆی رۆژئاوای وڵاتی نەرویج، لەڕۆژانی ٧ تا ١١ی ئەم مانگە شانۆیی ئێوارەی پەروانە بەزمانی نەرویجی پێشکەشدەکات. شانۆگەرییەکە لەڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیارعەلییەوە وەرگیراوەو تاریق هێدی وەریگێڕاوە بۆ زمانی نەرویجیو هونەرمەندی شانۆکار سدیق عەزیز ئامادەی کردووەو کاری دەرهێنانی بۆ ئەنجامداوە.

سەنتەری شانۆی رۆژئاوای نەرویج، یەکێکە لەو سەنتەرە شانۆییانەی کە بووەتە دەروازەیەک بۆ پێگەیاندنی منداڵانو گەنجانی خاوەن بەهرەی شانۆیی، ئەم سەنتەرە وەک قوتابخانەیەک ساڵانە بەدەیان منداڵو گەنج لەتەمەنی ٦ ساڵییەوە تا ٢٠ ساڵی ڕووی تێدەکەن بۆ خۆپێگەیاندنو گەشەدان بە بەهرەو تواناکانیان لەبواری شانۆدا.

# هاوکار فەرهاد تەنیا بۆ دەنگخۆشەکان کلیپ دروستدەکات



رەوەند جەواد

هاوکار فەرهادی کامێرامان رایگەیاند تەنیا بۆ گۆرانیبێژە دەنگخۆشەکان کلیپ دروستدەکات.

وتیشی لەچەند رۆژی رابردوودا سەرقاڵی کلیپێک بووم بۆ نوێترین بەرهەمی گۆرانیبێژی تەمەن سەید ئەحمەد رواندزی، کە لەدەرهێنانو کامێرای خۆمو کاری رووناکیش سیروان مەحمودە.

هاوکار وتی من کاری کلیپ ناکەم، تەنیا بۆ دەنگخۆشەکان کلیپ دروستدەکەم.

ئاماژەی بەوەشدا ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی فیلمێکە.

# کەمال عەلی یاد کلیپدەکات



موحسین یاسین

هونەرمەند کەمال عەلی کە لەوڵاتی بەریتانیا نیشتەجێیە، ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانو گۆرانیی یادی کلیپکرد.

کەمال عەلی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی گۆرانیی یادی کلیپکردووە، کە ئاوازو هۆنراوەی بەختیار عەبدوڵڵایە.

گۆرانیی یاد لەشاری هەولێر کلیپکراوەو لەلایەن کامێرامان شاهۆ تەیبەوە کاری وێنەگرتنو مۆنتاژو دەرهێنانی بۆ کراوەو لەم ماوەیەدا بڵاودەکرێتەوە.

www.netewe.com



**کاوڕ** (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

ئەگەر کەسانێک بیانەوێت بەگوێرەی خواستی ئەوان هەندێک کار ئەنجامبدەیت، ئەوا بەڕوونی پێیاندەڵێی کەئەوە ناکەیت. حەز بە بەرەنگاربوونەوەو پێشبڕکێ دەکەیت، ئەگەر نەچێتە چوارچێوەی هێرشکردنە سەر کەسایەتیت.



**گا** (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

کاتێکی ناسکە بۆ گرتنەوە دەستی جڵەوی ئابووریی ئەم قۆناغەی ژیانت. ئەم ماوەیە بەرانبەر بەکێشەکان بەهێز دەبیتو دەتوانی چارەسەریان بکەیت. ئەمەش وا دەکات لەجاران خۆشحاڵتر دەربکەویت.



**دووانە** (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

هەندێک گۆڕانکاریی مەعنەوی لەژیانتداو بەتایبەتی لەژیانی تایبەتیتدا ڕوودەدەن. هەندێک حاڵەت کەوەک کێشە دەردەکەون بێزارتدەکەن، بەڵام دواتر لەگەڵیان رادێیتو ئاساییدەبن بەلاتەوە. پارە لەهەندێک کەلوپەلی ناوماڵدا خەرجدەکەیت.



**قرژاڵ** (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

ئەم ماوەیە توانای ئەوەت هەیە جەستەت بخەیتە باشترین دۆخەوە لەڕووی کێشو تەندروستییەوە. ناسینو تێکەڵاوبوون لەگەڵ کەسێک کە لەدەرەوەی وڵات ژیان بەسەردەبات، لەوانەیە پەیوەندییەکی خۆشەویستی لێبکەوێتەوە.



**شێر** (٢٢ تەموز - ٢٢ ئاب)

پێویستە ئاگات لەکێشت بێتو هەوڵبدەیت قەڵەو نەبیت، ئەمەش بەوەی بەرنامەیەک بۆ خواردنو وەرزشت دابنێیت. لەوانەیە کەسێک بناسیت ببێتە هۆی ئەوەی لەژیانتدا گۆڕانکاریی بنەڕەتی دروستبکات.



**فەریک** (٢٢ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

ئەم ماوەیە پێویستت بەبەختی باشەو پێدەچێت لەکۆتایی هەفتەدا ئەو بەختە ڕووت تێبکات. هەندێک کار بەئاسانی نایەن بەدەستەوەو ئەمەش پێویست بەنیگەرانی ناکات. ئاگاداری باری سۆزداریت بەو لەبیری مەکە.

# تائێستاش بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بەتەزکیەی حیزب دادەنرێن

## مامۆستایان پێیانوایە تائێستا لەدانانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکاندا حیزبایەتی لەبری لێهاتوویی لەبەرچاودەگیرێت



لەسەردەمی دوو ئیدارەییەوە تا ئێستا زۆربەی بەڕێوەبەرەکان سەر بەحیزبەکانن

کامەران*

مامۆستایان گلەیی‌و ناڕەزایی لەشێوازی دانانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان دەردەبڕن، پێیانوایە تائێستا حیزب بەڕێوەبەری قوتابخانەکان دادەنێت‌و لەو کارەدا ڕەچاوی حیزبی بوون دەکرێت نەک تواناو لێهاتوویی.
مامۆستایان ئاماژە بەوەدەکەن کەهەر بەڕێوەبەرێک کەحیزب دایبنێت تا مردن لەپۆستەکەی دەمێنێتەوە، ئەوان داواکارن ماوەی بەڕێوەبەریەتی دیارییبکرێت‌و کۆتایی بهێنرێت بەدەستتێوەردانی حیزب لەکاروباری خوێندندا.
ئەحمەد عومەر، ماوەی ١٠ساڵە مامۆستایە، وتی "باشترە بەپێی ساڵ بەڕێوەبەریی دیارییبکرێت، نەک وای لێهاتووە مەگەر مردن لەو پۆستە دووریانبخاتەوە، نازانم ئەمە لەچ یاسایەکدا شوێنی دەبێتەوە".
ئەو مامۆستایە پێیوایە دانانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لەلایەن حیزبەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کەهیچ پەیوەندییەک لەنێوان مامۆستاو بەڕێوەبەردا نەبێت، وتی "دانانی بەڕێوەبەر لەلایەن حیزبەوە زیاتر کەسایەتی دیکتاتۆر لەبەڕێوەبەرەکاندا بەرجەستەدەکات‌و دواتر هیچ پەیوەندییەک لەنێوان مامۆستاو بەڕێوەبەردا ناهێڵێت".
لەسەردەمی دوو ئیدارەییەوە تائێستاش زۆربەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان سەر بەحیزبەکانن‌و بەتەزکییەی ئەوان دانراون، ئەگەرچی چەندین جار باسی ئاڵوگۆڕی بەڕێوەبەرەکان کراوە، بەڵام تا ئێستا هەر قسەیە.
کاروان عوسمان ماوەی نۆ ساڵە مامۆستایە، ئاماژە بەوەدەکات کەبەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان هەر ئەو بەڕێوەبەرەیە کەکاتێک ئەو خوێندکاربووە ئەو بەڕێوەبەر بووە، وتی "تۆ بڵێیت کەسێکیتر توانای بەڕێوەبەریی نەبێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە حیزب داینـاون بۆیە بەئاسانی دەست بەرداری نابن".
هەروەها وتی "سەرجەم بەڕێوەبەرەکان بەتەحەداوە دەڵێم بەتەزکیەی حیزب دانراون، هەقە ئیتر ئەم شێوازی دانانی بەڕیوەبەرانە گۆڕانکاری تیادا بکرێت، چونکە زۆرێکیان لەڕووی ئیداری‌و هەڵسوکەوتەوە لاوازن".
م. نوری ڕەشید لێپرسراوی کەرتی شارەزووری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ئاشکرایدەکات کەپێشتر لەدانانی بەڕێوەبەردا حیزب دەستتێوەردانی کردووە، بەڵام دەڵێت ئێستا بەپێی لێهاتوویی بەڕێوەبەر دادەنرێت.
نوری ڕەشید بەدەستوری وت "پێشتر لەوە دەچێ حیزب دەستوەردانی کردبێت‌و شتێکی لەو جۆرە هەبووبێت، بەڵام ئێستا بەپێی لێهاتوویی بەڕێوەبەر دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدام دانانی بەڕێوەبەر بەتوانا بێت‌و مەسەلەی حیزبی فەرامۆشبکرێت".
بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، بەپێی یاساکانی سیستمی پەروەردە، لەقوتابخانە بنەڕەتییەکاندا مامۆستا دەبێت بەلایەنی کەمەوە پێنج ساڵ خزمەتی کەمتری نەبێت‌و سێ ساڵیش جێگری بەڕێوەبەری بکات ئینجا دەبێتە بەڕێوەبەر.
هەروەها لەبەشەئامادەییەکان بەپێی سیستمی نوێی خوێندن مامۆستایانی "فیزیاو کیمیاو زیندەوەرزانی" ناکرێنە بەڕێوەبەر، دەبێت بەڕێوەبەر دەرچووی کۆلێژی پەروەردە بێت، چونکە لەکۆلێژی پەروەردە هەندێک وانەی ئیداری دەخوێنرێت لەکۆلێژەکانیتر ناخوێنرێت.
بەڵام بەهۆی دەستتێوەردانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لەکاروباری خوێندندا، لەکاتی دانانی بەڕێوەبەردا بەهیچ شێوەیەک ئەو مەرجانە لەبەرچاوناگیرێن‌و زۆربەی ئەوانەی کەدەبنە بەڕێوەبەر خزمەتێکی کەمو شارەزاییەکی ئەوتۆیان نییە لەکاروباری ئیداری‌و لەڕێگەی مەڵبەندو لقەکانەوە دادەنرێن.
محەمەد ئەحمەد کەریم، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی شارەزوور، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "من پێم باشە ماوەیەک دیارییبکرێت بۆ بەڕێوەبەر، چونکە هەندێک بەڕێوەبەر ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە ئینجا دەبێت بەدیکتاتۆر لەبەڕێوەبردنی ئیشەکەی‌و زۆرینەی مامۆستایان لێی ڕازی نابن".
هەروەها وتی "من ناتوانم بڵێم حیزب ڕۆڵی نەبووە لەدانانی بەڕێوەبەر، بەڵام بەڕێوەبەریش هەیە حیزبی نییە".
بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی شارەزوور ئاماژەی بەوەدا کە لەئێستادا دەستیان نەکردووە بەدانانی بەڕێوەبەرەکان، تابزانین حیزب ڕۆڵی تیادا دەبینێت یان نا، بەڵام دەڵێت "ئەگەر کەسێک بەپێی یاساو ڕێنماییەکان گونجاو نەبوو بۆ بەڕێوەبەر، ئەگەر من دامنا مانای وایە یاسام جێبەجێنەکردووە".
ئیسماعیل بەرزنجی بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی "ئێمە وەکو فەلسەفە ئەوەمان هەیە کەدانانی بەڕێوەبەر لەسەر ئەساسی تواناو لێهاتوویی‌و شارەزایی دابنرێت، بەڵام بارودۆخی دوو ئیدارەیی ماوەیەکی زۆری خایاندو ئەو کارەش شوێنەواری دوو ئیدارەییە، بۆیە ئەوە وا زوو چارەسەرناکرێت".
هەروەها وتی "لەمەولا ئێمە هیچ لاریمان لەوە نییە ئەگەر بەڕێوەبەرێک تواناو شارەزایی هەبێت، بەبێ گوێدانە هەر بیروباوەڕێک، بەڵام بیروباوەڕی لەگەڵ زانست‌و سەردەمدا بگونجێت، ئەوا هیچ کێشەیەکمان نییە، چونکە وەزارەت هیچ گشتاندنێکی نەکردووە بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرێک لەسەر بنەمای حیزبایەتی دابنرێت".
ئاماژەی بەوەشدا کەئێستا بەڕێوەبەرەکان دانراون‌و سەرپەرشتیاری خۆیان هەیەو بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت‌و وتی "بۆیە ئەگەر سەرپێچییەک هەبێت لێیان دەپێچینەوەو دەیان بەڕێوەبەریش لەئەسماڵدا لادراون".

***محەمەد نەجیب بەشداری لەم ڕاپۆرتەدا کردووە**

# داوادەکرێت یەکپۆشی مامۆستایان نەسەپێنرێت

## بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە ماوەی دوو ساڵە پرۆژەی یەکپۆشی مامۆستایان تاوتوێدەکەن، بەڵام تائێستا بڕیارەکە جێبەجێنەکراوە

محەمەد نەجیب لەسلێمانی

لەساتی کردنەوەی دەوامی خوێندنەگەکاندا، یەکپۆشی مامۆستایان جارێکیتر قسەی لەسەر دەکرێتەوەو بەشێک لەمامۆستایانیش یەکپۆشی ڕەتدەکەنەوە.
مامۆستاو بەڕێوەبەرانی خوێندنگەکان داوادەکەن بەهیچ جۆرێک یەکپۆشی نەسەپێنرێت، بەشێک لەمامۆستایان لەگەڵ ئەو بڕیارەدان‌و بەگونجاوی دەزانن، بەڵام بەشێکی زۆریان ڕەتیدەکەنەوەو پێیان گونجاو نییە.
بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە ماوەی دوو ساڵە پرۆژەی یەکپۆشی مامۆستایان تاوتوێدەکەن، بەڵام تائێستا بڕیارەکە جێبەجێنەکراوە، ئەگەرچی لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا بەشێک لەخوێندنگەکان بەتایبەت قەزاو ناحیەکان ئەو نووسراوەیان پێگەیشتووە.
کەمال نوری بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی ڕەتیکردەوە هیچ بڕیارێکیان ڕەوانەی خوێندنگەکان کردبێت، بەڵام داوایکرد وەزارەت ئەو بڕیارە بسەپێنێت.
کەمال نوری وتی "یەکپۆشی مامۆستا جارێ ئیجباری نییە، وەک ئەوەی بۆ خوێندکاران ئیجبارییە، چونکە نەبووە بەبڕیار".
بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی ڕایگەیاند هەر بەڕێوەبەرو خوێندنگەیەک خۆیان سەربەستن لەوەی کەیەکپۆشی دەکەن یان نا، بۆیە ئەوەی کەدەیکات زۆر باشەو جێگای دەستخۆشییە.
کەمال نوری وتی "ئێمە پێمانباشە مامۆستایان خۆیان ئەوە بکەن، پێشتریش هەندێک خوێندنگا یەکپۆشیان کردووەو سەدریەی سپیان لەبەرکردووە، ئێمەش ڕێزو سوپاسمان ئاراستەکردوون".
بەشێک لەمامۆستایان ئەو بڕیارە بەقورس دەزانن، چونکە مامۆستا لەچوارچێوەی خوێندنگەدا دەهێڵێتەوە، وایان لێدەکات نەتوانن وەک پێویست لەسنووری خوێندنگە بچنەدەرەوە.
فەهمی شەریف ماموستا لەخوێندنگەی زەردەهاڵی بنەڕەتی، وتی "یەکپۆشی تەنانەت بۆ خوێندکاران بەقورس دەبینم، ئیتر چۆن بۆ مامۆستایان قورس نەبێت".
هەروەها وتی "یەکپۆشی لەرژێمە کۆنەکاندا جێبەجێدەکرا، بۆیە ئەگەر مامۆستا ئەو جلانە لەبەربکات، ئەوا ناتوانێت لەسنووری خوێندنگە بچێتە دەرەوە".
فەهمی ئاماژەی بەوەدا کەهیچ حیکمەتێک لەپشت یەکپۆشی مامۆستایانەوە نابینێت‌و تەنها شتێکی ڕۆتینات نەبێت.
مامۆستا فەهمی دەڵێت چاوەڕوانی پەرچەکردارێکی گەورە دژی ئەو بڕیارە دەکرێت، چونکە هەموو مرۆڤێک بەسروشتی خۆی حەزدەکات ئازاد بێت.
یەکپۆشی مامۆستایان ئەوەی تائێستا هەیە ئەوەیە کەمامۆستاکان هەموویان سەدریەی سپی بپۆشن.
میقداد حەمەساڵح مامۆستا لەئامادەیی خورماڵی کوڕان وتی "یەکپۆشی ماموستایانم پێ باشە، چونکە ئەو شتە دەبێتە هۆی ئەوەی مامۆستایان تەرتیب بن بۆ دەوامکردن".
ژیان ڕەسوڵ بەڕێوەبەری خوێندنگای ژینی کچان لەسلێمانی، لەگەڵئەوەدا نییە ئەو یەکپۆشییە بەئیجباری بێت بۆ مامۆستایان، بەڵام وتی لەگەڵ ئەوەدام کەجلی فەرمی دەوام جیا بێت.
مقداد حەمەساڵح پێیوایە هەر گۆڕانکارییەک لەکۆمەڵگەیەدا بکرێت، تاکەکانی بەچاوی ڕەخنەوە تەماشایدەکەن‌و وتی "بۆیە ڕەخنەش لەیەکپۆشی دەگیرێت".
ژیان ڕەسوڵ وتی "ئێمە لەجلپۆشیندا تووشی سەرگەردانییەک بووین‌و جلەکان لەیەکترجیاناکەینەوە، جلی هەموو شوێنەکان شێواوە".



دوای یەکپۆشی خوێندکاران سەرەی مامۆستایان دێت

# بانکێک لەسلێمانی مامەڵەکردن بەخوێنی مرۆڤەوە کۆتایی پێدەهێنێت

## بەڕێوەبەری بانکی سەرەکی خوێن دەڵێت لەئێستادا مەڵبەندەکەمان توانای دابینکردنی خوێنی پێویستی بۆ نەخۆشەکان هەیە



بێستون فەتاح

کارمەندانو بەڕێوەبەرانی بانکی سەرەکی خوێن لەسلێمانی دەڵێن توانیویانە دیاردەی مامەڵەی کڕینو فرۆشتن بەخوێنەوە کۆتایی پێبهێنن، هاووڵاتیان دڵنیادەکەنەوە کەلای ئەوان رێژەی پێویستی خوێن بۆ نەخۆشەکان دابینکراوە.

**خوێن بۆ فرۆشتن نییە**

بانکی سەرەکی خوێن لەسلێمانی، کەرۆژانە چەندین بتڵی خوێنیان لەڕێگەی ئەو هاووڵاتیانەوە دەستدەکەوێت کەخوێنیان زۆرەو بەو بنکەیەی دەدەن، دەڵێن بەهۆی خوێنبەخشێکی زۆرەوە توانیویانە دیاردەی مامەڵەکردن بەکڕێنو فرۆشتنی خوێنەوە کۆتایی پێبهێنن، کە لەچەند ساڵی رابردوودا هەبووە.

بەڕێوەبەری بانکی سەرەکی خوێن کەمەڵبەندێکی تەندروستییە لەسلێمانی، پێیوایە بانکی سەرەکی خوێن رۆڵی سەرەکی دەبینێت لەدابینکردنی خوێن بۆ ئەو نەخۆشانەی کەپێویستیان بەخوێنە.

کەلسوم خدر لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "بانکی سەرەکی خوێن رۆڵی سەرەکی دەبینێت لەدابینکردنی خوێن لەناوچەکەدا، وەکو مەڵبەندی نیشتمانی خوێن وایە لەشاری بەغداد".

بەهزاد محەمەد کارمەندی بەشی خوێن وەرگرتن لەبانکی خوێن، بەدەستووری وت "دیاردەی خوێن فرۆشتن لەم شارەدا نەماوە، بەهۆی بوونی رەسیدی بانکەکەمانەوە، لەلایەکی ترەوە ئێمە دەبێت ئەو خوێنە بدەین بەنەخۆش کەپشکنینی تەواوی بۆ ئەنجامدراوە".

**پشکنین بۆ خوێنەکە دەکرێت**

بەڕێوەبەری بانکی سەرەکی خوێن هەموو نەخۆشێک دڵنیادەکاتەوە کەئەو خوێنەی لای ئەوانە پشکنینی پزیشکی بۆ کراوە. ئەو وتی "ئەم مەڵبەندە بەرپرسیارە لەئامادەکردنی خوێن بۆ نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانیو کۆنترۆڵکردنی پشکنینی ڤایرۆسی بۆ هەموو بوتڵێکی خوێن، واتە هەر بتڵێک خوێن لەم مەڵبەندە بچێتەدەرەوە هەموو پشکنینەکانی بۆ کراوە".

لەو بانکەدا پشکنینی ئایدزو پشکنینی هەوکردنی ڤایرۆسی جۆرەکانی (B. C) بۆ هەموو بوتڵێکی خوێن دەکرێت.

**خوێن بەگوێرەی پێویستی حاڵەتەکان دەدرێت**

کارمەندانو بەڕێوەبەرانی ئەو بانکە دەڵێن بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بتوانن خوێن بۆ ئەو نەخۆشانە دابینبکەن کەکتوپڕنو لەحاڵەتی پێویستدان یان لەدەرەوەی سلێمانییەوە هاتوونو خزموکەسیان لەگەڵدا نییە، هەندێکجار خوێن نادەنە ئەو نەخۆشانەی کەخزموکەسیان لایانو توانای پێدانی خوێنیان هەیە.

لەکاتی خوێن بەخشیندا بانکی سەرەکی خوێن رووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەو گرفت دەبێتەوە، بەهۆی ئەوەی بانکەکە نایەوێت خوێن بۆ هەموو نەخۆشێک دابینبکات.

بەهزاد کارمەندی مەڵبەندی خوێن بەخشینی سلێمانی، بەدەستووری وت "ئەوانەی روومان تێدەکەن هەندێکیان دانیشتووی شاری سلێمانی نین، هەر بۆیە ناچارین لەرەسیدی خۆمان خوێنیان بدەینێ، هەندێکجاریش هاووڵاتیان داوای ئەو خوێنەمان لێدەکەن کەبەخشویانەو هیچ پشکنینێکی بۆ نەکراوە".

هەروەها وتی "هەندێک هاووڵاتی هەیە لەخوێنبەخشین دەترسێن، نایانەوێت خوێن ببەخشنە نەخۆشەکەیان، چاوەڕوانی ئەوەدەکەن ئێمە بۆیان دابینبکەین، ناشکرێت خوێن بۆ هەموویان دابینبکەیت، بەگوێرەی پێویستیو حاڵەتەکانە".

لەو مەڵبەندە دوو جۆر خوێن بەخشین هەیە، جۆرێکیان تەنها مەبەستیان خوێن بەخشینە، جۆرەکەی تریشیان ئەوانەن کەسێکیان پێویستی بەخوێنەو لەو پێناوەدا خوێن دەدەن.

کەلسوم خدر بەڕێوەبەری بانکی سەرەکی خوێن وتی "ئەوانەی خوێن دەبەخشن هەندێکیان هۆکاری ئەوەیە ئاستی رێژەی خوێنی جەستەیان بەرزە، بەڵام ئەوانەی خوێن دەبەخشن بەکەسوکاریان، ئێمە خوێنەکەی خۆیان وەردەگرینو بتڵێک خوێنی ئامادەکراوی دەدەینێ کەهەموو پشکنینێکی بۆ کراوە".

کەلسوم باس لەوە دەکات کە بەهیچ شێوەیەک ناهێڵن ئەو نەخۆشانەی پێویستیان بەخوێنە بێ خوێن بنو وتی "ئێمە ناهێڵین نەخۆشەکانی سالاسیماو شێرپەنجەو رووداوەکان بێ خوێن بن، هەر بۆیە هەمیشە رەسیدێکی خوێنمان هەیە".

لەبارەی رەسیدی خوێنەوە کەچۆن بەدەستیدەهێنن. کەلسوم بەدەستووری وت "زۆربەی جار پەیوەندیدەکەین بەدەزگای ئاسایشو پۆلیسو فەرماندەی گشتیو لایەنی حیزبیو رێکخراوە مەدەنییەکانەوە، لەحاڵەتی زۆر پێویستیشدا پەنادەبەینە بەر کەناڵەکانی راگەیاندنو داوا لەهاووڵاتیان دەکەین".

بەپێی زانیارییە تەندروستییەکانی ئەو بانکە رێژەی خوێن بەخشین لەپیاواندا زۆرترە بە بەراورد بەژنان.

رێکخراوی تەندروستی جیهانی هەموو ساڵێک رۆژی ٦/١٤ دەکاتە رۆژی جیهانی خوێن بەخشین بۆ گرنگی دان بەخوێن بەخشینو پێداویستی بوونی خوێنێکی تەندروست بۆ نەخۆشەکان، لەکوردستانیش ساڵانە لەو رۆژەدا رەسیدی خوێنی مەڵبەندی خوێن بەخشینی سلێمانی زیاددەکات.

> هەر بتڵێک خوێن لەم مەڵبەندە بچێتەدەرەوە هەموو پشکنینەکانی بۆ کراوە

# "ئەوانەی چەوری خوێنیان هەیە، زیاتر تووشی جەڵدەی دەماخ دەبن"

## دکتۆر نزار محیەدین پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناوی بۆ دەستوور

ئیلهام عەبدوڵڵا

دکتۆر نزار محیەدین پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناوی لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا، تیشک دەخاتەسەر نەخۆشییەکانی چەوری خوێنو نیشانەکانو چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییە.

**دەستوور:** چەوری خوێن (کۆلیستروڵ) چییە؟

**د. نزار:** دوو جۆر چەوری خوێن هەیە کە لەناو خەڵکیدا بڵاوە، ئەوانیش کۆلیستڕۆڵ لەگەڵ ترای گلیسراید، لەش هەردوو ئەم چەورییەی دەستدەکەوێت لەدوو سەرچاوەوە یەکێکیان خواردن سەرچاوەی دەرەکی کەرۆژانە ئەو چەوریییەی دەیخۆین ١٠٠گم-ی ترای گلیسرایدە تەنها ١ گم-ی کۆلیسترۆڵە. سەرچاوەی دووەم سەرچاوەی ناوەکی لەناو جگەری مرۆڤ دروستدەبێت لەمادەی کاربۆهیدرات.

**دەستوور:** رێژەی ئاسایی (نورمەڵ)ی کۆلیسترۆڵو ترای گلیسراید لەخوێندا چەندە؟

**د. نزار:** هەرکاتێک کۆلیسترۆڵو ترای گلیسراید لەخوێندا زیادیانکرد (زیاد لەرێژەی خۆیان کەرێژەی ئاسایی (نورمەڵ)ی کۆلیسترۆڵ بەبێ نانخواردن لەبەینی ٢٠٠ — ٢٥٠ مگم/ دسیلیترەو رێژەی ئاسایی نورمەڵ ترای گلیسراید بەبێ نان خواردن لەبەینی ١٨٠-٢١٠ مگم/دسیلیتر)، لەمانە بەرزتر ئەوسا بەو کەسە دەوترێت کەوا چەوری بەرزە، مەرجیش نییە لەهەمان نەخۆشدا هەردووکیان بەرزبن، لەوانەیە یەکێکیان بەرزبێت ئەوەی تریان نۆرماڵبێت.

**دەستوور:** هۆی دروستبوونی چەوری چییە؟

**د. نزار:** هۆی بەرزبوونەوەی چەوری خوێن دوو جۆرە

١- بەرزی چەوری خوێنی یەکەمی (prim) کەئەمە زۆربەی بەهۆی هۆکاری جینەوە دەبێت، هۆکاری دەوروبەرە لاوەکی وەک جگەرەکێشان، قەڵەوی، خواردنی چەوری تێر وەکو چەوری حەیوان.

٢- بەرزی چەوری خوێنی دووەم (second) وەک ئەو نەخۆشانەی کەنەخۆشی شەکرەیان هەیە یان عجزی عقدەی دەرەکیان هەیە یان نەخۆشی گورچیلە یان گیرانی بۆرییەکانی زراویان هەیە، یان هەوکردنی پەنکریاس، هەندێک دەرمان بەکاردەهێنن کەزیانی لاوەکی ئەو حەپانە دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی چەوری وەکو شیرویدەکان یان ئیتروجین (هۆرمۆن) حەب بیتا بلۆکیرس وەکو ئندیرال.

**دەستوور:** نیشانەکانی چەوری خوێن چییە؟

**د. نزار:** بەڕاستی بۆچوونێکی هەڵە هەیە لەناو خەڵکدا وادەزانن کەهەرکاتێک چەوری خوێن بەرزبوو، دەبێتە هۆی سەرگێژخواردنو سەرئێشە، یان رشانەوەو دڵتێکەڵاتن، بەڵام لەڕاستیدا بەرزی چەوری خوێن نابێتە هۆی هیچ نیشانەیەک، بەڵکو دەبێتە هۆی هەندێک ماک، وەک ئەوانەی کەچەوری خوێنیان هەیە، زیاتر موعەرزن کەتووشی نەخۆشیی دڵو بۆرییە خوێنەکانی دڵ ببن، یان تووشی جەڵدەی دەماخ دەبن، یان زوو تووشی نەخۆشی هەوکردنی پەنکریاس دەبن، یان چەوری لەناو چاودا دەنیشێتو کاردەکاتە سەر بینین، یان دەبێتەهۆی هەڵئاوسانی جگەرو سپڵو هەڵئاوسانی کۆتای ماسولکەکانی قاچ یان دەست یان چەوری دەنیشێت لەسەر پێستی سکیانو پشتیان، جاری واش هەیە تووشی تەسکبوونەوەی زمانەی شا خوێنبەردەبن.

**دەستوور:** چارەسەری چەوری خوێن چییە؟

**د نزار:** دوو جۆر چارەسەرمان هەیە، چارەسەر بەدەرمان چارەسەر بەبێ دەرمان، ئەویش بەڕێنمایکردنی ئەوانەی کەچەورییان بەرزە چارەسەری بەبێ دەرمان بریتییە لە

١- کەمکردنەوەی چەوری تێر (چەوری حەیوان) وەکو گۆشتی حەیوان.

٢- کەمکردنەوەی خواردن کۆلیسترۆڵ بۆ (٢٠٠ ملم) رۆژانە بەمانای یەک لەسەر چواری کۆلیسترۆڵ رۆژانە.

٣- بەکارهێنانی هەندێک خواردن کەجێگەی کۆلیسترۆڵو چەوری حەیوان بگرێتەوە وەکو گۆشتی بێچەوری، گۆشتی مریشک لەگەڵ بەروبوومی شیری چەوری کەم.

٤- کەمکردنەوەی ئەو خواردنانەی کەوزەی چڕی تێدایە وەک چەوریو خواردنەوەی بیبسیو کۆلاو ساردی.

٥- زیادکردنی جوڵەو وەرزشی بۆ ئەوەی وزەو کێش کەمبێتەوە.


٦- زۆر خواردنی ئەو خواردنانەی کەپڕن لەمەوادی خوراک، دڵ دەپارێزن لەنەخۆشی وەکو سەوزەو میوەو ماست، کاهو.

٧- نەخواردنەوەی خواردنەوە کحولییەکان بەهەموو شێوەیەک.

٨- ئەگەر نەخۆشەکە جگەرەکێش بوو، پێویستە چیتر جگەرەنەکێشێت.

٩- ئەوانەی کەشەکرەیان بەرزە یان فشاری خوێنیان بەرزە، پێویستە چارەسەری پێویستیان پێبدرێت.

دووەم چارەسە بەدەرمان ئەویش بەپێدانی هەندێ حەب کەدەبێتە هۆی دابەزینی چەوری (کۆلیسترۆڵ یان ترای گلیسراید).





# پاش کشانەوەی ئەمریکا لەعێراق

## ئایا ئێران گۆڕەپانی سیاسیی عێراق کۆنترۆڵدەکات؟

ئازاد رەحمانی

وادەی جەنگی ئەمریکا لەعێراق کۆتاییهاتو هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا بەکشانەوەیان لەعێراق بەکردەوە کۆتاییان بەجەنگێکی درێژماوەی پڕ لەهەورازو نشێو هێنا. جەنگێک کە حەوت ساڵ لەمەوپێش بەفەرمانی جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا دەستپێکردو لەساڵی ٢٠١٠ بەفەرمانی ئۆباما سەرۆک کۆماری ئەمریکا کۆتاییەکەی راگەیەندرا.

بەدرێژایی ئەم حەوت ساڵە پرسی دەستتێوەردانی وڵاتانی ناوچەیی لەکاروباری ناوخۆیی عێراق یەکێک لەگرنگترین مەسەلە سیاسییەکانی عێراق بووە، ئەم بابەتە وەک سەرچاوەیەکی بەهێزی ئاژاوەگێڕیو ناسەقامگیری لەعێراقدا رۆڵی نواندووە.

کۆماری ئیسلامی ئێران وەک لایەنێکی بەهێزی ناوچەییو تۆمەتباری سەرەکی لەدەستتێوەردانە دەرەکییەکان لەعێراقی پاش رووخانی سەدام باسی لێدەکرێت، کاریگەری ئێران لەهاوکێشە سیاسییەکانی عێراقی دوای کشانەوەی ئەمریکا پرسی ئێستاکەی ناوەندە سیاسیو راگەیاندنە ناوچەییو جیهانییەکانە.

### لەناوچوونی بەعس بەقازانجی کێ بوو؟

رووخانی حکومەتی بەعس وەک گەورەترین رووداوو ئاڵوگۆڕی سیاسی لەچەند دەیەی رابردووی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باسی لێدەکرێت. ئاڵوگۆڕێک کەپێدەچێت گەورەترین بەربەستی ستراتیژیی بەهێزبوونی ئێرانیی لەناوچەکە تێکشکاندبێو ژیلەمۆی دینامیزمەکانی بەهێزبوونی ئیمپراتۆرییەتی مۆدێرنی ئێرانیی گەشاندبێتەوە. دراوسێیەک کەبەردەوام وەک هەڕەشەیەکی ئەمنیی بۆ سەر حکومەتی ئێران رۆڵی دەگێڕا، هەرەسیهێناو ئەمجارەیان ئێران دەیویست لەبۆشایی ئەمنیو بەکەڵکوەرگرتن لەئامرازە ئامادەکانی وەک مەزهەب لەئاراستەی بەرژەوەندییە درێژماوەکانیدا چالاکی بکات.

ئێران هەر یەکەمین رۆژەکانی دوای لەناوچوونی بەعس بەگەشەپێدانی زەمینەکانی نفوزی خۆی نیوە ئێرانێکی لەباشووری عێراق دامەزراند. ئێرانییەکان ئەو راستییەیان بۆ ئاشکرابوو کەئەمریکییەکان پلانیان بۆ دوارۆژی عێراق نییەو رووخاندنی سەدام لەئەولەویەتی سیاسەتەکانیاندا بووە. لەلایەکیترەوە ئەمریکییەکان لەو بڕوایەدا نەبوون کەئاڵۆزییەکانی عێراق تەشەنەبسێنێو ئاڵۆزییەکانی درێژەبێتەوە.

ئێران بەدەستتێوەردان لەئاستێکی باڵاو بەلێدانی مۆرکی خۆی لەرووداوەکان، عێراقی کردە کارتێکی بەهێز لەگەمە سیاسییەکانی ناوچەکەدا. ئێران دژی هێرشی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر عێراق بوو، بەڵام دواتر بووە براوەیەکی گەورەی گەمە سیاسییەکان. نفوزی ئێران تا ئەو ئاستە هەڵکشانی بەخۆیەوە دیت، کەئەمریکا ناچاربوو سەبارەت بەبارودۆخی عێراق دانیشتنی راستەوخۆ لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی ئێران ئەنجامبدات.

### زەمینەکانی دەستتێوەردان ئامادەبوون

لە٦٥٪ی خەڵکی عێراق شیعەن، پێوەندی ئایینی نێوان ئێرانو عێراق مێژوویەکی درێژی هەیە، ئێران بۆ ساڵانێکی درێژ پشتیوانی لەهێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق لەدژی حکومەتی بەعسی رووخاوی کرد، بەگشتی هیچ هێزێکی هەرێمی بەرادەی ئێران دینامیکەکانی عێراقی نەدەناسی.

لەناوچوونی دەسەڵاتی بەعسو هاتنەدەرەوەی شیعەکان لەگۆشەگیری، رۆڵێکی جیۆپۆلۆتیکی بەشیعەکانی عێراق بەخشی. شیعەکان بەشێوەیەکی زۆر چالاک بەشداریان لەپرۆسەی سیاسیی عێراقی دوای سەدام کردو چەندان هۆکاریتری وەک هەبوونی شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لەباشووری عێراق، هەروەها سەرچاوەیەکی بەهێزی نەوتو گاز لەو ناوچەیە، کاریگەری شیعەکانی دووهێندە کردەوە. شیعەکان پەیوەندییەکی قوڵی ئایدۆلۆژیان لەگەڵ ئێران هەبوو و سەرەنجام سەرجەمی دەرکەوتە جیۆپۆلتیکەکانی شیعە بوو بەدەرفەت بۆ حکومەتی ئێران.

لەلایەکیترەوە هاتنی ئەمریکا بۆ عێراقو ناتەبابوونی بەرژەوەندییەکانی ئێرانو ئەمریکا لەناوچەکە، وەک زەمینەیەک بۆ رووبەڕووبوونەوەی نزیکو جیدی رۆڵی نواند. هەر یەکە لەئەمریکاو ئێران جەنگی ساردی نێوان خۆیان بۆ عێراق گواستەوە، ئەم مەسەلەیەش وەک هۆکارێکی دیکە بۆ دەستتێوەردانی زیاتری ئێران رۆڵی گێڕا.

### دەستتێوەردان بەشێوازی جیاجیا

تاکتیکە جیاجیاکانی وەک ناردنی بەلێشاوی ئێرانییەکان بۆ زیارەتی شوێنە پیرۆزەکانی شیعە، پشتیوانیکردن لەمەرجەعە ناسراوە شیعەکانی عێراق، ناردنی یارمەتی بۆ زیانلێکەوتووانی جەنگ، پروپاگەندە بۆ نایاسایی بوونی هاتنی ئەمریکاییەکان بۆ عێراق، دۆستایەتی نزیک لەگەڵ بەرپرسانو کاربەدەستانی عێراقی، پشتیوانی مادی لەگروپو تاقمە چەکدارە توندڕەوەکانی ناو عێراقو بەکارهێنانی ئەم گروپانە لەکاتی پێویست، نانەوەی تۆڕی گەورەی ئیستخباراتیو زۆر تاکتیکی دیکە کۆی گشتیی پلانو سیاسەتەکانی ئێران بۆ قورسترکردنی وەزنی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لەعێراق بووە. ئەمە ئەو تاکتیکانە بوون کەساڵانێکی زۆرە قسەی لەسەردەکرێ.

ئەمریکاییەکان لەبونیادنانی دیموکراسی لەعێراق پشتیوانیان کردووە، بەڵام ئەنجامەکانی ئەم هەوڵانەی ئەمریکا بەدەسەڵاتگەیشتنی گروپو لایەنەکانی جێگەی پشتیوانی ئێرانی لێکەوتووەتەوە. بەرپرسانی ئەمریکایی ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە لەدوایین هەڵبژاردنەکانی عێراق مەسەلەکە پێچەوانە بووەتەوەو خەڵکی عێراق بەدەنگەکانیان لەدژی بەرژەوەندییەکانی ئێران رەفتاریان کرد، بابەتێک کەهێشتا بەتەواوەتی ئاشکرانەبووەو ئەگەریش وابێ ئەوەتا خەڵکی عێراق بەتەشکیل نەبوونی حکومەت باجەکەی دەدەنو داهاتووی ئەم رەوتەش نادیارە.

### رۆڵی ئێرانی دوای کشانەوەی سوپای ئەمریکا

هێشتا زووە کەئێران وەک براوەی کۆتایی رووداوە سیاسییەکانی عێراقی داهاتوو دەستنیشان بکرێ. بەشێک لەلێکۆڵەرانی سیاسی نیگەرانی ئەوەن کە لەدوای کشانەوەی سوپای ئەمریکا عێراق وەک سێوێکی گەیشتوو دەکەوێتە باوەشی ئێرانەوە. هاوکات کەسانێکیش لەو بڕوایەدان کەئەمریکا بەکشانەوەی لەعێراق بوارێکی زیاتری بۆ روبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێرانی بۆ دەرەخسێ.

وڵاتانی عەرەبی کەنداوو ئیسرائیل لەکشانەوەی سوپای ئەمریکا لەعێراق نیگەرانن، نیگەرانی ئەوان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەبارودۆخی ناسەقامگیری عێراقو قەیرانی پێکهێنانی حکومەت، ئێران بەباشترین شێوە کەڵکوەردەگرێو کشانەوەی ئەمریکاو بۆشایی ئەمنی عێراق دەکاتە دەرفەت بۆ دەستتێوەردانی زیاتر.

واشنتۆن پۆست لەمبارەوە رایگەیاند کەحکومەتی ئێران بەئارامیو لەسەرخۆ لەهەوڵی سپاردنی پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق بەنوری مالیکییە، تەنانەت بۆ جێبەجێبوونی ئەم سیاسەتە "حەسەنی دانایی فەڕ"ی کردووە بەباڵیۆزی نوێی ئێران لەعێراق، دانایی فەڕ ئەو کەسەی کە لەئەندامانی سوپای بەدری عێراقی بووەو هاوڕێی نزیکی نووری مالیکییە.

موقتەدا سەدر رایگەیاندبوو کەبەشار ئەسەد داوای لەئێران کردووە کەرۆڵێکی ئەرێنی لەعێراقدا بگێڕێ، مانای ئەم پەیامە ئەوەیە کەتەنانەت سوریاش لەرۆڵی ئێران لەعێراق رازی نییە.

شارەزایانی سیاسیی عەرەب، عێراقی دوای کشانەوەی ئەمریکا بەزەمینەکانی شکڵگرتنی سێ کوچکەی شیعی ناولێدەبەن، ئەویش لەرێگەی بەهێزکردنی زیاتری شیعەکان لەلایەن ئێرانەوە.

لەهەمووی گرنگتر نفوزی کەسانی سەر بەئێران بۆ ناو سوپای عێراقە. شیعەکانی سوپای بەدر کەساڵانێکی زۆر لەلایەن ئێرانەوە پەروەردەکراون، ئێستا بەشێکی گرنگ لەپێکهاتەی سوپای عێراق پێکدێنن.

مەسەلەیەکیتر نیگەرانییەکانی ئیسرائیل لەکشانەوەی سوپای ئەمریکا لەعێراقە کە بەچەشنێک پەیوەندی بەنفوزی ئێران لەعێراقەوە هەیە. حکومەتی ئیسرائیل لەو بڕوایەدایە کەئەژدیهای نەوسنی ئێران چاوەڕوانی قوتدانی عێراق بەمەبەستی زیندووکردنەوەی هەژموونی شیعە لەناوچەکەیە، مەسەلەیەک کەنەک هەر وڵاتانی سووننەی عەرەبی نیگەران دەکا، بەڵکو سنوورەکانی ئێران لەئیسرائیلیش نزیکتردەکاتەوە.

هەڵبەت کشانەوەی سوپای ئەمریکا لەعێراق بەمانای کشانەوەی سیاسیی ئەمریکا لەعێراق نییە. لێکۆڵەرانی سیاسیی ئەمریکا دەڵێن "ئەمریکا بەهیچ شێوەیەک ئامادەنییە کەعێراق پێشکەشی ئێران بکا، بەدڵنیاییەوە لێکدانەوەیەکی تەواو بۆ داهاتووی عێراقی دوای چوونەدەرەوەی سوپای ئەمریکا کراوە."

هێشتا زووە بۆ وێناکردنی رادەی نفوزی ئێران لەعێراقی دوای کشانەوەی سوپای ئەمریکا، رەوتی رووداوەکانی داهاتوو دەتوانێ هەموو شتێک ئاشکرابکات. ئەگەرچی بەرپرسانی ئەمریکایی باسیان لەوەکردووە کەرادەی نفوزی ئێران لەعێراق گەورەکراوەتەوەو باس لەوەش کراوە کەعێراقییەکان هیچ کات ئامادەنین کەبەرژەوەندییەکانی خۆیان هەرزارن فرۆش بکەن.

# کوردێک هەوڵی تەقاندنەوەی سیستمی هاتوچۆی کەنەدا دەدات

## هیوا عەلیزادە پەیوەندی بەگروپە ئیسلامییە توندڕەوەکانی سنووری ئێران- پاکستان- ئەفغانستانەوە بووە

پ. دەستوور

سێ کەسی تۆمەتبار بەناوەکانی میسباحودین ئەحمەدو خورەم شێرو هیوا عەلیزادە تۆمەتبارن بەئامادەکاری بۆ تیرۆرو هێرشکردنە سەر فەرمانگە حکومییەکانو سیستمی هاتوچۆی کەنەدا، بڕیارە ڕۆژی چوارشەممەی ئەم هەفتەیە دادگاییبکرێن.

یەکێک لەم تۆمەتبارانە کوردی ڕۆژهەڵاتەو ڕۆژنامەکانی کەنەدا لەم چەند ڕۆژەداو لەچەندان ڕاپۆرتدا ڕابردووی هیوا عەلیزادەیان هەڵداوەتەوە.

هێزە ئەمنییەکانی کەنەدا ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی ئاب لەهەڵمەتێکدا بەناوی "سمبوسە" ئەم سێ پیاوە کەنەداییە دەستگیردەکەنو ڕۆژنامەکان هیوا عەلیزادە وەک ڕابەری گروپەکە دەستنیشاندەکەن.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی لەڕۆژنامەکانی کەنەدادا بڵاوکراوەتەوە هیوا عەلیزادە تەمەنی ٣٠ ساڵە، زیاتر لە ١٠ ساڵە لەکەنەدا نیشتەجێیە. نۆ ساڵ لەشاری وینیپگی کەنەدا بووەو لەساڵی ٢٠٠٨ دەچێتە شاری ئۆتاوا.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی گلۆب ئەند میل، هیوا لەشاری سنووریی سەردەشتی کوردستانی ئێران لەناو خێزانێکی ٨ کەسیدا لەدایکدەبێو بنەماڵەی هیوا یەکێک لەو خێزانانە دەبن کە لەپەلامارە کیمیاییەکەی ١٩٨٧ی ناوچەکە ڕزگاریاندەبێت.

هیوا عەلیزادە لە ١٩ ساڵیدا لەڕێگەی تورکیاوە ئێران جێدێڵێو لەکەنەدا وەک پەنابەر وەردەگیرێت. لەماوەی نۆ ساڵ نیشتەجێبوون لەشاری وینیپگ بەکرێکاریو فرۆشیاری لەدوکانە ئیسلامییەکان سەرقاڵ دەبێ، هەروەها لەکۆلێژی وینیپگ ئەندازیاری کارەبای خوێندووە. هیوا عەلیزادە لەگەڵ ژنێکی خەڵکی کەنەدا کەبووە بەئیسلام ژیانی هاوسەری پێکدێنێ.

ڕزگاری عەلیزادە برای هیوا بەهاوکاری هیوای برایو پەیوەندیگرتن لەگەڵ گروپە توندڕەوەکانو هەروەها کۆکردنەوەی پارە بۆ گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکانی ناو ئەفغانستان تۆمەتبارکراوە. ڕزگار ئێستا لەکوردستانی ئێرانو لەناوچەی سەردەشتە.

ڕزگار عەلیزادە لەلێدوانێک بۆ ڕۆژنامەی گلۆب ئەند میل تەواوی ئەم تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوەو لەدەستگیرکردنی براکەیو ئەو تۆمەتە قورسانە سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕێ. جەختدەکاتەوە کە لەهەموو ژیانی بۆ یەکجاریش ئێرانی جێنەهێشتووەو پەیوەندی بەهیچ گروپو حیزبێکی سیاسی لەهیچ شوێنێک نەگرتووە.

ڕزگاری عەلیزادە بەپەیامنێری ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندووە کەهیوای برای لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا دوو جار بەمەبەستی حەج بۆ سعودییە سەفەری کردووە.

ڕۆژنامەی گلۆب ئەند میل لەزاری سەرچاوەکانی پۆلیسەوە ئاشکرایدەکا کەهیوا عەلیزادە پەیوەندی لەگەڵ گروپێکی ئیسلامگەرا لەناوچە سنوورییەکانی پاکستاندا بووەو تەنیا کەسی گروپەکەیە کە بەڕاگرتنو دروستکردنی تەقەمەنی تۆمەتبارکراوە.

پۆلیسی کەنەدا لەپشکنینی ماڵی تۆمەتبارانی کەیسەکەدا دەستیگرتووە بەسەر ٥٠ ئامرازی ئەلکترۆنی پێشکەوتوودا کەبۆ کۆنترۆڵکردنو تەقاندنەوەی بۆمب بەکاردەهێندرێ. هەروەها چەندان کۆمپیتەرو کۆمەڵێک ڕینمایی بۆ کردەوەی تیرۆریستیو کاسێتی ڤیدیۆیی بۆ فێربوونی شێوازی تەقینەوە دەستی بەسەرداگیراوە.

هیوا عەلیزادە بەپێی مادەکانی دژە تیرۆری دەستووری کەنەدا وشیارانە هەستاوە بەئاسانکاری بۆ نانەوەی ئاژاوە، لەڕێگەی تیرۆرو کۆکردنەوەی پارە بۆ گروپە توندڕەوەکان. هەروەها ماڵو شوێنی تایبەتی خستووەتە خزمەت ئەندامانی گروپەکە. ڕاگرتنو دروستکردنی تەقەمەنی بەنیازی زیانلێدان لەکەسانیتریش یەکێک لەتۆمەتەکانی ئەم تۆمەتبارە کوردەیە کە لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی کەنەداوە دەستگیرکراوەو بڕیارە چوارشەممەی ئەم هەفتەیە دادگاییبکرێت.

# موسا سەدر زیندووە !

## ٣١ ساڵ لەمەوپێش لەلیبیا ڕفێندراو تا ئێستا دیار نییە

هیوا سەلیمی



موسا سەدر

ساڵی ١٩٧٨ موسا سەدر بەمەبەستی بەشداریکردن لەکۆنگرەی گشتیی گەلی لیبیاو هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ موعەمەر قەزافی، لوبنان بەجێدێڵێو بەرەو لیبیا سەفەر دەکات، سەفەرێک کەگەڕانەوەیەک بەدوایدا نایەتو تا ئێستاش چارەنووسی ئەم ونبووە نادیارە. هەر ئەو کات حکومەتی لیبیا ڕایگەیاند کەموسا سەدر لیبیای بەمەبەستی سەفەرکردن بۆ ئیتاڵیا بەجێهێشتووە، لەبەرانبەردا پۆلیسی ئیتاڵیا ڕایگەیاند تەنیا جانتایەکو پاسپۆرتێکی موسا سەدر لەئیتاڵیایەو ناوبراو نەهاتووەتە ئیتاڵیا. بنەماڵەی موسا سەدر لەوبڕوایەدان موسا لەلایەن حکومەتی لیبیاوە ڕفێنراوەو ئێستاش لەزینداندایە، لەبەرانبەردا موعەمەر قەزافی سەرۆکی لیبیا ڕفاندنو زیندانیبوونی موسا سەدر ڕەتدەکاتەوە.

### موسا سەدر کێیە؟

موسا سەدر مەرجەعی ئایینیو سیاسیی شیعەکانی لوبنان کە بەئیمام موسا ناسراوە، لە ٤ی ژانوییەی ١٩٢٨ لەشاری قومی ئێران لەدایکبووە. لەدوای تەواوکردنی خوێندنی ئایینی لەشاری قومو دواتر لەزانکۆی تاران، بۆ درێژەدان بەخوێندن دەچێتە شاری نەجەفی عێراقو تا ساڵی ١٩٥٨ لەنەجەف دەمێنێتەوە. لەنەجەف لای کۆمەڵێک کەسایەتی ئایینی وەک سەید موحسینی حەکیمو محەمەد باقری سەدر کۆتایی بەخوێندن دێنێو دواتر دەگەڕێتەوە ئێران.

لەساڵی ١٩٦٠ لەسەر داوای کۆمەڵێک کەسایەتی ئایینی وەک حەکیمو شێخ مورتەزا ئالی یاسینو عەبدولحوسێنی شەرەفەدین ڕابەری شیعەکانی لوبنان بۆ لوبنان سەفەردەکاتو وەک جێگری شەرەفەدین ڕابەری شیعەکانی لوبنان درێژە بەچالاکییەکانی لەلوبنان دەدات.

لەساڵی ١٩٧٠ ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی شیعەکانی لوبنان دادەمەزرێنێو بەزۆری دەنگ وەک سەرۆکی ئەنجومەن هەڵدەبژێردرێت. بەشێوەیەکی جیدی تێکەڵی گەمە سیاسییەکانی لوبنان دەبێو وەک دەنگێکی بەهێز لەلایەن حکومەتی لوبنانەوە حسابی بۆ دەکرێ.

لە ساڵی ١٩٧٤ بزووتنەوەی ئەمەل بەڕابەری موسا سەدرو بەهاوکاری مستەفا چەمرانی ئێرانیو کۆمەڵێک گەنجی لوبنانی دادەمەزرێنێت. ئەمەل بووە هێزێکی میلیشیای شیعە لەلوبنان کەڕۆڵێکی بەرچاوی لەشەڕە ناوخۆییەکانی لوبناندا گێڕاو ئێستاش یەکێک لەحیزبە سیاسییە ناسراوەکانی لوبنان.

موسا سەدر لەماوەی ئەو چەند ساڵەی کە لەلوبنان بوو بەشێوەیەکی زۆر چالاک شیعەکانی ئەو وڵاتەی لەناو ڕێکخراوە سیاسیو چەکداریو کۆمەڵایەتییەکاندا ڕێکخست، ئەنجومەنی باڵای شیعەکانی لوبنانو بزووتنەوەی هەژارانو بزووتنەوەی ئەمەل ئەو ڕێکخراوە سیاسیو کۆمەڵایەتیو چەکداریانەی شیعەکانی لوبنان بوو کە لەسەردەستی موسا سەدر دامەزران.

لەتایبەتمەندییەکانی موسا سەدر کەهەموو مێژوونووسان ئاماژەی پێدەکەن، بڕوای موسا سەدر بەلابردنی ناکۆکییەکانی نێوان ئایینو ئاینزاو بیرکردنەوە جیاجیاکانی ناو لوبنان بوو. ئەو تایبەتمەندییە ئەوی لەپیاوە ئایینییەکانی تری لوبنان جیادەکردەوەو تەنانەت ئێستاش زۆر کەس لەلایەنگرانی سیکۆلاریزمو عیلمانی ناوچەکە دانی خێری بەسەردادەنێن.

### چۆن وندەبێ؟

موسا سەدر لە ٢٥ی ئاگۆستی ١٩٧٨ ساڵێک پێش لەسەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لەئێرانو لەدوایین قۆناغی سەفەرەکانی بۆ وڵاتانی عەرەبی لەسەر بانگهێشتی ڕەسمی موعەمەر قەزافی سەرۆکی لیبیا بۆ ئەو وڵاتە سەفەردەکاو ٧ ڕۆژ دواتر ون دەبێو ئەم ونبوونە تا ئێستاش درێژەی هەیە. هەرچەندە حکومەتی لیبیا ڕایگەیاند کەئیمام موسا سەدر خاکی لیبیای بەجێهێشتووە، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی دەزگای دادوەری لوبنانو ئیتاڵیاو هەروەها بەدواداچوونەکانی ڤاتیکان بەپێچەوانەی بانگەشەکانی موعەمەری قەزافی لەمەسەلەکە دەدوێن. بنەماڵەی موسا سەدر باس لەزیندوبوونی ئەو دەکەنو بەپشتبەستن بەکۆمەڵێک زانیاری ئەم مەسەلە دووبارەدەکەنەوە. بۆ وێنە لەهەواڵێکی ماڵپەڕی بەرەی ڕزگاری میلیی لیبیا بەرێکەوتی ٣ی مەی ٢٠٠١ ئاماژە بەوەکراوە کەموسا سەدر لەلایەن چەند بەرپرسێکی زیندانی ئەبوسەلیمی ترابلۆس بیندراوەو دواتر بۆ زیندانێکیتر گواستراوەتەوە. یان سەرچاوەیەکی سیاسیی لیبیایی کە لەسیستمی سیاسیی موعەمەر قەزافی جیادەبێتەوە، بەئەلجەزایر تایمز ڕادەگەینێ کەئیمام موسا سەدر زیندووەو لەژێر چاودێری وردی دەزگا ئەمنییەکانی لیبیا لەگرتووخانەدا بەسەر دەبا.

هەروەها سەدرئەدین سەدر کوڕی موسا سەدر بەئاژانسەکانی هەواڵ ڕادەگەینێ کەباوکی لەگەڵ یەعقوبو عەباس بەدرئەدین، دیلی موعەمەر قەزافی ڕابەری لیبیانو لەونبوونی ئەواندا هیچ نهێنیو نارۆشنییەکی بوونی نییە.

بەدرێژایی ئەم ساڵانە پەیوەندی سیاسیی نێوان لوبنانو لیبیا ئاڵۆزبووەو تەنانەت لەساڵی ٢٠٠٨ حوکمی گرتنی موعەمەر قەزافی لەلایەن دەزگای دادوەری لوبنان دەرکرا.

### بۆ وندەبێ؟

سەبارەت بەونبوون یان ڕفاندنی موسا سەدر ڕای جیاجیا هەیە. موعەمەری قەزافی ڕابەری لیبیا ڕفاندنی موسا سەدر لەلایەن حکومەتی لیبیاوە ڕەتدەکاتەوە، باس لەوەدەکا کەسەدر بووەتە قوربانی کێشمەکێشو ناکۆکییەکانی ناو لوبنانو گروپە نەیارەکانی سەدر لەڕێگەی چوونی موسا سەدر بۆ ئیتاڵیا تۆڵەی خۆیان لەموسا دەکەنەوە.

لەبەرانبەردا بنەماڵەی موسا سەدرو دەزگای دادوەری لوبنانو هەروەها کۆماری ئیسلامی ئێران، لیبیاو خودی موعەمەری قەزافی بەتۆمەتباری سەرەکی لەونبوونی موسا سەدر ناوزەدەکەنو بەپشتبەستن بەکۆمەڵێک زانیاری ڕفاندنی موسا لەلایەن قەزافییەوە دووبارەدەکەنەوە. ئەوان لەو بڕوایەدان کەموسا سەدر کەسایەتییەکی ناسراوی شیعە بووەو لیبیا بەپێشنیازی وڵاتانی عەرەبیو نەیارانی موسا سەدر لەناوچەکە بەتایبەت ئیسرائیل دەستی بۆ ئەم کارە بردووە.

بەپێچەوانەی هەموو ئەم بانگەشانە، عەلیرەزا نوریزادە ڕۆژنامەنووسو لێکۆڵەری ناسراوی ئێرانی دوو ساڵ لەمەوپێش لەلێدوانێک بۆ تەلەفیزیۆنی فارسی ئەمریکا موعەمەر قەزافی بەتۆمەتباری پلە دوو ناولێدەباتو باس لەوەدەکا کەئایەتوڵڵا خومەینی تۆمەتباری سەرەکی لەڕفاندنی موسا سەدر بووە.

نوریزادە لەڕوونکردەوەی زیاتر لەو بارەوە وتی موسا سەدر کەسایەتییەکی ئایینی جیا لەڕابەرانی کۆماری ئیسلامی بوو، زۆربەی شیعرەکانی حافزی شیرازی لەبەربووو زۆر هۆگری دەنگی گۆرانیبێژی ژنی ئێرانی مەرزیە بوو. موسا سەدر لەدوایین ڕۆژەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی لەئێران نامەیەکی لەڕێگەی هوشەنگی موعین زادە کارگێڕی پایەبەرزی باڵیۆزخانەی ئێران لەلوبنان بۆ شای ئێران ناردو پێشنیازی دامەزراندنی مەهدی بازرگانو هاوبیرانی مەهدی بازرگانی لەسیستمی سیاسیی ئێرانی کرد. کاتێک ئایەتوڵڵا خومەینیو هاوبیرانی بەم مەسەلەیان زانی زۆر لەموسا سەدر دڵگران بوونو سیناریۆی ڕفاندنو ونکردنی موسا سەدریان داڕشت.

نوریزادە وتی "لەدوای ونبوونی موسا سەدر شیعەکانی لوبنان پێشوازییەکی گەرمیان لەباوەڕی خومەینی لەلوبناندا کرد، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کەکوڕەکەی ئایەتوڵڵا خومەینی کچی خوشکەکەی موسا سەدری بەهاوسەری ئیختیارکردبوو، لەوە بەدواوە ئایەتوڵڵا خومەینی خۆی خستە ناو گەمە سیاسییەکانی لوبنانو دواتریش بەکەڵکوەرگرتن لەم نفوزە حیزبوڵڵای لوبنانی دامەزراند".

لەدوایین هەواڵی پەیوەندیدار بەموسا سەدر چەند ڕۆژ لەمەوپێش حەسەن نەسروڵڵا ڕابەری حیزبوڵڵای لوبنان ڕایگەیاند ئیمام موسا سەدرو هاوڕێکانی زیندوونو لەگرتووخانەکانی لیبیادان.

> «چەند ڕۆژ لەمەوپێش حەسەن نەسروڵڵا ڕابەری حیزبوڵڵای لوبنان ڕایگەیاند ئیمام موسا سەدرو هاوڕێکانی زیندوونو لەگرتووخانەکانی لیبیادان»

www.netewe.com

# منداڵەکانتان مەبەن بۆ مزگەوت

نوسینی: تەها ئەحمەد



ئەم نووسینە ئەوەندەی پەیامێکە بۆ وتاربێژان کەمتر بۆ ئەوانەیە کەمنداڵەکانیان دەبەن بۆ مزگەوت، چونکە چارەسەرەکەی لەلای مامۆستایانی وتاربێژە.

لەیەکێک لەوتارەکانی رۆژی هەینیدا مامۆستایەک زۆر داوای لەئامادەبووان دەکرد کە پابەندی شێوازو چۆنیەتی رێورەسمی ئامادەبوون لەوتاری هەینیدا بن، بۆ ئەمەش زۆربەی بەڵگەو فەرموودەو ئایەتەکانی تایبەت بەم باسەی هێنایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی هەموو مامۆستایانی وتاربێژ ئەم داوایانە لەئامادەبووان دەکەن، بەڵام من پێم وابوو زۆربەی ئەو هەڵەو کەمتەرخەمییەی کەهەیە، مامۆستایانیش بۆ خۆیان دەستیان تێدا هەیەو تەنها بەوانیش راستدەبێتەوە، بەمەرجێ بۆ خۆشیان بەهەمانشێوە پابەندبن بەو دەقانەوە کە لەو بارەوە هاتوون.

ئەو پابەندبوونە لەدوو تەوەری سەرەکیدا دەبینمەوە کەبریتییە لەماوەی وتاردانو ناوەرۆکی وتاری رۆژی هەینی، سەرەتا باس لەکاتو ماوەی وتاری رۆژی هەینی دەکەم.

**ماوەی وتاردان**

هەموو مامۆستایان ئەوە دەزانن چوار رکاتی نوێژی نیوەڕۆ لەبەر وتارەکە بووەتە دوو رکات، هەمووشیان ئەوە دەزانن دانیشتنو گوێگرتن لەوتاری هەینی ئادابو مامەڵەی تایبەت بەخۆی هەیە، تا ئەو رادەیەی بەکەسێکیتر بڵێیت بێدەنگبە ئەوە ئەو کەسە نوێژی هەینیەکەی ناتەواو دەبێت، ئەمەو چەند شتێکی تریش وادەکەن کەوتاری هەینی ماوەیەکی دیاریکراوی هەبێت، هەروەک چۆن دوو رکات نوێژی بەکۆمەڵ ناکرێت، زۆر زیاتر لەرادەی توانا درێژبکرێتەوە کەدواتر باسیان دەکەین.

چەند هۆکارێک هەیە وا لەمامۆستایان دەکات وتارەکانیان درێژبکەنەوە کەبریتین لەمانە:

١- سەرەتا لەلای هەموومان ئەوە باو بوو کەمامۆستای بەتواناو زیرەک ئەوەیە کەوتارەکەی دوورو درێژە بێت، ئەم بۆچوونە زاڵە وایکردووە وتارەکان تا دەهاتن درێژتر دەبوون.

٢- یاخود مامۆستایان دەیانەوێت ئەوەی لەیەک هەفتەی رابردوو دێت بەبیریاندا هەمووی لەو ماوەیەدا باسبکەن، زۆرجار وتارەکان ئەوەند باسی جیاجیای تێدا دەکرێت، کەزهنی ئامادەبووان توانای وەرگرتنی نابێتو تادێت وتارەکەشی پێ دوورو درێژ دەبێت.

٣- نەزانینی ئامانجو مەبەستی سەرەکیو شێوەی وتاری پێغەمبەر کەچەندێک بووە، تێکەڵکردنی بانگەوازو وتار لەکاتی غەیری نوێژی هەینیدا.

٤- یاخود مامۆستایان ئەمە وەک هەلێک دەقۆزنەوە، پێیان وایە تەنها وتاری هەینی دەتوانێت خەڵکی پابەندبکات بەدینو دروشمە دینییەکانەوە.

جا با بزانین ئەمانە دەشێن ببنە پاساو بۆ ئەوەی وتاری رۆژی هەینی درێژبکەینەوە؟

سەرەتا سەبارەت بەوەی کەئایا واباشە وتار درێژبکەینەوە یاخود کورتی بکەینەوە، ئەوەی نەیبیستووەو ئەوەشی بیستوویەتی لەپێشترە بەگوێی ئەم فەرموودەیە بکات کە لەریاز ×الحیندا ئیمامی نەوەوی هێناویەتی، دەفەرموێت وتاربێژی تێگەیشتوو ئەوەیە کەوتار کورتو نوێژ درێژبکاتەوە، مامۆستایان بەبیانوی ئەوەی نوێژکەران بیرو نەخۆشو بەتەمەنی تێدایە، نوێژی هەموویان ناکاتە چوار خولەک، ئەمە ئەگەر چوار رکات بێت، ئەی ئەگەر دوورکات بێت، ئەوا ناگاتە دوو خولەک، باشە ئەمە لەکوێدا ئەو فەرموودەیە جێبەجێکراوە لەکاتێکدا وتاری هەینی هەر لەو کاتەوەی کەمامۆستا دەچێتە سەر سەکۆو تا نوێژ زیاد لەپەنجا خولەکی پێدەچێت کە لەچاو نوێژەکەدا بیست ئەوەندەی نوێژەکەیە، ئەی هەر خۆیان ناڵێن وتارەکە لەبری ئەو دوورکاتەیە کەماوەتەوە، ئەی باشە کێ هەیە زیاتر لە ٤٠ خولەک لەنوێژی هەینیدا بمێنێتەوە؟

بەمەرجێ حاڵی مزگەوتەکان بەقەرەباڵغیو گەرماو بێ کارەباییو سەرماو بارانو بەفر هیچ لەو ریتمەی مامۆستایان ناگۆڕێتو هەر لەسەر ئەو ئاوازە وتاری خۆیان تەواودەکەن.

بەڵگەیەکیتر بۆ ئەوانەی بەشوێن بەڵگەدا دەگەڕێن، تاکو لەوەودوا ئیتر وازبهێنن لەو درێژدادڕییە، ئەگەر بەڵگە لەسەر درێژبوونی وتار هەبوایە، ئەوا پێچەوانەکەی جێبەجێدەکرا.

فەرموون ئەوە نمونەی دوو وتارەکەی پێغەمبەرە لەیەک نوێژی هەینیدا کە لەکتێبی زاد لمەعاددا هاتووەو منیش وەک خۆی بۆتان دەنووسمەوەو بزانن خوێندنەوەی ئەو دوو تێکستە لەپێنج خولەک زیاتر دەخایەنێت؟

پێغەمبەر دوای سوپاسو ستایشی خوای گەورە وتی: "اما بعد ایها الناس، فقدموا لأنفسكم تعلمن والله لي×عقن احدكم، ثم ليدعن ليس اها راع، ثم ليقولن له ربه وليس له ترجمان ولا حاجب يحجبه دونه: الم ياتك رسولي فبلغك، واتيتك مالا، وافچلت عليك، فما قدمت لنفسك، فلينظرن يمينا وشمالا، پم لينظرن قدامه فلا يرى غير جهنم، فمن استگاع ان يقى وجهه من النار ولو بشق من تمره، فليفعل، ومن لم يجد، فبكلمه گيبه، فان بها تجزى الحسنه بعشر امپالها الى سبعمائه چعف، والسلام عليكم ورحمه الله وبركاته" .

وتاری دووەمیش هەر رێک ئەوەندی وتاری یەکەمەو ئەوەشی حەزدەکات بەچاوی خۆی بیبینێت دەتوانێت سەیری کتێبی زاد لمعاد فی هدی خیر العبادی ئیمام ئبن قیم جوزی لاپەرە ١٥٢ لە بەشی "فی مبدا الجمعە" هەردوو وتارەکەی هێناوە وەک خۆی.

بێگومان وتارەکە تابڵێیت کورتو پوختو پڕمانایە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کەوتاری هەینی مەبەست لەوە نییە کەخەڵکی شارەزا بکەیت لەهەموو دین، چونکە ئەو دینەی کەتۆ دەتەوێت لەماوەی نوێژێکدا فێری خەڵکی بکەیت لەماوەی ٣٣ ساڵ لەدابەزینی وەحی گەیشتووە، بەڵام هەندێک وادەزانێت لەموحازەرەی زانکۆدایە هەموو ئامادەبووانیش لەیەک ئاستی تێگەیشتندان ئەو وتاریان بۆ دەدەدات.

هەر بۆیە دەبنین زۆرێک لەئامادەبووان سەرخەویێکیشی بۆ دەشکێننو هەڵدەستنەوە مامۆستا هێشتا لەباسی یەکەم لقی هەشتەمی خاڵی دووەمدایە، لەمەشەوە خەڵکی دەخەنە گێژاوی راجیاوازی مەزهەبەکانەوە، ئایا دەست نوێژەکەیان شکاوە یاخود نا، بیرم ناچێتەوە رێم کەوتە نوێژێکی هەینی، مامۆستا زیاتر لەکاتژمێرێک وتاریدا، خەڵکەکە تا رادەیەک بێزابووبوون بەدەنگو بەرزبوونەوەی نارەزایەتی تائەو رادەی قسەشیان بەمامۆستاکە دەوت.

دوای وتار چوم بۆ لای مامۆستاو پێموت، ئەویش تەنها بەوە وەڵامی دامەوە کەکێ پێیناخۆشە بانەیەت، ئەمە وەڵامەکەی بوو بۆ من (ئامادەبووانی نارازی)!

لەم حاڵەتەدا لەبەر دین دەبێت ئەو جۆرە مامۆستایانە رێوشوێنی یاساییان لەبەرانبەردا بگیرێتەبەر، بۆ تەنها هەر مەعازی کوری جەبەل نەبوو لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکانەی کەپێش نوێژی بۆ دەکردن، لەبەر درێژکردنەوەی نوێژەکان لەلای پێغەمبەر باسیانکرد ئەویش پێی وت " افتان □ انت یامعاژ" ئایا مامۆستایانی ئەم سەردەمە هەموویان بەر ئەم وتەیە ناکەون، کەبوونەتە هۆی وازهێنانی چەندان کەس لەچونیان بۆ نوێژی هەینی؟ من پێم وایە ئۆباڵی تاوانی ئەوانە هەمووی بەئەستۆی ئەو مامۆستایانەیە کەشتی زیاتر دەخەنە دینەوە.

**ناوەڕۆکی وتارەکان**

لەشێوازو جۆری ئەو وتارانەی کەمامۆستایان پێشکەشیدەکەن زەرەرمەندی یەکەم منداڵانن، هەر بۆیە بۆ چارەسەری ئەم بابەتە تەنها دوو رێگە هەیە.

یان دەبێت مامۆستایان ناوەڕۆکو شێوەو شێوازی وتارەکەیان بگۆڕن، یاخود دەبێت چیتر منداڵەکانمان لەگەڵ خۆماندا نەبەین بۆ مزگەوت، ئیتر نازانم مامۆستایان کامەیان پێباشە؟ نەک هەر ئەمە، بەڵکو گەورەکانیش گیرۆدەی جۆرێک لەشێواندنی فکریو عەقیدەییو سیاسی بوونەتەوە، چونکە هەر مامۆستایەک هەڵگری چ ئایدیاو لایەنگری چ لایەنێکی سیاسی بێت، ئەوە بەزەقی رەنگدەداتەوە، زۆرێک مامۆستایان لەرێگەی ئەو قسەو باسە شرکو ئەو باسە نەشیاو و دوور لەراستیانەوە نەک هەر جومعەکەی بۆ نانووسرێت، بەڵکو هەموو کردەوەکانیشی لەناو دەچێت، ئەوە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە هەیە باسی سۆفیەتو هەندێک باسی سەلەفییەتو هەندیک باسی لایەنێکو هەندیک تا ئەو رادەیەی بۆ لایەنێکی عەلمانیش بانگەشەو وەک جارانیش کەهەندیک لەمامۆستایان دوعایان بۆ سەید رەئیس سەدام حسین حەفیزە هوڵلایان دەکرد.

با لەگەورەکان بگەڕێینو باس لەمنداڵان بکەین، چونکە کاریگەرییەکان زۆرترن لەسەر منداڵ دەردەکەوێت، بنەمایەک هەیە دەڵێت: بۆهەر جیگایەک وتەیەک هەیەو بۆهەر وتەیەک جێگای خۆی هەیە.

بەڵام ئەوەی لەوتاری رۆژی هەینیدا رەچاوناکرێت، ئەم بنەمایە لەبەر ئەوەی وتاربێژ هەموو هەوڵێک دەدات تاکو زۆرترین کاریگەری لەسەر ئامادەبووانی دروستبکات، بەباسکردنی زۆر رووداو (ئەگەرچی لاواز لەروی راستی روداوەکەوە)، بەڵام شازو جێگەی سەرنجی ئامادەبووانە، باسدەکات تەنها بەمەبەستی کاریگەری دروستکردن لەسەر ئامادەبووان یاخود باسکردنی باسێک کە لەئاستی تێگەیشتن یان لەرووی تەمەنەوە نەگونجاوە بۆ منداڵان.

لەرووی دەروونناسیو دنیای پەروەردەدا هەروەها لەدینیشدا رەچاوی تەمەنو پلە بەپلەی دەکرێت لەدنیای راگەیاندنو نووسیندا، ئێستا رەچاوی تەمەن دەکرێت کەئەو بابەتە بۆ چ ئاستێک رێگەپێدراوە کەبیبینێت، بەڵام وتاربێژ وتارەکەی ئاراستەی گەورەکانە، هەموو بابەتێکی سیاسیو دینیو هەتا سێکسیش باسدەکات کە لەئاستی عەقلی منداڵاندا نییە، لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەوتاری هەینی لەئیسلامداو ئەوەشی لەنمونەی دوو وتارەکەی سەرەوەدا دەیبینین، تەنها بریتییە لەئامۆژگارییەکی گشتی نەک هەموو باسو خواسێک لەوێدا باسبکرێت.

بەڵام وتاربێژی واهەیە وتارەکەی ئەوەندە تێکەڵو پەرتەوازەییە مێشکی ساغو کامڵیش بۆی لێکنادرێتەوە، چ جای منداڵی داماو هەندێک بەمەنهەجێکی توندو هەندێکیتر بەشلڕەویو هەر وتاربێژەو ئەو خەڵکە بەو ئاراستەیەدا دەبات کەخۆی دەیەوێت، خۆ ئەگەر گەورەکانو رۆشنبیرەکان بەزەحمەت راست لەهەڵەو بەهێز لەلاوازو دروستکراو جیادەکەنەوە، ئەوا بۆ منداڵان شتێکی زۆر زەحمەتەو هەموو قسەکان وەک دینو راستی وەردەگرن.

جۆری وتارەکان زۆرجار بابەت گەلێکن لەئاست عەقلو تەمەنی منداڵدا نین، وەک دەڵێن لەباسکردنی باسی شەرعیدا شەرم نییە تارادەی باسکردنی سەرجێییو هەندێ بابەتی هەستیار، مامۆستای وتاربێژ بیریدەچێتەوە ئامادەبووان کێن لە چ ئاستێکی تەمەنو عەقڵیدان، پاشان دەپەڕێتەوە بۆ بابەتی کوشتنو بڕینو سزاو ترساندنو زۆرشتیتر کەدەبێتە شێواندنو پشێوی دەروونی لای منداڵ.

ئەم حاڵەتە بەسەر منداڵەکەی خۆمدا هات، شەوانە پێش خەوتن لەنوزەی گریانی منداڵەکەم راستدەبوومەوە، لێم دەپرسی بۆ دەگریت؟ دەیوت بابە کەمردین ... کۆمەڵە شتانێکی دەوت کە لەئاستی تەمەنی ئەودا نەبوونو پێویستی پێی نەبوو تا گێڕامانەوە دۆخی ئاسایی خۆی، زۆری ویست.

بەڵام ئەمە بۆ دایکو باوکێک کەسەر لەو شتانە دەرنەکەن، رەنگە کارەساتی لێبکەوێتەوە یاخود دژە بۆچوون کە لەم بارەشیانەوە هەر زەرەری بۆ داهاتووی بیروباوەڕی منداڵەکە هەیە.

**منداڵانو رۆژی هەینی**

دوای تەواوبوونی وتار کەدێتە دەرەوە دەکەوێت بەسەر کۆمەڵێک دیمەنی زۆر ناخۆشدا پڕ لەکارەساتو تراژیدیاو دیمەنی ترسێنەرو تۆقێنەر بەجۆرەها شێوە کەگەورە بەرگەی ناگرێتو کاریگەری دەروونی لەسەری دروستدەکات، ئەی منداڵ ؟ جۆرەها سواڵکەر هەریەکە بەهونەرێک دەیەوێت زۆرترین پارە وەربگرێت، جا ئەمەش پێویستی بەدۆزینەوەی رێگەیەکە کەزۆرترین بەزەییو سۆزی خەڵکەکە بۆ لای خۆی راکێشێ، بڕواناکەم کەس ئەو دیمەنانەی نەبینیبێت زۆربەی منداڵ بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێننو لەبەر گەرماو سەرمادا دەیانخەنە بەر پێی خەڵکی، هەروەها نەخۆشو پەکەوتەو سوتاو هەتا دوایی، کەئەمانە بێجگە لەوەی شڵەژانێکی دەرونی دروستدەکات، هەروەها دەستپانکردنەوەی منداڵی سواڵکەرو هەتا گەورەکانیش وادەکەن منداڵ کەگیانی لاساییکردنەوەی تیادایە ئەوکارە زۆر بەئاسایی وەربگرێتو لاساییبکەنەوە، ئەویش فێری دەستراگرتن بێت بۆ پارە، ئەمانە ئەو گرفتانەن کەگەورەکانو منداڵان رووبەڕووی دەبنەوە لەکاتی نوێژی هەینیدا، کەبێگومان ئەمانە هەمووی رێگەچارەی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە کەمامۆستایان وتارەکانیان کورتبکەنەوە وەک چۆن نوێژەکانیان کورتدەکەنەوە.

جۆری وتار گشتی بێتو رەچاوی سەرجەم تەمەنەکان بکرێتو دورخستنەوەی ئەو دیمەنانە لەمزگەوتو شوێنە گشتییەکان، لەرێگای گرتنەبەری میکانزمی جۆراو جۆرەوە لەلایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

بەگشتیکردنی وتاری هەینیو هەموو کەسێکیش نەکرێتە وتاربێژ بێ بینینی چەندین خولی تایبەت بەلایەنی دەروونیو کۆمەڵناسی بەمەبەستی سوود بینین لێی.

ئەگەر ئەمە نەکەن، ئەوا خەڵکی توشی فیتنەی نەهاتن بۆ نوێژ دەبنو ئۆباڵەکەشی بەئەستۆی ئێوەیەو خەڵکیش ناچاردەبن منداڵ نەهێنن لەگەڵ خۆیان بۆ نوێژی هەینی.

tahaahmads@yahoo.com



# جیهانبینی پەروەردە

فایەق سەعید
faiekk@hotmail.com

## لەنێوان باخچەکانو قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا

ئەگەر بازدان لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە بۆ گەورەکان کارێکی ئاسایی بێتو بگرە لەزۆر حاڵەتیشدا مایەی خۆشحاڵی گەورەکان بێت، بۆ نمونە بڕینی قۆناغی بەکالۆریۆس بۆ ماستەر یا بەرزبوونەوە لەپلەیەکی حیزبی یا دەوڵەتییەوە بۆ پلەیەکی بەرزتر، ئەوە بۆ منداڵو خوێندکارەکان لەدوو لاوە بەپێچەوانەوەیە. لەلایەک ئاستی گەشەسەندنی منداڵ وادەکات کەنەتوانێت درک بەداهاتوو بکاتو لەلایەکی دیکەشەوە نهێنییەکانی قۆناغی داهاتوو ترس لەو داهاتووە کە لەبنەڕەتدا پەیوەندی بەلایەنی یەکەمەوە هەیە، بارقورسییەکی دیکە بۆ منداڵان دروستدەکات. رەنگە بێهودە نەبێت بیریش لەوە بکەینەوە بۆ لەوڵاتە ئێسکەندەنافییەکاندا منداڵان لەحەوت ساڵان دەچنە قوتابخانەو لەهەندێک لەوڵاتە ئەوروپییەکاندا لەشەش ساڵانو هەندێکد جار لەجیهانی سێیەمدا لەپێنج ساڵانیشەوە.

ئەم رەوتە لەجیهاندا گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەوەی جیهانی رۆژئاوا لەئێمە جیادەکاتەوە ئەوەیە هەر گۆڕانکارییەک لەتەمەنی دەستپێکردنی قوتابخانەدا پشتی بەهەزارەها لێکۆڵینەوەی بەنرخ بەستووە. لەم نێوەندەدا ئاستی گەشەسەندنی مەعریفی منداڵان رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت. ئەم بابەتە، واتە ساڵی دەسپێکی قوتابخانە، لەچلەکانو پەنجاکاندا لەوڵاتە ئێسکەندەنافییەکانداو لەسیەکاندا لەوڵاتە ئەوروپییەکانو لەکۆتایی ١٨٠٠ کاندا لەئەمریکا جێگای مشتومڕی گەورەی پەروەردەناسو دەروونناسەکان بوو. ماوەیەکی زۆری پێچوو تا باخچەکان بوونە خاوەنی پلانی پەروەردەیی خۆیانو لەشێوەی قوتابخانەدا ئۆرگانیزە کران. جارێکی دیکەش لەزوربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم جیاوازییەکی گەورە لەنێوان مامۆستای باخچەکانو قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا هەیە. لەزۆر وڵاتدا مامۆستای باخچەکان هیچ مەرجێکی پەروەردەناسیان بەسەردا ناسەپێتو بریتین لەدەرچووانی قۆناغی ناوەندی یا ئامادەیی. ئەم جۆرە مامۆستایانەش، ئەگەر بشێت ناوی پەروەردەکاریان لێبنێین، لەبری ئەوەی کاری قوتابخانە بنەڕەتییەکان ئاسانبکەنەوە قورسیدەکەنەوە، چونکە بەهەمان فۆرمو شێوازی کارکردن کار ناکەنو ئیزافەیەکی زۆریان بۆ ئاستی گەشەسەندنی منداڵان نییە. بێگومان لێرەدا کەمتەرخەمییەکان رووبەڕووی تاک تاکی مامۆستاکان ناکەمەوە، بەڵکو هەموو کەمتەرخەمییەکانو خراپەکان لەئەستۆی سیستمی پەروەردەییو خوێندنی باڵای وڵاتدایە. لەلایەکی دیکەوە سیستمی کوردستان بەهەمان شێوەی مامۆستای قوتابخانە بنەڕەتییەکان بەرپرسیارێتی ناخاتە ئەستۆی مامۆستای باخچەکان، چونکە لەلایەک رەنگە ئەوان ئەو توانایەیان نەبێتو بەو کارە رانەهێنرابنو لەلایەکی دیکەشەوە سیستمی باخچەکان زۆر کرچو کاڵە.

تائێستاش گەورەکان بەو چاوەوە ناڕواننە منداڵەکان کەئەوان بۆ قوتابخانەو باخچەکان گرفتنو دەبێ ئەو گرفتەش چارەسەربکرێ، بەپێچەوانەوە خوێندکارەکان وای دەبینن کەخودی گەورەکان بوونەتە گرفت لەبەردەم گەشەسەندنی مەعریفی ئەوانداو ئەمەش بەلای منەوە فاکتە. من بڕوای تەواوم بەم پەرەدۆکسالە هەیەو ئەمەش وای کردووە لەروانگەی پەروەردەییەوە نەتوانین منداڵەکان بەڕێرەوێکی راستدا ببەین.

بەکورتی قوناغی باخچەکانو قوتابخانە بنەڕەتییەکان سەر بەدوو لقی پەروەردەیی جیاوازنو بۆ ئەوەی ئەم بازدانە بۆ منداڵەکان بەباشی بەڕێوەبچن، دەبێ پەروەردەناسەکان بەشێوەیەکی هارمۆنی ئەو دوو قۆناغە بەیەکەوە گرێبدەن. بەڵام بەداخەوە لەزۆر روانگەوە ئەم کارە لەکوردستان ناکرێتو تائێستاش هیچ بایەخێک بەقۆناغی باخچەکان نادرێت. لەسەرجەمی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا باخچەی ساوایان یارمەتیدەرێکی زۆر گەورەیە بۆ قوتابخانەکان، بۆ نمونە هەموو منداڵەکان ئاشنای سیستمی قوتابخانەکان دەکرێنو بەشێکیان فێری خوێندنەوەو ناسینی پیتەکانو ژماردن ...هتد دەبن. ئەگەر بەزمانی ڤیگۆجیسکیش قسەبکەین دەبێ ئەوە بڵێین ئەم قۆناغە بریتیە لەتاقیکردنەوەیەکی سۆسیۆکولتووریو گەشەسەندن تیایدا بریتیە لەئینتەرئەکسیۆنی نێوان مرۆڤەکان. نەبوونی ئەو ئینتەرئەکسیۆنەی نێوان مامۆستاکانو منداڵەکان، ئەو پرۆسە سۆسیۆکولتورییە کرچو کاڵ دەکاتەوە. لەم نێوەندەشدا زمان وەکو بەرهەمێکی کۆلەکتیڤ رۆڵێکی بەرچاو دەبینێت. بەرای پیاژێش باسکردنی دوو شت لەم نێوەندەدا گرنگن: هێماو سیمبۆل. هێماکان شتێکی کۆلەکتیڤنو هەموومان بەیەکەوە دروستیاندەکەین، بەڵام سیمبۆلەکان بەرهەمی شەخسی تاکەکانن. ئەوەی من سەرنجماداوە دروستکردنی سیمبۆل لەلای منداڵەکان بەشێوەیەکی گشتی پشتگوێخراوەو من پێم وایە ئەم پشتگوێخستنە بەهۆی کەمتەرخەمیەوە نییە، بەڵکو بەهۆی درک نەکردنە بەگرنگی دروستکردنی ئەو سیمبۆلانە. دروستکردنی سیمبۆل رۆڵێکی یەکجار سەرەکی لەگەشەسەندنی مەعریفی منداڵاندا دەگێڕێتو بنەمایەک بۆ گەشەسەندنی لایەنی دیکەش دەهێنێتە ئاراوە. لەبەر ئەوەی ئەم کارەش هەموو منداڵێک بەجیا لەوانی دیکەو بەتەنیا دروستیدەکات، بۆیە خولقاندنی ئەو کەشوهەوایەی کەمنداڵ تیایدا ئەو سیمبۆلانە دروستدەکات گرنگە، بەڵام تاچەند قوتابخانەکانو پەروەردەناسەکانی ئێمە ئەو کەشوهەوایەیان دروستکردووە؟ من هەندێکجار لەوە تێناگەم بۆ گەورەکان ئەو کەشوهەوایە بۆخۆیان دروستدەکەن، بەڵام بۆ ئەو بوارە بۆ منداڵەکان ناڕەخسێنن.

# عەدالەت دابەشکردنی پارە نییە

بەیان عەزیزی

عەدالەت ئەو چەمکە بونیادیو گرنگەیە کە لەسەرەتای مێژووی زانایی مرۆڤەوە شکڵی گرتووەو بارستاییەکی گەورەی لەفەلسەفە، سیاسەت، ئایین، ئەخلاقو فەلسەفەی کۆمەڵایەتی داگیرکردووە.

عەدالەت هاوکات لەگەڵ ئازادی، لەو باسە گرنگانەن کەبەشێکی هەرەزۆری خەباتی مرۆڤەکان لەسەرەتاوە تا ئێستا بۆ مسۆگەرکردنیان ئەنجامدراوە. هەزاران شۆڕش لەشوێنە جیاوازەکانی جیهاندا بۆ ئازادیو دارشتنی عەدالەت کراوە، سەدان شەڕی کەم ماوە یان درێژخایەن لەشوێنە جوگرافیاییە جیاوازەکاندا روویداوەو خوێنێکی زۆر لەوڵاتو لەسەر زەوییەکان شەپۆلی داوەتەوە.

ئەوەی جێی رامانە ئەم راستییەیە کەخودی چەمکی عەدالەت چەمکێکی نەگۆڕو وەستاو نییە، بەڵکو پێناسەکانی، داڕێژانو پۆلێنکاری، شێوەکانی بەدەستهێنانو هەروەها دابەشکردنیی لەکۆمەڵگادا لەسەردەمێکەوە بۆ زەمەنێکیتر گۆڕاوەو لەباری شوێنیشەوە پێناسەی جیای بۆ کراوە.

ئەگەر سەردەمێک گشت مانای عەدالەت دەگەڕایەوە بۆ دادگاییکردن لەنێوان دووکەسداو دانی حەق بەحەقدار، ئەمڕۆکە لەئاستێکی بەرزتردا بەمانای دابەشکردنی سامانو داراییو پارە لەلایەن حاکمو دەسەڵاتدارەوە بەسەر کۆمەڵگادا، ئەمڕۆکە عەدالەت پێناسەیەکی جیاوازی هەیە.

لەدوای شۆڕشی پیشەسازیو شۆڕشی ئەلەکترۆنیکی بەرووودانی شۆڕشی ئەنفۆرماتیکو بوونی جیهان بەگوندی پێوەندییەکان، پێناسەیەکی تازە لەزاناییو ئاگایی هاتە ئاراوە. خێراییەکی باوەڕ پێنەکراوو گەشەکردنێکی سەرسوڕهێنەر لەباری تەکنۆلۆژی زەینو کۆمپیوتەر روویدا. هاتنی ئامێرە مۆدێرنەکان وایکرد کەبچوکترین هەواڵەکان لەقیاسێکی جیهانیدا بڵاوببنەوە، هەروەها چەشنێکی تازە لەدەسەڵاتو خاوەن سامانو پارەبوونیش هاتەئاراوە. ئەوانەی کەبوونە سەرۆکی کۆمپانیا چەن نەتەوەییەکانو هێڵەکانی کۆنترۆڵکردنی ئابووریان دۆزیەوە، بوونە بەرپرسی بەخشینی زانیاری تایبەتو پۆلێنکراو لەکۆمەڵگەدا. هۆڵەکانی بۆرسەی جیهانی بۆ کڕینو فرۆشتنی نەوت، زێڕ، پۆڵا، کارخانەکانی دەرمان، فڕۆکەو ئامێری شەڕ، پۆشاک، بیناسازی و...هتد لەئەمریکاوە تا مالێزیا لەڤیێتنامەوە تا عێراقو ئەفریقای باشوور، لەژێر کۆنترۆڵی چینێکی تازەیە لەدەوڵەمەندەکان کە بەیارمەتی کۆمپیوتەرو هێڵی تەلەفونو میدیاکان پارەی نێو جیهان جێبەجێدەکەنو دەگوازنەوە. (دەیویدلەندێز) مێژووناسی بەناوبانگی ئابووری ئاماژە دەکات لەشۆڕشی پیشەسازیدا بەراوردی نێوان سامانی دەوڵەمەند بەهەژار ٧ بە ١ بووە. لەکۆتایی سەدەی بیستدا گەیشتە ٧٢ بە ١ ئەمڕۆکە ئەوە لەنێوان وڵاتێکی دەوڵەمەندو هەژاردا گەیشتووەتە ٤٠٠ بە ١و ئەم رەوتە رۆژ بەرۆژ زیاتردەبێت.


بەپێچەوانەی رابردوو، ئەمڕۆکە عەدالەت بەمانای دابەشکردنی پارەو سامان نییە. ئەمڕۆ عەدالەت بەمانای هاوبەشکردنی تاک یان جەماوەرە لەخەزێنەکانی دەسەڵاتدا. بەشێوەیەک کەئەندامانی کۆمەڵگا بتوانن بەشداربن لەداهات یان لەکۆنترۆڵی ئەو خەزێنانەدا کەتەنیا نەوتو ژێدەرەکانی نێو زەوی نییە، بەڵکو رەهەندیتر دەگرێتەوە وەک: رێکخراوەکان، میدیا گشتییەکان، ژێدەرەکانی زانستو ئاگایی.

لەکۆمەڵگە داخراوەکاندا ئەمە خودی دەسەڵاتە کە لەسەر چاوەکانی سامان بەهرە دەگرێتو خاوەنی تەواوی دەمارەکانی ژیانی ئابووری کۆمەڵگایە. لەوڵاتانی دیموکراتدا ئەگەر رێژەکە بەرانبەر نەبێت، بەڵام رێژەیەکی قبوڵکراو دانراوە بۆ بەشداریی جەماوەر لەئیدارەو کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی دەسەڵاتدا. بێ هۆ نییە کە (بێرتراند راسێل) لەسەر ئەو باوەڕەیە کەبەرابەریی دەسەڵات گرنگترە لەبەرابەریی پارەو عەدالەت، واتە رێگەدان بەخەڵک کەهەموو رێگاکانی پارە بەدەستهێنان بناسنو بتوانن کەڵکی لێوەربگرن. ئەوە گەورەترین مەترسی کۆمەڵگە بەزلهێزبوونی دەسەڵات لەپانتای نەتەوەییداو فەرامۆشکردنی نەتەوە لەلایەن چینی دەسەڵاتدارەوە دەزانێت.

بەگشتی دەکرێ بوترێت کەتەنانەت بڵاوکردنەوەی پارەو هەڵڕشتنی لەنێو خەڵکدا هەرگیز بەمانای عادلبوونو دابەشکردنی پارە نییە، چونکە ئەو پارەیە سەرفدەکرێت، بەڵام کەناڵو ژێدەری پارەکە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەستی بەسەرداگیراوە.

بێجگە لەوانە میدیاکانیش ئەمڕۆ بەیەکێک لەگرنگترین سەرچاوەکانی دەسەڵات دەناسرێن، چونکە خاوەنەکانی رۆژنامەو کەناڵە ناوخۆییو ئاسمانییەکانن کەرۆڵێکی بەرچاویان هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر بیری گشتی جەماوەردا. ئەوانن کەپێشاندەری ئەوەن کەخەڵکی بزانن یان نەزانن ئایا دەسەڵاتی حاکم بەسەر وڵاتەکەیان عەدالەت بەڕێوەدەباتو ئەوان هاوبەشدەکات لەکۆنترۆڵی پارەو ساماندا یان نا. ئەمڕۆ عەدالەت بەمانای گەڕیانی ئازادی زانیارییەکانە.

# زمـــــــانـــــــدرێـــــــژی



شوان سدیق

نێچیرڤان بارزانی لەئاوێنەدا دەڵێت پارتی پاشگەزنابێتەوە لەیاسای رۆژنامەگەری، چونکە سەرۆک بارزانی خۆی واژۆی لەسەری کردووە، واتە بێ هیچ گومانێک "پارتی بەنیاز نییە پاشەکشەبکات لەیاسای رۆژنامەگەری". ئەم لێدوانەی نێچیرڤان بارزانی رەنگە لەدیدی ئەوەوە بڕوانین، رۆشنایەکی تێدابێت کەپاڵپشتیکردن بێ لەو یاسایەو ئازادی رۆژنامەگەری، بێگومان ئەگەر هاتوو ئەو یاسایەش بەشێوەیەکی گشتی کاری پێ بکرێت، ئومێدێکی لێ چاوەڕواندەکرێت، کەزیاتر لەوەی ئێستا کەهەیە ئازادیو وەدەستخستنی زانیاری کەیەکێکە لەکێشەکانی رۆژنامەنووسان ئەو کۆتە چارەسەربکرێت.

بەڵام بەپێچەوانەی نێچیرڤان بارزانی سەرکردەیەکی تری پارتی کەپۆستی ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەیە بۆ aknewes "پارتی دەتوانێ زۆر رێگەی نایاسایی بگرێتەبەر، بەڵام ئەوە ناکاتو ناگەڕێتەوە بۆ دواوە، دەبێ یاسا مافی هەموو لایەک بپارێزێت، هەموو سزایەکیش بەپێی زماندرێژی ئەوانە، بۆیە ئەگەر زمانیان کورتبکەنەوە، ئێمەیش داوای سزای کەمدەکەین".

لێدوانی ئەو بەرپرسەی پارتی لەدوای ئەوە دێت گوایە پارتی سکاڵایەکی دژ بەرۆژنامەی ئاوێنە تۆمارکردووە، کەداوای "٥٠٠" ملیۆن دینار دەکات. سکاڵایەکی لەم شێوەیەش بۆ رۆژنامەگەری کوردی شتێکی نامۆیە، چونکە بەپێی مادەی ٩ لەیاسای رۆژنامەگەری، زۆرترین داوا سزاکەی ٢٠ ملیۆن دینارە.

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی پارتی ئەوەی بەئاشکرا راگەیاندووە، کەپارتی بەپێی زماندرێژی رۆژنامەنووسان هەڵسوکەوت دەکات، سەرەڕای ئەوەی داوای یاساییان تۆمارکردووە، پێدەچێت ئەو راگەیاندنانەی بەئاوازی ئەوان نەخوێنن، لەمەولا هەرچی بڵێن پارتی بەزماندرێژیان بزانێت، بەڵام خۆیان لەبیریانچووە، ساڵانێکە مینبەری راگەیاندنی حیزب ئەوەی لەدەرەوەی ئەدەبیاتی نووسینو گوتاری رۆشنبیری کوردی کەجێگای نەفرەت بووە، لەرێگای مینبەری راگەیاندنەکانی ئەوانەوە بەگوێی بینەرو خوێنەری کورددا دراوە.

جا خێرە ئەمڕۆ لەبەرانبەر هەر رەخنەیەک خەڵک بەزمان زبر بزانن، مەگەر هەموومان نازانین راگەیاندنی حیزب خۆی داهێنەری زمانێکی تایبەت بووە!.

بێگومان رەخنەگرتن ناشیرینکردنی دەسەڵات یان حیزب نییە، چونکە رەخنەی کورد لەخۆی بەرهەمی خەمێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی ناوخۆییە کەهەموو کۆمەڵگایەکی زیندوو پێشکەوتوو رەخنەی هەیەو دەبێ لەهەناوی خۆیدا هەڵی بگرێت، بەئامانجی ئەوەی کەرێز لەبۆچوونی جیاواز بگیرێو رێگا لەخراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتو دۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو بگیردرێت، لەبەرانبەر ئەو کێشانەی کەئەم کۆمەڵگایە بەدەستییەوە دەناڵێنێت. بەمەش رەخنەی رۆژنامەنووسو رۆشنبیران هەڵقوڵاوی ناخی تاک بەتاکی کۆمەڵگەیە.

بەڵام لێدوانی ئەو بەرپرسەی پارتی بەو شێوەیە ئەگەر کەسێکی ئاسایی بێ پۆستو پایە بیکردایە، رەنگە بەئیعتیبار وەرنەگیرایە، بەڵام کاتێک بەرپرسێکی دیاری حیزبێک بەتایبەتی لێدوانێکی وا دەدات، ئەمە خۆی لەخۆیدا جێگای هەڵوێستەو دەکرێت بەسەرەتای لێدانی زەنگێک لەزەنگەکانی تری مەترسی داری ناوبنێین بەڕووی ئازادییەکانی چاپ و بڵاوکراوەو وتارە دەربڕینەکان. چونکە ناکرێت حیزبێک کەخاوەنی بەشێکی زۆری پۆستی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی بێ لەوڵاتدا لەبەرانبەر رەخنەی رۆژنامەنووسان بیرکردنەوەیەکی وایان هەبێت.

بێگومان هەموو کەسێک یان هەر حیزبێک بێت، ئەگەر ناوی بهێنرێت بەگەندەڵ یان بەساختەکاری لەهەڵبژاردنو زۆرشتیتر، ئەو حیزبە ئەگەر خۆی بەپاکژ بزانێ، ئازادە لەوەی کەچۆن لەرێگای یاساوە مافی خۆی وەربگرێت، بەڵام ئەو جۆرە داوایانە من نازانم تاچەندە رەوایە، بەڵام بەقسەکانی ئەو سەرکردەیەی پارتی دەردەکەوێت، تەنیا مەبەستی ئەوان بۆ زمان کورتکردنەوەی رۆژنامەنووسانە، ئەمەش بەبڕوای چاودێران تەنیا ئامانج بەرتەسکردنەوەی ئازادییەکانی رۆژنامەگەرییە.

باشتر وایە لەکاتێکی زوودا چارەسەرێک بۆ ئەو مەسەلەیە بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی هیچ حیزبێک بۆی نەبێت بەئارەزووی خۆی یاری بەو فەزایەوە بکات کەئێستا هەنگاوێک بەرەو ئازادی زیاتردەچێت، هەروەها رێگایەکیش بۆ کاری هەموو ئەو ماڵپەرو گۆڤارو رۆژنامانە دابنرێت کە لەبن باڵو گیرفانی ئەم لاو لاوە دەردەچەن، یان لەژێر ناوی سەربەخۆییاندا خزمەت بەرەوتو گروپی ئیسلامی یاخود حیزبە ناسیۆنالیستەکان دەکەنو بەئاشکرا دژایەتی لایەنێکی تریان گرتووەتە بەر، بۆ ئەمەش ئەرکو کاری رۆژنامەنووسو راگەیاندکار دیارییبکرێت.

shwansdiq@yahoo.com

# پەنجا سەرنج لەسەر پەرلەمانی بێ خەمان

یوسف حمەکریم

واشەش مانگ بەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تێدەپەڕێتو نزیکەی ٩٠ رۆژیشە ئەو ئەندامانە سوێندیانخواردووە کەکار بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بکەنو رێگری لەتورکیاو ئێران نەکەن کەسنوورەکانی عێراق تۆپبارانو بۆردوومان بکەن، ٩٠ رۆژە سوێندیانخواردووە لەپێناو ئەوەی ئابووری عێراق، سەروەتو سامانی ئەم وڵاتە کەزۆربەی نەوتە، بەقاچاغ لەباشوورو ناوەڕاستو باکورەوە هەناردەی دەرەوە بکەن، ٩٠ رۆژە کەسوێندیانخواردووە کەحکومەت پێکنەهێننو دیموکراسی لەعێراق لەباربەن، هەر٣٢٥ پەرلەمانتارەکە بەزمانی عەرەبیو کوردی سوێندیانخوارد ئەگەر رۆژانە لەعێراق ٣٢٥ماڵ پرسەیان تێبکەوێت ئەمان یەک پرسە نەگێڕن، لەکۆبوونەوە ١٧ خولەکییەکەدا کە لە١٤-٦-٢٠١٠ بەسترا، سوێندیانخوارد ئەگەر ٣٢ملیۆن هاووڵاتییەکەی عێراق چاوەڕێی ئەمانبن، ئەوا ئەمان تەنها چاوەڕێی ٣٢ ملیۆن دینارەکەی خۆیان بن کەمانگانە وەریدەگرن.

دوای پێنج مانگ لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پەنجا سەرنجم هەیە بۆبەڕێزتان.

١- ئێوە لەیەکەم کۆبوونەوە سوێندتانخوارد پارێزگاری لەدەستوور بکەن، بەڵام پێش کۆبوونەوەکە دەستوورتان پێشێلکرد.

٢- ئێوە سوێندتانخوارد دژی گەندەڵی بن، بەڵام بەپێی هەموو پێوەرەکانی گەندەڵی ئێوە ژینگەی گەندەڵیتان پێکهێنا.

٣- بڕیاربوو ئێوە حکومەت پێکبهێنن، بەڵام ئێوە چاوەڕێی پێکهاتنی حکومەتن.

٤- بڕیاربوو ئێوە بودجەی ساڵانە بۆ حکومەت دیارییبکەن، بەڵام حکومەت بودجە بۆ ئێوە دیاریدەکات.

٥- بۆ یەکەم جار لەعێراق هاووڵاتییان راستەخۆ ئێوەیان هەڵبژارد، بەڵام ئێوە راستەوخۆ بەگوێی حیزب دەکەن.

٦- ئێوە سوێندتانخوارد رێگەنەدەن وڵاتان دەست وەربدەنە ناوخۆی عێراق، بەڵام ئێوە بەپێی خۆتان چوونە وڵاتان بۆ کۆبوونەوە.

٧- ئێوە سوێندتانخوارد بەرژەوەندی گشتی بپارێزن، بەڵام بەرژەوەندی تایبەتیتان پێشخست.

٨- بەپێی دەستوور ئێوە داڕێژەری یاساکانن، بەڵام پێنج مانگە چاوەڕێی دادگای فیدراڵی دەکەن بڕیار لەسەر مادەی ٧٦ بداتو کێشەکانتان چارەسەربکات.

٩- بڕیاربوو ئێوە کێشە هەڵپەسێردراوەکان چارەسەربکەن، بەڵام ئێوە بوونەتە کێشەیەکو بەئەنجومەنی ئاسایشیش چارەسەر ناکرێن.

١٠- بڕیاربوو ئێوە زۆربەی کاتەکانتان لەپەرلەمان بن، بەڵام ئێوە هەمیشە لەماڵەوەن.

١١- ئێوە بەڵێنتاندا بودجە شەفاف بکەن بۆهاووڵاتییان، بەڵام ئێوە تەنها بودجەی خۆتان بەلاوە گرنگبوو.

١٢- ئێوە بەڵێنتاندا دژی تائیفییەت بن، بەڵام ئێوە بەبانگەشەکردن بۆ تائیفییەت یەکتری تۆمەتباردەکەن.

١٣- ئێوە سوێندەکەتان بۆ پابەندبوون نەبوو، بەڵکو تەنها بۆ دەستبەکاربوون بوو.

١٤- ئێوە سوێندتانخوارد نەهێڵن نەوتی ئەم وڵاتە بەفیڕۆ بڕوات، بەڵام رێگریتان نەکرد لەبەقاچاخ بردنی.

١٥- ئێوە نەک حکومەتتان پێکنەهێنا، بەڵکو ئەوەش کەهەبوو کردتان بەحکومەتی بەڕێکردنی کارەکان.

١٦- ئێوە بڕیاربوو سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران هەڵبژێرن، بەڵام تائێستا نەتانتوانیوە سەرۆکێک بۆ خۆتان هەڵبژێرن.

١٧- بڕیاربوو ئەو رێککەوتنە نێودەوڵەتییانەی کەحکومەت ئەنجامیاندەدا، ئێوە پەسندی بکەن، بەڵام ئێوە تائێستا رێکنەکەوتوون.

١٨- ئێوە بەڵێنتاندا پشووەکانی پەرلەمان بکەنە وەرزی یاسادانان، بەڵام ئێوە وەرزی یاسادانانتان کردە پشوو، دەبێت پشووەکان بکەن بەچی؟

١٩- بڕیاربوو ئێوە لێپرسینەوە لەوەزیرەکان بکەن، بەڵام هاووڵاتی وەزیری لەکارەکەی لابرد (وەزیری کارەبای عێراق)، بەڵام ئێوە لێپرسینەوەکەتان لەگەڵ یەک فەرمانبەریش نەکرد.

٢٠- ئێوە لەمنداڵدانی دیموکراسییەوە لەدایکبوون، بەڵام ئێوە پشتتان کردە دیموکراسی واخەریکە دیکتاتۆرییەت بەرهەمدێت.

٢١- بڕیاربوو ئێوە کێشەکانی ئێمە راستگۆیانە بگەیەننە دەسەڵات، بەڵام ئێوە هەر رۆژەو بەجۆرێک لێدوان لەسەر کێشەکانی دەسەڵات دەدەن بۆ ئێمە.

٢٢- بڕیاربوو ئێوە بەشێوەیەکی شەفافانە لەڕێی ئەنجومەنی راژەوە دەرچووەکانی زانکۆو پەیمانگە دابمەزرێن، بەڵام ئێوە تەنها خۆتان دامەزراند .

٢٣- ئێوە وتتان هاووڵاتی ئەم وڵاتە میحنەتی زۆری بینیوە دەبێت شەڕی (کات)ی بۆبکەین تاکو خزمەتێکی باشی بکەین، بەڵام ئێوە ئێستا (کات)تان تەنها بۆ موچەکانتان بیردەکەوێتەوە.

٢٤- لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا ئێوە وتتان کاتی ئەوەهاتووە وڵات ئاوەدانبکەینەوە، بەڵام خۆتان پێش هەموو کەس وڵاتتان بەجێهێشتووە.

٢٥- ئێوە خاوەن دەسەڵاتنو بەپێی دەستوور هەریەکێکتان نوێنەرایەتی ١٠٠٠٠٠ هاووڵاتی دەکات، بەڵام لەتەنها یەک هاووڵاتیش خەمساردترن.

٢٦- ئێوە وتتان نیگەرانییەکانی ئێوە دەکەین بەهەڵوێست، بەڵام ئێوە ئێستا هەڵوێستەکانی خۆتان کردووە بەقوربانیی بارودۆخی سیاسیو تەنانەت نیگەرانیشتان نییە.

٢٧- ئێوە دەنگی گەلن، بەڵام بێدەنگترین چینی ئەم گەلەن.

٢٨- بڕیاربوو ئێوە خەمەکانی ئێمە لەکۆڵبگرن، بەڵام ئێوە بوونەتە خەمو میللەت لەکۆڵی گرتوون.

٢٩- بڕیاربوو ئێوە بۆشایی دەستووری پڕبکەنەوەو عێراق لەم قەیرانە رزگاربکەن، بەڵام ئێوە تەنها گیرفانی خۆتان پڕکردەوە.

٣٠- بڕیاربوو ئێوە پەرلەمان کارا بکەن، بەڵام ئێوە لەکارتانخست.

٣١- بڕیاربوو ئێوە چاودێری دەسەڵات بکەن، بەڵام دەسەڵات چارەنووسی کۆبوونەوەکانی ئێوە دیاریدەکات.

٣٢- ئێوە وتتان کێشەکانتان بۆ چارەسەردەکەین، بەڵام تائێستا خۆتان کێشەکانی خۆتان چارەسەرنەکردووە.

٣٣- ئێوە وتتان لەهەرشوێنێکی ئەم وڵاتە پێشێلکاری هەبوو وەک بۆردومانو تەقینەوەو بەقاچاخبردنی نەوت ئێوە ئامادەبن لەو شوێنە، بەڵام ئێوە تەنها لەستودیۆی دەزگاکانی راگەیاندن ئامادەبوونتان هەیە.

٣٤- بڕیاربوو ئێوە تەنها نوێنەری دەنگدەران بن، بەڵام ئێوە باشترین نوێنەری وڵاتانن.

٣٥- ئێوە بەڵێنتاندا موچەکانتان بۆ هاووڵاتییان بێت، بەڵام موچەی هەریەکێکتان بەقەد ژمارەی هەموو دانیشتووانی عێراقەو ٣٢ ملیۆن دینارە.

٣٦- ئێوە وتان دژی نایەکسانیو دادپەروەری ٣٢ ملیۆن جار دەست بەرزدەکەینەوە، بەڵام تائێستا یەکجار دەستتان بەرزکردووەتەوە ئەویش دژی یەکسانی بوو، بەرانبەر بەو ئەرکەش ٩٦ ملیۆن دینارتان وەرگرتووە.

٣٧- ئێوە ١٤٢٥٦٠ خولەک بەسەر دەستبەکاربوونتاندا تێدەپەڕێت، بەڵام تائێستا بۆ کەمتر لە ١٧خولەک کۆبوونەتەوە.

٣٨- ئێوە بەمەسجی مۆبایل بەڵێنتان بەئێمەدا، بەڵام ئێوە ئێستا هیڵەکان دەگۆڕن، بەپاسەوانەکانتان وەڵاممانەدەنەوە.

٣٩- هەموو ستوونی کارەبای ئەم وڵاتەتان بەوێنەی خۆتان رازاندەوە، بەڵام نەتانتوانی یەک ئەمپێر کارەبا زیادبکەن.

٤٠- لەهەر شوێنێک کۆبوونەوە هەبوایە ئێوە لەوێبوون، بەڵام ئێستا دژی کۆبوونەوەن تەنانەت لەگەڵ خۆشتان.

٤١- ئێوە بۆ ئەوەی دەنگمان بەرن دەسەڵاتتان کرد بەدوژمنمان، بەڵام ئێستا هەمووتان شەڕی دەسەڵات دەکەنو کەستان نایەوێت لەبەرەی ئۆپۆزیسیۆندا بێت.

٤٢ – ئێوە هەمووتان وەک یەک بیردەکەنەوە یان هەمووتان کۆدەبنەوە، یاخود هەمووتان کۆنابنەوە، کەواتە ئێوە نین.

٤٣- هاوشێوەکانی ئێوە لەوڵاتان نەخشەی سیاسیی لەوڵات دادەڕێژن، ئێوە تائێستا نازانن نەخشەی بینای پەرلەمان چۆنە.

٤٤- ئێمە ئێوەمان دڵخۆشکرد، بەڵام ئێوە ئێمەتان رەشبینکرد.

٤٥- ئێمە هەموومان چاوەڕێی ئێوەین، رێکبکەون، بەڵام ئێوە چاوەڕێی عەلاویو مالیکی دەکەن.

٤٦- تازە ئێوە نوێنەری ئێمەن بۆ چوار ساڵ، بەڵام ئێمە موڵکی ئێوە نین.

٤٧- ئێمە بەئەرکو مافی خۆمانمان زانی هەڵتانبژێرین، بەڵام ئێوە نە ئەرکو نە مافی خۆتان دەزانن.

٤٨- ئێوە دەبوو نەوەستانایەو بە بەردەوامی یاساتان پەسند بکردایە، بەڵام ئێوە بەدانیشتنتان یاسا پێشێلدەکەن.


٤٩- ئێوە کۆبوونەوە ناو دەنێن دانیشتن، دانیشتنیش ناو دەنێن "کراوە".

٥٠- ئێوە بەنیو دانیشتن ٩٦ ملیۆن دینارتان وەرگرت، بەڵام دەبێت بۆ خانەنشینی کە بەیەکجاری دادەنیشن چەند وەربگرن.

usf_da@yahoo.com

www.destur.net

# چوارسەد ساڵ شێتی



ئا: ئازاد بەهین

دۆن کیشۆتی ئیسپانیایی‌و هاملێتی ئینگلیزی دوو کەسایەتی ئەدەبی، دوو شێت یان دوو عاقڵ کەوەک شێت دێنە بەرچاو لەهاتنی مرۆڤی مۆدێرن ئاگاداریانکردینەوە. ئەمە کارێکی رێکەوتی نییە، لەبەر ئەوەی سروانتس‌و شکسپێر نووسەرانی ئەم دوو بەرهەمە، بەنواندنی کەسایەتییەکانی چیرۆکەکانیان شتێکیان دەربڕی، کەبووە هۆی لایەنی جیاوازی سەدەکانی دواتر، واتە بوونی مۆدێرنیتە‌و روانگەی تەشەر ئامێزانە بەبوون‌و جیهان، واتە شیاوی قبوڵبوونی هەڵە، واتە ئەوەی کەبتوانی خۆت‌و دیتران وەدەستبخەی، گومان بکەی، شکست بخۆی یان بەزمانێکیتر خاڵە لاوازەکانی مرۆڤ دەستنیشانبکەی.

پەیوەندی سیمبۆلیکی شێتی‌و مۆدێرنیتە لەکوێ دایە؟ بۆچی دەبێ مرۆڤی مۆدێرن بەشێت دابندرێ؟

هەمیشە کاتێک شکاندنی سنوورەکان‌و پەیمانە ئاساییەکان دێتە پێش، شێت یەکەمین سفەتە کە بەزەینی ئێمە دەگات‌و ئەمە هەر ئەوەیە کەسروانتس بەردەوام نیشانماندەدات.

ئەو هۆی سەرەکی شێتیی دۆن کیشۆت لەخوێندنەوەی کتێبە رەزمییەکاندا دەبینێ. دۆن کیشۆت ئەوەندە دەچەسپێ بەشوالییەی کتێبەکان کەپەیوەندی خۆی لەگەڵ خۆیدا لەدەستدەدات. شوالییەی کتێبەکان رێی ژیانی پێ نیشاندەدەن. ئەو پیاوێکیتر بەناوی دۆن کیشۆت دەخولقێنێ‌و تەنانەت ناوێکی خوازراویش لەئەسپەکەی دەنێ. بەم روخسارە نوێیەوە ژنێکی جوان لەپووچی‌و تەنیایی رزگاردەکات‌و ژنەی گیرۆدەی عەشقی خۆی دەکات.

دۆن کیشۆت خۆی لەزۆربێژییەکانیدا دەدۆزێتەوەو خوێنەری ئەو خۆی لەودا دەبینێتەوەو بەمجۆرەیە کەگۆڕانێکی گەورە ئاشکرادەبێت. وەک ئەوەی بڵێی لەناکاو نێونجێکی دێو ئاسا لەنێوان دۆن کیشۆت‌و جیهانی دەوروبەریدا دێتە گۆڕێ‌و نێونجی دێو ئاسا ئەو نییە، مەگەر زمان. زمان‌و هێزی بێ وێنەی بۆ بیچمپێدان بەوەی کەروودەدا. زمان ئەوەندە گەورە دەبێتەوە کەهەندێ جار دێتە جێی راستییەکان‌و بەمجۆرەیە کەدۆن کیشۆت (یەکەم مرۆڤی مۆدێرن) دەبێتە ماکو بوونێکی فەرهەنگی.

شێتیی هاملێت هەروەک نواندنێک وایە لەدیمەنی شانۆدا. جیهان سنایۆریستێکە کەئەو دروستیدەکات‌و لەگەڵ ئەوە کەراستییە فەرهەنگییەکان هێزو توان دەگرن‌و بەرەو لایەکی تری دەبات، ئەو جێیەی کەحەقیقەت بەبۆنەی لەدایکبوونی گومان، وردەوردە دەڕوشێ.

بەم پێیە دۆن کیشۆت‌و هاملێت دەمانخەنە رووبەڕووی مرۆڤێک کە لەجیاتی ئەوەی بیر لەراستییەکان بکاتەوەو راستییەکان کەڵکەڵەی زەینی بێ، زۆرتر گیرۆدەی سازکردنەوەی فەرهەنگە.

ئەمڕۆ جێ پێی ئەم دوو کەسایەتییە ئەدەبییە لەهەموو باسە فەرهەنگی-ئەدەبییەکاندا دەبیندرێن. بەڵام نابێ لەبیربکرێ کەلێرەدا قسە لەسەر کاریگەری دۆن کیشۆت لەسەر مرۆڤی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو قسەی من کاریگەری دۆن کیشۆتە لەسەر فەرهەنگێک کەمرۆڤی ئەمڕۆ شەیدایەتی. ئێمە ناتوانین تۆمەتی شێتی بخەینە پاڵ مرۆڤی ئەمڕۆیی، لەبەرئەوەی کەشێتیی دۆن کیشۆت، ئەمڕۆ بەشێکی جیانەبووە لەژیانی مرۆڤی مۆدێرن، مرۆڤێک کەنەتەنیا گومان لەراستی خەیاڵی دەکات، بەڵکو هەموو بوون دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەمڕۆ ئەگەر گەیشتن بەوێنەگەلێک لەراستییەکان زۆرترە تا گەیشتن بەخودی راستییەکان. ئێمە ئیتر کارێکمان بەسەر ئەوە نییە کە لەدەوروبەرماندا روودەدا.

مرۆڤی ئەمڕۆ وەکو دۆن کیشۆت دەکەوێتە گومانەوە، بەڵام لەنێوان "من" و "جیهانی من"دا، لەنێوان بکەرو ئەوەی روودەدات لایەنێکی ناهاوڕێژە بەدی ناکات. لەراستیدا ئەوە روانگەی ئەوە کەبووەتە هۆی رەگی هەموو خاڵە هاوبەشەکان‌و تەنزی مۆدێرنی ئەمڕۆی لێ دروستدەکات‌و لەکۆتاییدا دەبێ بەهاملێتێک کەگومان لەهەموو ئەو پێداویستییانە دەکات کەهەن.

بۆ تێگەیشتنی مرۆڤی ئەمڕۆ دەبێ لەکەناڵی گومانی سیستەماتێک، واتە گومانی دێکارتی (یەکەم فەیلەسووفی مۆدێرن) و هەروەها لەکەناڵی تەنزو گاڵتە تێپەڕین. سروانتس لەگەڵ کەسایەتی یەکەمی چیرۆکەکەیدا گاڵتەدەکات، وەک ناهاوڕێژە، سەیرو سەمەرو بەلاڕێدا چوو لەپەیمانە ئاساییەکان دەینوێنێ. زۆرێک لەنووسەرانی هاوچەرخیش وەک کەرەستەیەک بۆ پێناسەی مرۆڤی نوێ کەڵکیان لەتەنز وەرگرتووە. گرگۆر سامسا لەو دەستە نووسەرانەیە بۆ بەدەستهێنانی وێنەی مرۆڤی مۆدێرن کەڵکی لەکەرەستەی تەنز وەرگرتووە. ئەم مرۆڤە بۆ زاڵبوون بەسەر بەپەلەیی‌و خێرایەتی خۆیدا، ئاوڕ لەخۆی دەداتەوە تا زاڵ بێ بەسەر منداڵێتیدا. کەواتە رێگە بەگومان‌و پێکەنین بەخۆی دەدات. راستی شیاوی راڤەو لێکدانەوە جێ دێڵێ، چونکە پڕە لە نادیاری‌و ئاڵۆزێتی‌و بەمجۆرە دەچێتە ناو بوارێکی ئاڵۆزترەوە. ئەنجامی ئەم گومان‌و دوودڵییە، مەرگی پاڵەوانییەکانە. کۆتایی بەشێکی بەباوەڕە کەمرۆڤ بەخاوەنی هێزی کردە دەزانێ.

گومان‌و دوودڵی هێزێکی وێرانکەرە. رێک هەر بەم هۆیەیە کەهاملێت دەبێتە تۆڵەسەنەری شکست خواردو و دۆن کیشۆت دەبێتە کاریکاتۆرێک لەشوالییە. مرۆڤی مۆدێرن لەم دوو کەسایەتییەدا دووبارە خۆی دەدۆزێتەوە. مرۆڤێک کە بەرێگای خۆیدا دەڕوات بەهەنگاوێک بۆ پێشەوەو دوو هەنگاو بۆ دواوە، هەر دەڵێی بەدەستی خۆی، گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێ‌و هەر دەڵێی ئێمە لەم رستەیەی سروانتسدا پوختدەبینەوە لەو جێیەی کەدەڵێ "ئێمە لەدەرگایەکی هەڵەوە هاتووینەتە جیهانەوە." راستی ئیتر برەوی نەماوەو فەرهەنگ تەنیا بواری گونجاوە. بەڵام لەهەمان کاتدا ئێمە چاودێری ئەو مرۆڤانەین کە لەراستییەکاندا نوقمبوون. بۆ دوورەپەرێزی لەوشەکان‌و چەمکە کۆنەکان لەوانە رەنج، باوەڕ یان بەختکردنی ژیان بۆ گەیشتن بەشتێک یان بۆ عەشقی مردن (ئێمە رەشبین بووین سەبارەت بەدلێرییە قارەمانییەکان. وا دەنوێنێ ئەم چەشنە هەڵوێستگرتنە سنوورەکانی عەقلی بەزاندبێ).

رەوتی بەرەوپێشچوونی مۆدێرنیتە بەمانای بەکەڵکو کاریگەربوونی هەموو شتێک نییە. ئێمە ئەمڕۆ دەزانین کەئەوەی ناومان ناوە "تەنزی سیستماتیک"، ماشێنی ئەهریمەنی سیفەتێکە کەئیتر لەخزمەت ئێمەدا نییە، ئەگەر چەرخەکانی بسوڕێنین، ئیتر ناتوانین رایگرین‌و بیوەستێنینەوە. تەنزو گاڵتە دەرگاگەلێکی مەزنیان بەسەر مرۆڤی مۆدێرندا کردووەتەوە، بەڵام بارێکی مەزنتری پێ بووەو ئەویش گومان‌و ناباوەڕی‌و فەلەج بوونە، واتە هەر ئەو شتە کەرێلکە لەنامەکانیدا شاعیرای گەنجی ئاگادارکردووەتەوە.

چیرۆکی هەشت پێی تەنیای ژاپۆن لەدوای شەڕەوە، چیرۆکی مرۆڤی ئەمڕۆیە. هەشت پێی تەنیا لەئاکواریمی لەبیرکراودا دەژی. هیچ کەس ئاوڕێکی لێ ناداتەوە. هیچ کەس خۆراکی پێ نادات. تەنیا برسێتییە کەروخساری پێ نیشاندەدات. کەواتە لەبرسان دەستدەکات بەخواردنی شاخەکانی خۆی. هەر رۆژە شاخکێک دەخوات تا لەئاکامدا، بەتەواوی تێدا دەچێ. ئەو لەزۆر روانگەوە شاراوەیە، بەڵام بەردەوام لەئاکواریمدا بەشێوەی بوونێکی نەبیراو و برسی بوونی هەیە. لەروانگەی منەوە (مرۆڤی ئەمڕۆ) ئەم برسییە نەمرە هەر ئەو هەشت پێیەیە کەبۆ خۆی، خۆی دەخوات‌و تێری ناناسێ. ئامادەبوونی هیچ‌و نەبینراوەو ئاڵۆزکاو پەرێشانەو لێرەدایە کە لەخۆمان دەپرسین ئاخۆ ئارەزووی مرۆڤی هاوچەرخ کەدەیەوێ لەهەر شتێک فەرهەنگێک دروست بکات، چارەنووسی ئەو هەشت پێیە نییە؟ هەروەها دەپرسین ئەگەر ئێمە هەر ئەو رێیە بگرینەبەر کەدۆن کیشۆت پێیداچوو، واتە وتووێژی خۆمان لەگەڵ خۆمان، ئاخۆ لەهەوساری پچڕاوێتیدا ئێمە چەمکەکان خەوشدار ناکەین؟ شێتی ئەو، واتە عەقڵی بەرزی مرۆیی؟

بۆ دۆزینەوەی وەڵامێک بەم سەرگەردانییە، وتەی ئێکۆ دێنمە گۆڕێ‌و دەڵێم رەنگە ئەو "رۆحی لەدەستداوە"؟ رەنگە کاتی دووبارە هەڵسەنگاندنی کات، یان لانیکەم بردنە ژێر پرسیاری ئەوەی لە ١٦٠٠دا دۆزینەوەیەکی گەورە بوو، هاتبێت کە لەچوارسەد ساڵی لەدایکبوونیدا بتواندرێ هاوار بکرێ "بژی دۆن کیشۆت! هەتا چوارسەد ساڵیتر بژی دۆن کیشۆت!"

بەڵام پێم وایە ئێمە هاوکات دەبێ رۆحی پاکی لەبیرکراوی دووبارە زیندووبکەینەوە، ئاشە بابیە پتەو کۆنەکان. لەبیرمان نەچێ ئاشەکان هەن یان کێ دەزانێ؟ ئاخۆ ئەوان بەراستی هەن؟

دەبێ دانی پێدا بنێم کەمن گومانم لەبوونیان هەیە (هەڵبەت جیا لەبوونیان لەوڵاتی هۆڵەندا) ئەو جێیەی کەئاشە بابیەکان بەکەرەستەی زەینەتیی فەرهەنگی کەمبوونەتەوە.

# قۆپیە

خۆزە ئێدمۆند پاس سۆلدان
و: مستەفا فاتح

**خۆزە ئێدمۆند پاس سۆلدان (Jose Edmundo Paz Soldan) چیرۆکنووس‌و رۆماننووسی خەڵکی بۆلیوی. ساڵی ١٩٦٧ لەدایکبووە. ٧ رۆمان‌و سێ کۆمەڵە چیرۆکی هەیە. بەرهەمەکانی بۆ بەشێکی زۆر لەزمانە زیندووەکانی دونیا وەرگێڕدراوەتەوە.**

وایسەر حەوت ساڵی تەمەن بوو زانی لەقوتابخانە بێزارە، بڕیاری دا ئیتر نەڕوات بۆ قوتابخانە، بەڵام وەک هەموو کات بەیانیان لەخەو هەڵدەستا بۆ ئەوەی بەگوێی دایکی بکات کەدوای مەرگی باوک، وایسەر تەنها منداڵی بنەماڵەو هەموو دڵخۆشی دایکی بوو. جلی قوتابخانەی لەبەردەکردو دەڕۆیشت بۆ قوتابخانە. نیوەڕۆ کەدەگەڕایەوە زۆر بەگەرمی باسی لەوانەکان‌و قوتابخانەو تاقیکردنەوەکان دەکرد. هەندێ جاریش بۆ ئەوەی بتوانێت درێژە بەفێڵەکەی بدات، نووسراوەکانی مامۆستاکانی دەهێنا کە لەسەری نووسرابوو زۆر باشە.

هەندێ جار هاوپۆلییەکانی پێشتری دەهێنایە ماڵەوە بەوەی کەئێواران پێکەوە بن وەک ئەوەی یارمەتی بدەن لەخوێندنەکانیدا. دایکی باوەڕی پێی بوو، هەر بۆیە هیچکات سەردانی قوتابخانەی نەکرد بەوەی بزانێ وانەکانی چۆنەو گومانی نەکرد بەوەی بۆچی ئیتر کۆبوونەوەی دایکان‌و باوکان بەڕێوە ناچێت بەوەی ئەو تێیدا بەشداریبکات. هەموو مانگێک پارەی مانگانەی قوتابخانەی دەدا بەکوڕەکەی بەوەی بەجێگەی ئەو کەزۆر سەرقاڵە، بیبات‌و بیخاتە بانکەوە، ئیتر دایکیشی ئەزیەت نەدەبوو.

ئەم شتە هەر بەردەوامبوو تا ئەوەی کەکاتی رێورەسمی کۆتایی خوێندن هات. ئەو رۆژە پشت ئێشەیەکی وەهای گرت کەنەیتوانی لەقەرەوێڵەکەی بێتە خوارەوە. دایکیشی کەتا رادەیەک نیگەران ببوو، خوشحاڵ بوو بەوەی ناڕواتە رێورەسمەکەو هیچکام لەمامۆستاو قەشەکان نابینێت کەقوتابخانەیان بەڕێوەدەبردو دایکو باوکی منداڵەکانیش نابینێت.

رۆژی دواتر وایسەر بڕوانامەی ساختەکراوی شەشی ئامادەیی هینایەوە ماڵەوە، نەیتوانی بەر بەگریانەکەی بگرێت بەوەی کەکوڕەکەی سەلماندویەتی زەحمەتەکانی دایکی بەهەدەر نەداوە. کوڕەکەی رۆیشتە زانکۆ، وایسەر بەدایکی وت کەدەیەوێ ببێت بەدکتۆرو شەش ساڵی رەبەق کاری تاقەت پڕووکینی لەپێشە.

بەڵام ئەو ساڵانەی لەپێشیدا بوون بەهیچ شێوەیەک دژوار نەبوو و بەیارمەتی ساختەکاری‌و قۆپیەکردن زۆر باش دەڕۆیشتنە پێش. هەڵبەت رێکخستنی رۆژی تەواوکردنی زانکۆ زۆر ئاسان نەبوو. ناچاربوو چل‌و سێ کەس لەهاوڕێکانی بێنێت‌و وەک هاوپۆلی میوانداریان بکات‌و شازدە هونەرمەند بێنێت بەوەی کەڕۆڵی لێژنەی هەڵسەنگاندن‌و مامۆستاکان بگێڕن‌و ناوەندی کۆبوونەوەکانی شاری بەکرێ گرت‌و رێک هاوکات لەگەڵ رێورەسمی زانکۆ لەهۆڵی کۆبوونەوەکانی زانکۆ، رێورەسمی کۆتاییهێنان بەخوێندنی خۆی بەڕێوەبرد، دایکی وایسەری لەباوەش کردو گریا.

دواتر عیادەی کردەوەو بوو بەدکتۆرو هەموو رۆژێک لەکاتژمێر ٣ بۆ ٧ی ئێوارە نەخۆشییە درۆینە بەکرێگیراوەکانی دەرمان دەکرد بۆ ئەوەی دایکی کەهەندێ جار بێ ئاگاداری ئەو سەردانی عیادەکەی دەکرد، گومان نەکات. بەمەشەوە لای وانەبوو کارێکی خراپ دەکات‌و کاتی خۆی بەهەدەر دەدات.

عیادەکەی رەنگو بۆیەکی باشی هەبوو و ئەو تابلۆیەی کەئابڕووی ئەوی دەکڕیەوە، وای دەکرد فێڵەکەی دەرنەکەوێت. لەم کڵاونانە سەرە پارەیەکی باشیشی دەستکەوت.

نۆ ساڵ دواتر هەڵەیەکی گەورەی کرد. دایکی هاتە عیادەکەی‌و پێی وت سەری زۆر دێشێت‌و هاواری بوو لەسەر ئازاری سەر. چاوی لێکردو پێی وت سەرئێشەیەکی سادەیەو زۆر زوو چاکدەبێت‌و هیچ مەترسییەکی نییە. دوو مانگ دواتر دایکی مرد. پزیشکی یاسایی هۆی مەرگەکەی بۆ کیسێک گێڕایەوە کە لەمێشکیدا بووەو کاتی خۆی دەرمان نەکراوە. ئەگینا دەرمانی ئاسان بوو. کوڕەکەی خۆی بەتاوانبار نەدەزانی. کەچاوی لەرابردووی دەکردو دەگەڕایەوە بۆ تەمەنی حەوت ساڵی بەو ئەنجامە دەگەیشت هەمووی هەڵەی دایکی بووە، ئەگەر وانەبوایە ئەم مەرگە رووی نەدەدا، کەوایە کەس تاوانبار نییە جگە لەدایکی.



# دەربارەی فیلمی بابل








سووسەن ئەبوبەکر

ڕەنگە بکرێت فیلمی بابل لەدەرهێنانی، دەرهێنەری مارکسیستو دژە ئیمپریالیستی مەکسیکی "گۆنزالس ئایناریتۆ" کەساڵی ٢٠٠٦ بەرهەمهاتووە، بەیەکێک لەو بەرهەمانە بزانرێت کە بەفیلمی دژە جەنگ دەناسرێن.

بونیادشکێنیو تێکدانی ڕەوتی هێڵی کاتو گێڕانەوە، ئێستا بووە بەرەوتێکی باو لەسینەمادا. ئەو شتەی کە لانیکەم "ئالخاندرۆ گۆنزالس ئایناریتۆ" دەرهێنەری ناوداری مەکسیکی بەباشترین شێوە کەڵکی لێوەردەگرێ. ئەم جۆرە گێڕانەوە تایبەتە بەتایبەت لەشێوەی وێنەهەڵگرتندا (لەسەر دەستو بەلەرینەوەی کەم) میزانسو دیکۆپاژ بەتەواوەتی لەخزمەتی ڕیالیسمی نوێی بەرهەمەکانی ئەودان، دەکرێ بەبیرهێنەرەوەی جۆرێ مۆدێرنێتی سینەمایی بێت، کەهەڵگری بیروباوەڕیی سینەماییو هەستەکانی ئایناریتۆین. کامیراکەی هاوکات لەگەڵ پەرچەکرداره ئاڵۆزە فیکرییەکان، لەگەڵ بارە هەستە دەروونیو فیکرییەکان، دۆخێکی تایبەت دەگرێتەوە. ئەم جۆرە فیلمە خاڵی بەرانبەری سینەمای کلاسیکەو لێرەدا چەمکی نەخۆشی سینەمایی بەکاردەهێنمو چەمکی نەخۆشی ئەو چەمکە نییە، کەهەموو گرنگی بابەتەکە بێت. فیلمی (٢١ گرام) نمونەی دیاری ئەم جۆرە سینەمایەیەو هەڵبەت دواتر فیلمی "بابل" درێژەدەری ئەم ڕەوتەیەو بەڵگەیە بۆ ئەم قسەیە. وەها سینەمایەکی بونیادشکێن لەرابردوویەکی نزیکیشدا دووبارەبووەتەوە. بۆ وێنە "پالپ فیکشەن" بەرهەمی "تارانتینۆ"، "مەمنتۆ" بەرهەمی کریستۆفێر نۆلانو دوو فیلمی دیکە لەدەرهێنانی خودی "ئایناریتۆ" وەک "٢١ گرام" و "ئامووروس پرۆس" نمونەی ئەوچەشنە فیلمانەن. تایبەتمەندی سینەمای "ئایناریتۆ" کەهەڵبەت زۆر جوان جێکەوتووە، فریودانی بینەرە لەرێگای مۆنتاژو پێکەوەهێنانی چەن چیرۆکە بەشێوەیەکی هاوتەریبو یەکتربڕ. ئەم هاوتەریبیو یەکتربڕبوونی چیرۆکانە پاڕادۆکسێکە کە "ئاریناریتۆ" بەشێوەیەکی لێهاتووانە لەفیلمەکانیدا گونجاندنی پێکەوەو ئوستادە لەم کارەدا. وەک وترا، ئەم فۆڕمو ستایلە تەنها ئەوە نییە حەزی دەرهێنەر بخاتەڕوو، بەڵکو بەتەواوی لەخزمەت دەوڵەمەندکردنی بەرهەمەکەو توێ توێ کردنی کەسایەتییەکانی دەرهێنەرەکەدایە. هەر بۆیە دەکرێ کۆمەڵێک ناوی جیاواز بخەینە پاڵ بەرهەمەکانی ئایناریتۆو لەروانگەی جیاوازەوە لێکۆڵینەوەیان بۆ بکرێت. بۆ وێنە دەربارەی فیلمی بابل، دەکرێ بڵێین فیلمێکی کۆمەڵایەتی، دەروونناسی، سیاسی، فەلسەفی، یان کۆمەڵێک لەم شتانە دەبینینو لەگەڵ وەها فیلمێکدا ڕووبەڕووین. بەڵام ئاخۆ ئەمە هەموو کارەکەیە؟ بەڕاست بابل چییە؟ سینەمای ئایناریتۆ چ جۆرە سینەمایەکە؟

ڕەنگە بکرێت بڵێین فیلمەکە بەراوردکردنی چەند کلتووری جیاوازە لەچەند کیشوەرێکی ئەم گۆی زەوییەدا. ئایناریتۆ دەیەوێ کێشەی کیشوەرە جیاوازەکان لەبەرهەمێکدا بخاتەڕوو بۆ ئەوەی منو تۆی بینەری فیلمەکانی، بزانین لەفلانە وڵاتی ڕۆژهەڵات کێشەو گرفتی توندی کۆمەڵایەتیو نۆرمەکان بوونی هەیە، هەرچەن لامان وایە ئەم وڵاتە هەر چی بێت وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتییە، بەهادان بەمەعنەوییات (مینۆکی بوون) دەبێ بەهۆی ئەوەی بەر بەسەرهەڵدانی گرفتی کۆمەڵایەتی-کلتووری. ئەو وڵاتەی بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵ کلتووری خێڵەکییدا ژیاوە. ئایین لەم وڵاتەدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە، بەڵام بەها کۆمەڵایەتیو ئەخلاقییەکان خەریکن لەدەستدەچن. ڕەنگە وادەرکەوێتو لامان وابێت ئایناریتۆ دەیەوێ کەموکوڕییەکانی ئەم وڵاتە عەرەبییانەمان نیشانبدات. ئەو شوێنەی کەهێشتا مرۆڤەکان بەشێوەی سەرەتایی دەژینو سەرەتاییترین ژیانیان هەیەو نان زۆر کەمە، بەڵام باوەڕ فراوانە. ڕەنگە لامان وابێت دەرهێنەر لەبۆسەدایە بەوەی کۆمەڵگەیەکی وەک مەکسیک کە لەکیشوەرێکی تری دونیادایە بەوێنا بکێشێتو بڵێت "ئەمە وڵاتی منە، ئەمەیە مەکسیک. پڕ لەمرۆڤی گەورەو بچوک، پڕ لەدەوڵەمەندو هەژار، پڕ لەهەژاری، بەڵام پڕ لەهەستو سۆز. لەم وڵاتەدا جلو بەرگەکان بەوایەرەکانی کارەبادا هەڵدەواسن، ئەو شوێنەی سەماکردن لەسەر شەقامەکان لەگەڵ چەند گیتارژەنێکدا ئەو پەڕی خۆشیو شادیکردنەو زۆرترین گرفتەکان بەفەرامۆشی دەسپێردرێو لەبیریدەکات.

تەکسییەکان زۆر زیاتر لەوەی کەدەبێت کەس سوار بکەن، کەس سوار دەکەنو کەس گرنگی بەجلپۆشینی خۆی نادات. بەهەموو ئەمانەشەوە خەڵک ڕێز لەشۆڕشگێڕێکی وەک زاپاتا دەگرن. وەها روانینێک بۆ فیلمی بابل هەر چەن لەخۆیدا هەڵە نییە، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین هەموو فیلمەکە نییە. بابل گلەییکردنە. جۆرێک دەربڕینی سینەماییەو وەستانەوەیە دژ بەسیستمی بۆرژوازیو سەرمایەداری، ئەو سیستمەی کەئەمریکا بەپێشەنگی دەزانێ.

بۆرژوازیو ئیمپریالیس بونیادێکی لەرزۆکیان هەیە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم خەسار هەڵگربوونە، پێویستی بە بەکارهێنانی زۆرو سازدانی گروپە ترسناکو شاراوەکانە. کەوایە ئیمپریالیسم دەبێ بەهۆی میلیتاریزو سیستمی سەربازیو ئەم سیستمە بەتەواوی دژ بە بەها دروستە مرۆڤایەتییەکانە. ئەو بەهایانەی لەناو بنەماڵەوە دەستپێدەکەن. ئەم بەها ئەخلاقیو کۆمەڵایەتییانە، جێگایەکی تایبەتیان هەیە لەبابلدا. هەموو ئەکتەرەکان سەرقاڵی تایبەتمەندییە ئینسانییەکانن لەچوارچێوەی بنەماڵەو خێزاندا. گەشتیارو توریستە ئەمریکاییەکان لەمەغریب (مەراکش) بنەماڵەو خێزانێکن. ئەو کوڕانەی تەقە لەپاسی گەشتیارەکان دەکەن، لەدڵی ئەم بنەماڵە عەرەبەدان. کچەی کەڕولاڵی ژاپۆنی بەتەواوەتی گرێدراوی باوکو دایکی لەدەستچوو و کۆچکردوویەتی. دایەنی منداڵەکان بۆ بەشداریکردن لەرێورەسمی زەواجی کوڕەکەی تووشی زۆر کۆسپو لەمپەرو کێشە دەبێتەوە. ئەم بەهادانو سەرنجدان بە بەها کۆمەڵایەتیو ئەخلاقییەکان، دەبێت بەهۆی ئەوەی تەنها لەروانگەیەکی سیاسییەوە تەماشای فیلمەکە نەکەینو فیلمەکە ببێت بەدرامایەکی جوانو جێگای ستایش کە لەناو چیرۆکەکاندا خۆی جێکردووەتەوەو چیرۆکەکان سەرنجی بینەر ڕادەکێشن تا ئاستی کەمەن کێشبوونو دەستبەردار نەبوون لەفیلمەکە.

وتمان بۆرژوازیو سەرمایەداری ئاخێزگەی میلیتاریزمو سیستمی سەربازییە. سەرنجبدەن بەو جەغزە داخراوەی کە بەبابل وێناکراوە: ئەمریکا چەکو چۆڵ بەرهەمدەهێنێ، ژاپۆنییەک دەیکڕێت، عەرەبێکی مەغریبی چەکەکە بەپێشکەشی وەردەگرێتو بەهەمان ئەو چەکە تەقە لەئەمریکاییەک دەکرێت. مانای ئەم جەغزە چییە؟ بۆرژوازی دەستدرێژی دەکاتە سەر هەموو دونیاو دونیا وەڵامی ئەم دەستدرێژییەی بۆرژوازی دەداتەوە.

ئەمە هەموو پەیامو مەسێجی فیلمەکە نییە. ئەمە تەنها کێشەیەک نییە کە لەنێوان سیستمە نێونەتەوەییەکاندا ببێت. لەفیلمەکەدا کلتووری ڕۆژهەڵاتی، کلتووری داڕێژراو لەسەر بنەمای ئایینی عەرەبو کلتووری ئەمریکای لاتین بەجوانی دەبینینو ئەمە تەنها بەراوردکردنێکی سادە نییە. ئایناریتۆ دەیەوێ بەجوانی ئەم دیاردانە لێکبداتەوە. ئەو نایەوێ بڵێت عەرەبو مەکسیکی پێکەوە جیاوازنو مەکسیکی وەک ژاپۆنی ناچێت. هەموومان ئەم شتە دەزانین. ئەم جیاوازیانە ناتوانن لەسینەمای مۆدێرنی ئەمڕۆدا ببن بەناوەڕۆکی سەرەکی فیلمێک. لەرابردوودا لەسینەمای کلاسیکدا ڕەنگە ئەمە گونجاو بووبێت، بەڵام لەسینەمای مۆدێرنی ئەمڕۆدا ئەمە شتێکی تازە نییەو سینەماو هونەری ئەمڕۆیی بەشوێن شتە تازەو نەدۆزراوەکانەوەیە. ئایناریتۆ دەیەوێ ئیتۆلۆژی (ئاییناسی) لێکبداتەوە. ئەو دەیەوێ هۆکاری ئەم جیاوازییە کلتووری، کۆمەڵایەتییانە بداتە بەر ڕەخنەو لێکیانبداتەوە. بەلای ئەوەوە "بۆچی ئەم شتە وایە" نەک "ئەوەی ئەم شتە هەیە. ئەو دەیەوێ بزانێت لەکۆتاییشدا ئێمە تێبگەین پەنابردن بۆ باوەڕو ژیانی سەرەتایی لەناو عەرەبەکاندا، پشێوی کۆمەڵایەتیو تێکچوونی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لەوڵاتێکی پێشکەوتووی وەک ژاپۆن کەکلتوورێکی دەوڵەمەندی ڕۆژهەڵاتی هەیەو هەموو کەموکوڕییە کلتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتییەکانی ئەمریکای لاتین (کەدراوسێی ئەمریکایە وەک سیمبۆلو نوێنەری ئیمپریالیسم) بەهۆی بوونی دەسەڵاتی بۆرژوازیو ئیمپریالیستییەوەیە کەهەموو هەوڵی ئەوەیە هەژمۆنی خۆی بەسەر دونیادا داسەپێنێت. لەو شوێنەی کەخەڵک بەدژواری نانی شەوی خۆیان بەدەستدێنین تەقە لەئەمریکییەک دەکرێت، پۆلیس بەخراپترین شێوە سووکایەتی بەخەڵکی هەژارو فەقیر دەکات، بنەماڵەیەک هەڵدەوەشێتەوەو لەو سەری دونیاوە پۆلیس باس لەپرسی ترۆریسمو ئاڵوگۆڕی چەک لەژاپۆن دەکات. هەموو ئەمانە لەبەر ئەوەیە کەسێکی ئەمریکی (گەشتیارێکی ئەمریکی) برینداربووە، بەڵام گرنگ نییە لەئەفریقا لەهەر چرکەیەکدا چەندین کەس لەبرساندا دەمرێت، لەژاپۆن چەندین کەس بوون بەقوربانی تەقینەوەی ناوەکی لەهیرۆشیماو لەئەمریکای لاتین تووشبوون بەمادەسڕکەرەکان، لەشفرۆشیو ئابووری تێکڕماوی ئەو وڵاتانە، کەبەرژوەندییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بۆرژوازیو سەرمایەداری چ کێشەو گرفتێکی سازکردووە.

ئایناریتۆ پێمان دەڵێت ئەو کارەی کەتەنها کایەیەکی منداڵانە بوو لەلایەن ئەمریکاوە بە "تیرۆریسم" ناوی لێبراو هەموو جیهان بەتیرۆریسم تاوانبارکران، مەگەر ئەوەی پێچەوانەکەی دەرکەوێت. بەڵام هەموو کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەمریکا، جۆرێ بەرگری لەئەمریکا دەناسرێت. دەرهێنەر بەم فیلمەی بەشێوەیەکی توندی سیاسی چووەتە شەڕی ئەمریکاوە. ئەو شەڕەی کە بەتەواوی شەڕێکی ڕووناکبیرانەیە.

بابل فیلمێکی تەواوە. هەستی تێدایە، فەلسەفەی تێدایە، نیگەرانە لەپێکدادانو بەریەککەوتنی شارستانییەتەکانو پێی ناخۆشە مرۆڤ لەم دونیا گەورە پڕحەشیمەتەدا تەنهایە. فیلم ڕەخنەیەکی توندە لەسیستمی دەسەڵاتو فیلمەکە ئەمەیەو جگە لەمە هیچیتر نییە. دەرهێنەری ئەم فیلمە کلتووری ڕۆژهەڵات بەکچێکی کەڕولاڵ دەچوێنێت. ئەو بوونەوەرەی کەجوانی، تەنهایەو زۆر پیرۆزە، بەڵام بەتەواوەی پێویستی بەوەیە ڕێزی لێبگیردرێ. بەشێوەیەک کەتەنانەت ئامادەیە لەگەڵ هەر کەسێکی بەسەرەو بەرەو هیچو پووچدا سێکس بکاتو لەشی خۆی بخاتە بەردەمی. هەندێ لەرەخنەگران لایان وایە زۆر باسی لەژاپۆنو کلتووری ژاپۆنی کردووەو هەندێ شتی زیادییە کەدەکرێت لاببرێت بێ ئەوەی هەست بەهیچ کەموکوڕییەک بکرێت لەفیلمەکەدا. بەڵام ئاخۆ بەڕاست وایە؟ ئەگەر وابێت دەکرێ ناوی فیلمەکە بنێین "بابل"؟

بۆچی دەرهێنەر ئەم ناوەی بۆ فیلمەکەی هەڵبژاردووە. ئەم فیلمە ڕاگەیاندنێکە کەتێیدا ڕەخنە لەرووبەڕووبوونەوەو بەریەککەوتنی ئەو شارستانییەتانە دەگرێت کە لەفیلمەکەدا ئاماژەیان پێدراوە. ئەو شارستانییەتانەی بەستێنو ئاخێزگەیەکیان هەیە. ئەو شارستانییەتانەی سەرەتایەکی هاوبەشیان هەیەو ئەو مرۆڤانەی لەشوێنێکەوە هاتوونەتەوە ئەم جیهانە. بابل یەکێکە لەیەکەم شارستانییەتەکانی سەر ئەم گۆی زەوییە. ئەو کاتەی کیشوەرەکانی بوونو مانایەکی سیاسییان نەبوو. سنوورەکان لەسەر خاک یان کاغەز نەکێشرابوونەوەو هەموو مرۆڤەکان یەک کلتووریان هەبوو و یەک کلتووریان دەزانی، کلتوورێکی دروست یان هەڵە بەڵام پەسندکراو لەلایەن بابلەوە. ئەو کلتوورە یەکدەستە ئێستا لەت لەتو پارچە پارچە بووەتەوەو ئێستا ئیتر هیچ شوێنێک نییە لەسەر گۆی زەوی بۆ ژیان بشێت، مەگەر ئەوەی هەر کەسێک لەهەر هەلومەرجێکدا چاوپۆشی بکات لەهەندێ لەمافەکانی هۆی. بابل ناڕازییە بەوەی ئەو شارستانییەتە یەکدەستە بووە بەقوربانی، بەڵام لەبەرانبەردا چی بەمرۆڤایەتی بەخشراوەو مرۆڤایەتی ئێستا چی هەیە لەبەرانبەر ئەو کلتوورە یەکدەستەدا؟ ئەوەی لەبەرانبەر ئەو کلتوورەدا ماوەتەوە ئەوەیە ڕێژەیەکی یەکجار کەم لەخەڵکی دونیا لەئاسایشو خۆشگوزەرانیدا بژیو زۆربەی زۆری خەڵک لەهەژارییدا ژیان بەسەر ببەنو ئەمنییەتیان نەبێت؟

کەڵکەڵەی سەرەکیو بابەتی سەرەکی فیلمەکە ئەمەیە. فیلمەکە ئەوەندە بەتوندی ڕەخنە لەبۆرژوازیو دەسەڵاتی ئیمپریالیستی دەگرێت، بەڕێوەبەرانی خەڵاتی ئۆسکار (کە بەخەڵاتێکی بۆرژوا پەسند ناوی دەرکردووە) زۆر بەئاسانی چاویان لەم فیلمە نوقاندو ئەم بەرهەمەی گۆنزالس خەڵاتی ئۆسکاری پێنەبەخشراو لەبەرانبەردا سکۆرسیزی کەئەویش دەرهێنەرێکی مارکسیستی دژە ئەمپریالیستییە خەڵاتی ئۆسکاری بردەوە، هەر چەن فیلمەکەی سکۆرسیزیش دژە ئیمپریالیستییە، بەڵام لەبەر ئەوەی وەک ئەم فیلمەی گۆنزالس توند ڕەخنە لەئیمپریالیسمو بۆرژوازی ناگرێت، بۆیە لەناو خراپو خراپتردا لەدیدی ئۆسکاری بۆرژوا پەسندەوە خراپ هەڵبژێردرا. هەر چەن زۆر کەس لایان وایە ئۆسکارو خەڵاتی ئۆسکار پێوەری سەرەکی نین بۆ گرنگیدانو بەراوردکردنی بەهێزی بەرهەمێکی سینەمایی.



دوو شیعری خورخە لۆئیس بۆرخس
و: مەحەممەد هاشمی

جیایی

سێسەر شەوان وەک سێسەر دیوار
لەنێوان منو دڵدارەکەمدایە
دەریاش وەک سیحرێک لەنێوانمان
هیچ نامێنێتەوە جگە لەبیرەوەریی
ئاخخخ دوا نیوەڕۆکانی دوای ئازار
شەوانی هیوای چاوەڕوانیت
مەزراکانی ناو ڕێ
ئەو ئاسمانەی کەدەیبینینو هەر دەم ونی دەکەین
ڕێگا ڕزگارییە مەڕمەڕییەکان
نەبوونی تو ....... لەدوای نیوەڕۆکانی دواتردا، غەمبارم
دەکات

کەتیبەی گۆڕ

بۆ.. ئیزیدۆرۆ سۆئاریز*
بوێرییەکانی شاخەکانی "ئاند"ی تێپەڕاند
لەشەڕ لەگەڵ کوێستانو سپاکاندا
شمشێرەکەی خووی بەنەترسی گرتبوو
لەبیابانی "خونەین"
شەڕەکەی تەواو کرد
و
خوێنی "ئیسپانیایی"
بوو بەنۆشی گیانی سەرنێزەی "پرۆییەکان."
نامەی کرداری خۆی
توند وەک شمشێری جەنگ نووسی.
شانازی دوورخستنەوەی هەڵبژارد
ئێستا مشتێک ئاوارەییەو شانازی

* باوکی دایکی بۆرخسو شەڕکەرێکی بەتوانا بووە کەرۆژی ٦ی ئابی ١٨٢٤ بەرپرسی دەستەیەک لەنیزامییەکان بوو لەکوێستانەکانی خونەین لەپێرۆ

دەستوور
خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرۆکی ئەنجومەن: ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811
جێگری سەرنووسەر: وریا حەمەتاهیر
سکرتێری نووسین: شۆڕش خالید
بەڕێوەبەری هونەریی: لوقمان عومەر

## وەرن بۆ چەلاوی چێشکە

# فاتە رەشو گاپەل گەنجانی هەولێر سەرسامدەکات

ڕێبوار جەلال

لەگەڵ ئەوەی ئێستا لەمانگی رەمەزانداین، بەڵام شەوانە تا نزیکەی بەرەبەیان گەنجانی هەولێر لەیەکێک لەشەقامو بازاڕە کۆنەکانی ئەم شارە بەدوای فاتە رەشدا دەگەڕێنو چێژێکی تایبەتی لێوەردەگرن.

بازاڕی تەعجیل یەکێکە لەبازاڕە کۆنەکانی هەولێرو شەوانە تا نزیکەی ٣ی بەرەبەیان جمەی دێت، سەرجەم چینو توێژەکانی ئەم شارە سەردانی دەکەن، لەوانە: پارێزگار، بەرپرسانی حیزبی، بازرگانەکان، پیاو ماقولانی شارو گەنجان.

گەنجان کە شەوانە لەکاتژمێر یانزەی شەو تا سێی بەیانی لەم بازاڕە دەمێننەوەو کات بەسەردەبەن، بەردەوامو زۆربەیان داوای فاتە رەش دەکەن.

لەم جادەو بازاڕە کۆنو بەناوبانگەی هەولێردا جگە لەگەنجو پیاوی بەتەمەنو رەگەزی نێر، هیچ کەسێک نابینرێت لەڕەگەزی مێ، بەڵام فاتە رەش لەم بازاڕەدا زۆر بەناوبانگە، بەردەوام خەڵک باسیدەکات، لەگەڵ ئەوەشدا نە کەس کچێکی رەش دەبینێت، نە ئەسمەرو خوێن گەرم، نە کەسیش دەبینرێت ناوی فاتمە بێت.

تایبەتمەندییەکانی ئەو بازاڕە لەوەدایە شوێنی فرۆشتنی گۆشتی باڵندە کێوییەکانی وەک ریشۆڵە، چۆلەکە، سوێسکە، کەو، گاپەل، کۆتری زاجل، قەتێ سوێسکە، پۆڕ و لەناویشیاندا فاتە رەشو... هتد.

فاتە رەش جۆرە خواردنێکی تایبەتەو بۆ کەمخوێنی باشەو زۆرجار پزیشکەکان ئامۆژگاریی ئەو کەسانە دەکەن، کە خوێنیان کەمە، فاتە رەش بخۆن، بەڵام ئەوان لەجیاتی فاتە رەش دەڵێن "سپڵ".

کڕیارەکانی ئەم بازاڕە کەسانی تایبەتمەندن، لەگەڵ فاتە رەشدا ئەو جۆرە باڵندانە دەخۆن، کە لەم شەقامە بچوکەی بازاڕی تەعجیلدا دەفرۆشرێن.

بەپێی گێڕانەوەکانی خەڵکی شار، سەرەتا لەگەڕەکەکانی سیداوە، تەیراوە، خانەقاو تەعجیل ئەم جۆرە باڵندانە دەفرۆشران، بەڵام مێژووی دروستبوونی ئەم بازاڕە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە کوڕەکانی شهاب ئەحمەدو خاڵیان (سەید عەبود) کە هەڵسان بەدانانی خواردنگە لەساڵی ١٩٤٠.



وەستا ئەحمەد کە پیشەی فرۆشتنی گۆشتی باڵندەی لەکۆنەوە بۆ ماوەتەوە، دەڵێت "سەرەتا بەفرۆشتنی چەلاوی گۆشتی چۆلەکەو ریشۆڵە دەستمانپێکردووە، بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٩١ەوە باڵندەی تری کێویی وەک سوێسکە، کەو، گاپەلو کۆتری زاجل هاتووەتە ئەم بازاڕەوەو لەخواردنگەکاندا هەیە، وتی "رەواجێکی زۆرباشی هەیە".

وەستا ئەحمەد باس لەوەدەکات تەنیا گۆڕانکارییەک لەبازاڕەکەدا روویدابێت کەمبوونەوەی "گاپەل"ە، کەپێشتر لەشاخەکاندا راودەکران، یاخود لەباشورەوە دەهێنران.

وەستا یونس مەعروف کە لەساڵی ١٩٩١ەوە سەرقاڵی ئەم کارەیە، سەبارەت بەچۆنیەتیی ئامادەکردنی، دەڵێت سەرەتا لەماڵەوە چاکدەکرێتو دواتر لەخواردنگەدا لێدەنرێت، بەڵام ئامادەکردنی زەحمەتە، نزیکەی چوار تا پێنج کاتژمێری پێویستە بۆ کوڵان.

وەستا یونس دەڵێت خواردنەکەیان کڕیاری تایبەتیی خۆی هەیە، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە گۆشتی مەسلەحە ناخۆنو حەزیان لەگۆشتی خۆماڵیو باڵندە کێوییەکانە. وتی "ئەم بازاڕە تایبەتە بەشاری هەولێرو لەهیچ شوێنێکی تر نییە".

بارزان عەبدولواحید یەکێک لەهۆگرانی ئەمجۆرە خواردنانە، کە بەبەردەوامی سەردانی ئەو بازاڕە دەکات، وتی "ئەم خواردنانە زۆر نایابەو تامو چێژێکی زۆر خۆشی هەیە".

پێشکەوتنەکانی ژیان کردنەوەی چێشتخانە پێنج ئەستێرەییەکانو تەنانەت ئەنفلۆنزای باڵندەش نەیانتوانی ئەم بازاڕە کزبکەن.





